یاسر حارب

# پێڵاوەکەت دانێ

**ماهر حەسەن**
کردوویە بە کوردی

**پاولۆ کۆیلۆ**
پێشەکیی بۆ نووسیوە



پێڵاوەکەت دانێ

**یاسر حارب**

# پێڵاوەکەت دانێ

**پاولۆ کۆیلۆ**

پێشەکیی بۆ نووسیوە

**ماهر حەسەن**

کردوویە بە کوردی

| | |
| --- | --- |
| **ناونیشان:** | پێڵاوەکەت دانێ |
| **نووسەر:** | یاسر حارب |
| **وەرگێڕ:** | ماهر حەسەن |
| **بەرگ:** | ئازا یووسف |
| **تابلۆ:** | ڕەوەند جەعفەر |
| **وەشان:** | یەکەم: ٢٠١٧ |


مافی ئەم بەرهەمە بۆ وەرگێڕ پارێزراوە و بەخۆڕایی بڵاو کراوەتەوە، چاپکردنی بەبێ ڕەزامەندی؛ بە گوێرەی هەموو ڕێسا مرۆیی و ئایینییەکان نادروستە.

# پێرست


پێشەکیی "پاولۆ کۆیلۆ" ........................................ ٩

پێشەکیی نووسەر ........................................ ١٢

شانشینی کابرای پینەدۆز........................................ ١٥

ڕێبوارە پەلەکان ........................................ ١٨

گژوگیای داپیرەم........................................ ٢٢

چۆن دەگەیتە شاری بێگەرد؟........................................ ٢٥

بەیداغی دەریا ........................................ ٣٠

زیاد لە پێویستەکان........................................ ٣٤

دەستماڵ ........................................ ٣٨

ئاشەکانی ترس و دوودڵی ........................................ ٤٢

گیانی یەکگرتن........................................ ٤٦

پەراوێزەکان........................................ ٥١

چۆلەکە و شەمشەمە ........................................ ٥٥

لە کوێوە نیگا دێت؟........................................ ٥٨

گەنجینەی کۆچەری ........................................ ٦٢

بۆچی دەنووسین؟........................................ ٦٤

ئاوگێڕ ........................................ ٦٨

پێڵاوەکەت دانێ ........................................ ٧٣

بولبولی دەریا ........................................ ٧٧

هۆکاری لەبیرکراو ........................................ ٨٠

ڕێ بڕینی بیابان........................................ ٨٤

بۆچی نامە دەنووسن؟........................................ ٨٩

خۆشەویستیی شەونمدار.................................................. ٩٣
بەر لە خەوتن.................................................................... ٩٧
ئاخۆ چارەیگەکە بەتاڵ بێت؟........................................ ١٠٠
فرۆکە چی پێ کردین؟................................................. ١٠٤
سایەی خودادۆستان ........................................................ ١٠٨
هێلکە چۆن دەکوڵێنرێت؟............................................. ١١٢
ئاوێکی لەوان لێوانلێو ....................................................... ١١٦
خۆزی پێت دەچووم ڕۆسۆ!.......................................... ١٢٠
بازاڕی ژیان............................................................... ١٢٤
یەکەمین ڕۆژ ................................................................ ١٢٨
بیلالی وشتر ................................................................ ١٣٢
ئەو شتانەی پێماندا تێدەپەڕن ......................................... ١٣٦
شاهەڵمات ................................................................. ١٤٠
هەبوو نەبوو............................................................... ١٤٤
ڕۆچوونە شاخ.............................................................. ١٤٨
چی لە بارەی خۆتەوە دەزانیت؟ ..................................... ١٥١
تەلاری خەلیفە.............................................................. ١٥٥
سەربوردەی شۆستەکان ................................................. ١٥٩
ئاوڕێژگە..................................................................... ١٦٣
هەموو بەیانییەک ......................................................... ١٦٧
دوا پەیڤ .................................................................... ١٧١
فەرهەنگۆک................................................................ ١٧٣

بۆ سەعید و عومەر و عەبدوڵڵای کوڕم، بۆ نەوەکانیان، هەوڵم داوە لە خۆمان و باپیرانتانەوە بۆتان بگێڕمەوە، ئێمە ڕۆڵەی دوایین نەوەین؛ گێڕانەوەی چیرۆکەکانمان بە "هەبوو نەبوو" دەست پێ بکات، هەوڵمان دا پێش کات بکەوین؛ زاڵ بوو بەسەرماندا، لەگەڵیدا بسازێن، بیریشتان نەچێت؛ پێڵاوەکانتان بەوردی هەڵبژێرن، تاوەکو چێژ لە ژیانتان ببینن، بەختەوەری لەوە بەنرخترە بۆ ڕۆژێکی تر دوای بخەین.

# پێشەکیی "پاولۆ کۆیلۆ"

سەرەتای پەیوەندیی نێوانمانم بەبیر دێتەوە، بەو شەوە بەبێ هیچ ڕێنیشاندەرێک لە بیابان ئۆتۆمبێلەکەی دەهاژووت، کەچی وا دەردەکەوت لەسەر شەقامی گشتی لێی بخوڕێت، لێم پرسی: "باشە چۆن دەزانیت ئەمە ئاراستەی دروستە؟"، وەڵامی دایەوە: "ڕاستییەکەی نازانم، بەڵام هەستی پێ دەکەم، بیابان؛ ئەگەر بەبایەخەوە گوێی لێ ڕابگریت؛ ڕێگەی دروستت نیشان دەدات".

ئەوکات و ئێستاشی لەگەڵدا بێت؛ شەیدای ژیانە، پرسایە، بە دوای دانایییەوە لە گەڕاندایە، بڕوادارە بە ئاماژەکان، هێندەی دڵی خۆی پێ پاک دەکرێتەوە لە هەوڵدایە؛ تاوەکو لێی بگات.

ئەو ڕۆڵەی بیابان و شارە، لە یەکەمیانەوە فێری ڕێزگرتنی ناسنامەکەی بووە، لە دووەمیشیانەوە فێری خۆشەویستیی خەڵکی بووە؛ هەر چەندە بیروڕاشیان جیاواز بێت، لە کۆتایی ڕێگەدا هەر خۆشەویستییە مرۆڤەکان کۆ دەکاتەوە و بە یەکەوە گرێیان دەدات.

لەنێوان بیرگەری و شازگەریدا هاوسەنگیی ڕادەگرت، وەک دەیگوت؛ تەواوی پەیامە ئایینییەکان لە بانگەوازەکانیاندا شازگەرن، بەڵام لە پێشبینییەکانیاندا بیرگەرن، ئەگەرچی خودا خەڵکی بانگ دەکات دەست بە ڕەوشت و بێگەردییەوە بگرن؛ وەلێ خۆی دەزانێت تەنیا کەمێکیان بەپیر بانگەکەیەوە دەچن، بۆیە دەرگەکانی پەشیمانی و تەوبەی بە ڕوویاندا واڵا کردووە، بەخششەکانی خۆیی پێیان داوە، هەر چەندە پابەندی زۆرینەی ڕێنماییەکانی نەبوون و نابن.

وره بەبەر خەڵکیدا دەکات؛ ڕابن، کار بکەن، بارودۆخی خۆیان خۆیان بیگۆڕن؛ بێ ئەوەی چاویان لە دەستی کەس بێت؛ دەستیان بگرێت و بەرەو ڕێگەی بێخەمییان ببات، جارێکیان ئەم چیرۆکەی بۆ گێڕامەوە:

"دەگێڕنەوە پیاوێکی خاوەن ڕەزێکی پڕ لە دارمێو؛ منداڵەکانی کەیفیان بە کشتوکاڵ نەدەهات، چەندی لە هەوڵی بازرگانیدا بوون؛ پارە و پوولەکانیان هەر دەدۆڕاند، باوکیان بە ساڵدا چوو، نەخۆش کەوت و نەیتوانی چیدی بایەخ بە ڕەزەکە بدات، دارمێوەکان وشک بوونەوە و سیس هەڵگەڕان، بەر لەوەی کۆچ بکات؛ پێی گوتن لەژێر دارمێوێکدا گەنجینەیەک زێڕی بۆ جێ هێشتوون، هێشتا کۆچکردوویان نەناشتبوو؛ هەستان دەستیان بە هەڵکەندنی ڕەزەکە کرد و خۆڵی کەڵەکەبووی سەر ڕەگی دارمێوەکانیان یەکبەیەک لا برد، دوای بەسەرچوونی چەند مانگێک؛ ڕەنگ بەبەر ڕەزەکەدا هاتەوە و دارمێوەکان بەریان گرتەوە، منداڵەکان دەستیان کرد بە لێکردنەوەی بەروبوومەکان و لە بازاڕ فرۆشتیان، ناویان چووە ناو ناوی ناودارترین بارزگانانی ترێ، کێڵگەکەیان بریتی بوو لە گەنجینەی ڕاستەقینەیان، بێ هەستکردن؛ دەستیان بە کشتوکاڵ کرد و بەرهەمەکانیان لێ دەکردەوە، بگرە ناویان چووە ناو ناوی گەورە بازرگانانی بازاڕ، ژیانیش هەمان جۆرە، هەر چەندە هەوڵی درکاندنی شتێکی بدەین؛ نهێنییەکانیمان بۆ دەپشکووێن".

یاسر لە بارەی ڕووناکبیری و مرۆڤەوە دەنووسێت، لە بارەی بیرگەری و خەونەکانەوە، لە بارەی ئەم ساتەی ئێستاوە؛ کە نە هیچ شتێک پێشی دەکەوێت و نە هیچ شتێکیش پاشی دەکەوێت، هانی ژیان دەدات لە "تاوی ئێستا"دا، چونکە وەک خۆی دەیڵێت؛ ڕاستیی ڕەهایە.

پێشی چەند ساڵێک پێم گوت: ئەرکی ڕاستەقینەی لە نووسین خۆی دەبینێتەوە، جیهان دەیەوێت لەسەر ڕۆشنبیرییە عەرەبییەکەی بزانێت، وەلێ کەس نابینێتەوە بیدوێنێت، ئیدی وا دیارە خۆی بەرەو پێش بردووە، خامەکەی خۆی تیژ کردووە؛ تاکو پەیامەکەی بە سپاردە و شکۆوە نمایش بکات، داوام لێ کرد کورتە چیرۆک بنووسێت، بەڵام ئەوکات داواکەمی ڕەت کردەوە، لێم نەپرسی بۆچی، دوای ئەوەشی لە نووسینەکەی کۆتایی هات؛ پێم گوت؛ زۆری خایاند، وەڵامی دامەوە: "ئەوکات ئامادەی نووسین نەبووم"، پێم گوت: "چوزانیت کەی ئامادەی نووسین دەبیت؟"، وەڵامی دایەوە: "نووسین و خۆشەویستی یەک چەشنن، هەردەم لە دەمی خۆیان دێن".

لەسەر بەختەوەری دواین، دەیگوت: خەڵکی لە هەموو شتێک زیاتر ئاواتی پێوە دەخوازن، بەڵام بەدەگمەن دەیدۆزنەوە، چونکە سەرقاڵن بەدوایدا بگەڕێن؛ نەک لێی ڕابمێنن، دواتر کۆتایی بە قسەکانی هێنا: "ترسی لەدەستدانی بەختەوەری؛ هۆیەکی نەبوونیەتی لە ژیانمان".

یاسر نووسەرێکی سەرچڵە، هەر بە نیگا پێدانمان ناوەستێت؛ بگرە لەگەڵ خۆیدا بەرەو سەرکەشییە هزرییەکانیشی ڕاماندەکێشێت، بەم زووانە لە جیهانی وێژەدا پایەی دەبێت؛ ئەگەر واز لە شتە سەرقاڵکەرەکانی تری بهێنێت و خامەکەی لە هەمان شوێنی دڵی دابنێت، بەردەوام شتەکانی دەخوێنمەوە، چونکە بوێرانە دەنووسێت.

# پێشەکیی نووسەر

دوای نووسینی ڕۆمانی "کۆیلە نوێکان"؛ بڕیارم دابوو کتێب بڵاو نەکەمەوە بابەتی هەمەجۆر لەخۆ بگرێت، ئەوانەی ڕامان و سەرنج و کورتە گێڕانەوەی چیرۆکی زۆریان تێدایە، تەمام وا بوو خۆم لە هونەری ڕۆمان چڕ بکەمەوە، وەلێ یەکێک پێی گوتم؛ هەندێک لە خوێنەران پێیان ناخۆشە تەواوی ڕۆمانێک لە بەرگ بۆ بەرگ بخوێننەوە، بەڵام کتێبی لەم چەشنە؛ دەکرێت هەر بابەتێکی بێت؛ بیکەنەوە و ڕاستەوخۆ بیخوێننەوە، چونکە بابەتەکانی بە یەکەوە گرێ نەدراون، وێڕای ئەمەش؛ ئەمە نابێتە ڕێگر؛ لە نووسینی ڕۆمان بەردەوام بیت.

ئیدی ئەم کتێبە هاتە کایەوە، دووڕەگێکی وێژەییە، تێیدایە لە کورتە چیرۆک دەچێت و بابەتیشی تێدایە ڕامانییە، حەز دەکەم ناوی بنێم؛ سەرنجانێکی نوێ لە تێنووسێکی کۆن، من هەمیشە خۆنەویستانە بایەخ دەدەمە هەموو ئەو شتانەی لە دەورم دەگوزەرێن، لێیان ورد دەبمەوە، هەوڵی تێگەیشتنیان دەدەم، دواتر لەسەر کاغەز دایاندەڕێژمەوە؛ تاکو زیاتر بچنە مێشکمەوە.

من لافی نووسینی کورتە چیرۆک لێ نادەم، بگرە دان بەوەدا دەنێم؛ چیرۆک زۆر لە ڕۆمان ماندووترم دەکات، هەندێک لەو شتانەی دواتر دەیخوێننەوە؛ هیچ نین تەنیا ڕامان نەبن لەو بەسەرهاتانەی داپیرە و باپیرەم لە دایکمەوە؛ لە دەمی منداڵیم بۆیان گێڕاومەتەوە، پاش ئەوەی ڕۆیشتن؛ لە هەوڵدا بووم ئەوانەی بیستوومن دایانبڕێژمەوە، بە شێوەیەک ڕێکیان بخەمەوە؛ لەگەڵ خوێنەرانی ئەمڕۆ بگونجێن.

لەم کتێبەدا پرسیارگەلێکی زۆر و وەڵامانێکی کەم هەن، ئەرکی نووسەر لە دروستکردنی پرسیاری دروست و وڕووژاندنی گومانەکانی خوێنەر خۆی دەبینێتەوە؛ بەو مەبەستەی بەرەو گەڕانی زیاتر پاڵی بنێت، لە بارەی وەڵام و شیکارەکانیشەوە؛ کاری شارەزایان و توێژەران و مامۆستایانی پسپۆڕە، هەر کەسە و لە بواری خۆیدا، ئەگەر تۆزێک شتەکە گەورە بکەین: خوێنەر بەو نەخۆشە بچوێنین کە سەردانی نەخۆشخانە دەکات؛ نووسەر ئەوەیانە کە تیشکی لێ دەگرێت، یان ئەوەیانە کە لە تاقیگە نموونەی خوێنەکەی دەپشکنێت و ڕاپۆرتەکەی بە مەبەستی چارەسەر بۆ پزیشکی پسپۆڕ بەرز دەکاتەوە.

دەبێت لە لاپەڕەکانی پێشوودا پێشەکیی پاولۆ کۆیلۆت خوێندبێتەوە، خۆی چەند بەشێکی کتێبەکەم بە وەرگێڕاوی بۆ ڕەوانە کرد؛ هەتا ئامۆژگارییەکانی وەربگرم، هەستا دەقێکی لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکەی خۆی بڵاو کردەوە و سەرنجی خوێنەرەکانی خۆیی بۆ ناردم، گەلێکم سوود لێ بینین، لە یەک لە سەردانەکانم بۆ ماڵەکەی لە "جنێف": فەرموویان بە کتێبەکە سەرسام بووە و دەیەوێت پێشەکیی بۆ بنووسێت، زۆرم سوپاس کرد، پاولۆ کۆیلۆ لەو وێژەوانە جیهانییانەیە؛ کە پێیان کاریگەرم، بگرە کاری لە ژیانی ملیۆنان مرۆڤ کردووە، ڕێک وەکو هێنری میلەر و میلان کوندێرا و نەجیب مەحفووز و تۆفیق حەکیم...

کتێبەکەمم بەو چیرۆکەوە ناو ناوە؛ کە لەو بابەتەدا باسم کردووە کە بە هەمان ناونیشانە، پێم وایە ئەوە کورت دەکاتەوە کە ویستوومە لە کتێبەکەدا بیڵێم، وەلێ بەر لەوەی لەگەڵ دەقەکان جێتان بێڵم؛ دەمەوێت چیرۆکێکتان بۆ بگێڕمەوە، لەدێر زەمان دۆستێکم بۆی گێڕامەوە:

"دەگێڕنەوە کوڕی خانەوادەیەکی زەنگین؛ لەوپەڕی خۆشگوزەرانیدا ژیانی دەبردە سەر، ڕۆژێک لە ڕۆژان؛ باوکی بڕیاری دا بیباتە یەکێک لە گوندە دوورەدەستەکان؛ هەتا ببینێت هەژاران چۆن دەژین و نرخی ئەو ئاستی ژیانە بزانێت؛ کە لەناو خێزانەکەیدا بەسەری دەبات، گەیشتنە گوندەکە، لای خێزانێکی هەژار جێی هێشت و ڕۆیشت، دوای هەفتەیەک بۆ بردنەوەی هاتەوە، لە ڕێ لێی پرسی: ئێستاکە زانیت هەژاران چۆن دەژین؟ کوڕە وەڵامی دایەوە: ئەرێ، ئەوان چوار سەگیان هەیە و ئێمەش تەنیا سەگێک، لە باخچەکەی ئێمەدا مەلەوانگەیەک هەیە و ئەوانیش ڕووبار و جۆباریان هەیە، چرا کارەباییەکانمان حەوشەکەمان بۆ ڕووناک دەکەنەوە و ئەوان ئەستێرەکان ئاسمانیان بۆ ڕۆشن دەکەنەوە، ئێمە هەیوانێکمان هەیە و ئەوان تەواوی ئاسۆکان، ئێمە پارچە زەوییەکی سنووردار و ئەوان کێڵگانێکی یەکجار فراوان، ئێمە خۆراکمان دەکڕین و ئەوان دەیچێنن، ئێمە بۆ خۆپارێزیمان لە دەستی دز و جەردان؛ دیواری زل و کامێرەی چاودێریمان هەیە، ئەوانیش دراوسێیان هەیە.. ئای باوکە گیان، ئێستاکە دەزانم ئێمەی دەوڵەمەند؛ چەندە هەژارین!".

**یاسر حارب، دوبەی**

**تشرینی دووەم، ٢٠١٤**

# شانشینی کابرای پینەدۆز

نوێنەری کۆشک لە ناوەڕاستی بازاڕدا وەستا، پێی نایە سەر سەکۆی ڕاگەیاندن و جاڕی دا: "پادشا دوا هەناسەی دا"، بووە پشێوی و خەڵکی لەنێوان خۆیاندا لێکیان دەپرسی، چونکە تەختی شاهانە هیچ جێنشینێکی نەبوو، کەسیش نەیدەزانی شێوازی گواستنەوەی فەرمانڕەوایەتی چۆن دەبێت.

نوێنەرەکە درێژەی دا قسان: "وەلێ بەر لەوەی بمرێت وەسیەتی کردووە؛ هەر پیاوێکی شارەکە بە پادشا لەشوێنیدا دابمەزرێت؛ ئەگەر ئەم دوو مەرجەی پەسند بێت: یەکەمیان: ماوەی پاشایەتییەکەی تەنیا پێنج ساڵ دەبێت، لەو ماوەیەدا دەسەڵاتی ڕەهای پێ دەدرێت و تەواوی سامانی شانشینەکەی دەخرێتە ژێر دەست، دووەمیان: دوای تێپەڕینی ماوەی دیاریکراو؛ بەبێ ئاژەڵ و پێویستیی ژیان دوور دەخرێتەوە بیابان".

"دوای مردنیشی ستەمی نابڕێتەوە"، خەڵکی دوای بڵاوەکردن وەهایان دەگوت، شارەکە کەوتبووە قوژبنێکی بیابان، دوور بوو لە کەناراوەکان، سەرەڕای ئەوەی جوانترین و گەورەترین مێرگی ئەو ناوە بوو؛ بەڵام بەسەر پشتی وشترەوە دوو ڕۆژەڕێ لە نزیکترین بیری ئاو دوور بوو، بۆیە لە جیاتی مەرگ؛ دوورخستنەوەیان بۆ دەرەوەی سنوور کردبووە سزا.

شارەکە چەند هەفتەیەک بەبێ پاشا مایەوە، هەر چەندی وەزیرانی کۆشک هەوڵیان دەدا؛ کەسێک بهێننە ڕا؛ لێیان ببێتە فەرمانڕەوا؛ لە دوا ساتەکاندا شکستیان دەهێنا، پینەدۆزێکی هەژار؛ کە خاوەنی شتێکی وا نەبوو لە خۆشییەکانی ژیان؛ خۆی دەدواند؛ بەرەو تەختی شاهانە هەنگاو

بنێت، دەیگوتە ژنەکەی؛ پێنج ساڵان خۆشگوزەران و بەختەوەر بژین و پاشان بمرن؛ باشترە لەوەی بە درێژایی ژیانی پێڵاوی خەڵکی پاک بکاتەوە.

لە کۆتاییەکەی بڕیاری خۆی دا، بەرەو کۆشک بەڕێ کەوت و داوای کرد بە پاشا دایبمەزرێنن، خێرا کاروبارەکانیان تەواو کرد و بەڵگەنامەیەکیان پێ مۆر کرد؛ بە دوو مەرجی وەسیەتەکەوە دەیبەستەوە، بۆ چەند ڕۆژ لە شاردا ئاهەنگ گێڕدرا، پینەدۆز لە نوستنی سەر زەمینی ڕەقوتەق؛ گەیشتە خەوتنی سەر جێگەی ئاوریشم، وەلێ خاوەنشکۆی نوێ؛ کاتێکی وای نەبوو کاروباری شانشینەکەی هەڵبسووڕێنێ، هەموو دەم بە کاروانێکی زۆرەوە؛ بە ئازووقە و سندووقی گەورەوە؛ دەڕۆیشت و بە لایەنی کەمەوە مانگێکی دەخایاند؛ ئینجا دەگەڕایەوە، ئەو پادشایە و هەر چی بوێت؛ لەدەستی دێت.

بەم بارودۆخەوە بەردەوام بوو؛ هەتا پێنج ساڵەکە تەواو بوو، کە کاتی ڕۆیشتن هات؛ ژنەکەی بۆ ئەو چارەنووسەی لە دەرەوە چاوەڕێی دەکردن؛ دەستی کردە گریان، کابرا بەنهێنی بە گوێیدا چرپاند؛ لەگەڵیدا بچێت و ترسی پێ ناوێت، پەیمانی دایێ لە مردن ڕزگاریان دەبێت، لە شار دەرچوون و کاتژمێرێک یان زیاتر ملی ڕێگەیان گرتە بەر، بەسەر تەپۆڵکەیەکی لمیندا هەڵگەڕان؛ لەوپەڕی سەختیدا بوو، کە گەیشتنە لوتکەکە؛ ژنە واقی وڕما، چونکە هەر لەگەڵ ئەوەی لەودیوی بەرزاییەکەوە سەریان بەرز کردەوە؛ کۆڕەوێکی مەزن سەریان بۆ دانواندن، سەیری مێردەکەی کرد؛ ڕوخساری وا دەگەشێتەوە، لێی پرسی ئەوانە کێن؟ وەڵامی دایەوە:

"من کە بە ئازووقەوە دەردەچووم؛ بۆ ئەوە بوو شارێک لە دەوری ئاوی ڕۆژهەڵاتی بنیاد بنێم، خەڵکەکەی وێ لەوپەڕی هەژاریدا بوون، هەوڵیان

دابوو بچنە شارەکەی ئێمەوە، بەڵام پادشای پێشوو داواکەیانی ڕەت کردبووەوە، پێم گوتن ئەگەر بمکەنە پادشای خۆیان؛ شارێکیان بۆ بنیاد دەنێم؛ هاوشێوەی نەدیێ بیابان"، سروەیەکی ژیانبەخش دای لە قژی و لەگەڵ خۆیدا هێنایە سەما، کامەرانی گەڕایەوە دڵی و سەرلەنوێ دەمی ئاوی کردەوە، بەیەکەوە سواری کەژاوەی شاهانە بوون و بەڕێ کەوتنە شانشینی نوێیان؛ شانشینی کابرای پینەدۆز.

# ڕێبوارە پەلەکان

جاران خێرا ترۆمبێلەکەمم دەهاژووت و بۆ گەیشتنە شوێنی مەبەستم بەناو ماشێناندا دەهاتم و دەچووم، لەو پێشبڕکێ ڕۆژانەیەشدا؛ لەو گۆڕە ڕادیۆ بۆ ڕادیۆ دەمگۆڕی، بەر لە تەواوبوون پارچە مۆسیقاکانم لا دەبردە یەکێکی دی، کاتێک بۆ خوێندنەوەی هەواڵنامەیەکیش دادەنیشتم؛ دوای خوێندنەوەی ناونیشانەکان هەڵمدەدایە لایەک، هەرگیز بابەتەکانم هەتا کۆتایی پێ تەواو نەدەکرا.

لە چێشتخانان داوای پێشخوانم نەدەکرد، یەکسەر دەستم دەبردە ژەمی سەرەکی، پێش ئەوەی پاروو قوت بدەم؛ ئەوی دیم لە دەست ئامادە بوو، نەوسنانەش قاوە و خواردنەوە گازییەکانم دەخواردەوە، پێم نەدەکرا تا کۆتایی گوێ لە چیرۆکی هیچ کەسێک ڕابگرم، کتێب و شتیش؛ هەرگیز خۆم بۆ نەدەگیرا هیچ یەکیان هەتا دوایین لاپەڕە بخوێنمەوە.

ماوەیەک کارمەندی میری بووم؛ لە یەک لەو کۆبوونەوانەی ئامادەی بووم؛ بەڕێوەبەرەکەمان دەستی کردە پێشوازیی نێردەیەک؛ لە فەڕەنساوە هاتبوون، کە پشووی چەند ساتێکی خواست؛ ڕاست خۆم هەڵقورتاندە ناو قسان و دەستم کردە باسی ئەو خزمەتگوزارییانەی دامەزراوەکەمان پێشکەشی دەکردن، خەریک بوو خۆشدوویی و جووڵەکانی بەستەڵەک شکاندن تێکوپێک بدەم؛ وەک لە زانستی کارگێڕیدا ناوی دەبەن، بڕوام وا بوو کۆبوونەوەکانی کار؛ دەبێت بەبێ قسەی خۆش و بەفیڕۆدانی کات دەست پێ بکەن، دوای ئەوەی تەواو بووین؛ بەڕێوەبەرەکەم بانگی کردمە نووسینگەکەی و پێی گوتم: "کاتێک کۆبوونەوەیەک بەبێ پێشوازیکردن لە

میوانی هاتوو دەست پێ دەکەیت؛ تۆ پێی دەڵێیت کاروبارەکەیت بەلاوە گرنگ نییە، هەموو ئەوەی دەتەوێت؛ تەنیا گیرفانی ویە".

جارێکیان بۆ سەردانی کۆمپانیایەکی ئیتاڵی؛ لە گەرمەی قسەکردنم لەگەڵ بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە لە بارەی گونجاندنی وادەی سەردانەکەم؛ خشتەی ئەو شەمەندەفەرانەم بۆ خستە ڕوو؛ کە بەرەو شارەکەی ئەو بەڕێ دەکەوتن، تاوەکو زووتر پێی بگەم و زۆرترین کات بۆ کۆبوونەوەکان بقۆزمەوە، بەپێکەنینەوە قسەی پێ بڕیم: "نیگەرانیی ناوێت یاسر! هەر چ کاتێک ویستت وەرە، ئێمە ئیتاڵین، ئەڵمانی نین، ژیان دەتوانێت چاوەڕێ بکات، منیش چاوەڕوانت دەبم"، پێکەنییەوە و هێڵەکەی داخست.

مۆبایلەکەمم قەپات کرد و بەڕێوەبەرەکەی ڕابردوومم بەبیر هاتەوە، لێخوڕینی ئۆتۆمبێلەکەم، خشتەی وادە جەنجاڵەکانم، پەشیمانیم هەر کاتێک زیاتر لە کاتژمێرێک بۆشاییم تێدا دەبینی، هەموو ئەمانەم هاتەوە یاد و تەماشای ئەو گەمیانەم دەکرد؛ کە بەئەسپایی بە کەناڵە گەورەکەی شاری "ڤێنیزیا"دا گوزەریان دەکرد، چوومە خوارەوە پیاسەیەک بەناو ئەو فرۆشگە بچووکانە بکەم: کە شووشە و کۆنە کاغەز و پێنووسی داریان دەفرۆشت، چوومە دوکانێکیان هەندێک شت بکڕم، کاتێک ئیختیارەکە دەستی کردە پێچانەوەی ئەو شتانەی کڕیمبوون؛ سەیری دەکردم و بزەی دەکرد، بەسەرهاتی لە بارەی مێژووی شارەکەوە دەگێڕایەوە، چێژم دەبینی لە هێمنی و سازانەکەی لە قسەکردن، دەتگوت منداڵێکی بچکۆلانەیە و تازە لە دەستپێکی تەمەندایە، لە دوکانەکە ڕۆیشتم و لە قاوەخانەیەکی بچووکی کۆلانێکی تەسکدا دانیشتم، کتێبێکی جوبرانم دەرهێنا؛ لەگەڵ خۆمدا بۆ گەشتەکە بردبووم، کە هەڵمدەدایەوە؛ گەیشتمە بابەتێکی بە

ناونیشانی "تۆ ڕابردووی خۆتیت"، ئەم ڕستەیە وەستاندمی:

"هەر لە دەستپێکەوە ئێمە ڕابردووی خۆمانین و هەمیشەش ڕابردووی خۆمان دەمێنینەوە، ئەوەی لە ژیاندا کۆمان کردۆتەوە و کۆی دەکەینەوە؛ هیچ نین تۆوانێک نەبن بۆ کێڵگانێک؛ هێشتا شین نەبوون، ئەی هۆشیار! ئێمە خۆمان کێڵگەین و خۆشمان جووتیار، تۆ ڕابردووی خۆتیت، ئەو بەرزاییانەشی لە ژیانت داتبەستوون؛ تەنیا بناغەی خودی مەزنی خۆتن، بەم زووانەش ئەم خودە دەبێتە بناغەی یەکێکی دیکە".

ئێستاکە نە دەتوانم وردەکاریی ماشێنەکەم بهێنمەوە یادم، نە خولیا جوانەکانم، نە ئەو بابەتانەی خوێندوومەتەوە، نە ئەو کتێبانەی پێم تەواو نەکراون و نە ئەو سەرکەوتنانەشی لە پیشەکانمدا بەدەستم هێناون؛ کە بە درێژایی ساڵان کارم تێدا کردوون، تەنانەت ناوی زۆر لەو هاوپیشانەشم بەبیر نایەتەوە؛ کە کارم لەگەڵیاندا کردووە، هەر دەڵێیت بیرەوەرییەکانم لەو دوکانەوە دەستیان پێ کردووە، وەک ئەوەی بڵێیت دەنگی ئەو پیرەپیاوە یەکەمین دەنگێک بووبێت؛ لە ژیانمدا بیستمبێت، بەڕووخۆشییەوە پێمی دەگوت: "هونەر کات و هێمنی و بێدەنگیی دەوێت".

ئێستاکە ئەو شارە قەشەنگانەم بەبیر نایەتەوە کە لە ژیانمدا سەردانم کردوون، نە ئەو شاخانەشی بەسەریانەوە جوانترین دیمەنەکانی دنیا خەیاڵیان بردووم، بەندە هیچی بیر نەماوە، چونکە هیچی وا نەژیاوە، من پەلە بووم؛ تا پێش ئەوانی تر بگەم، ئێستەش وا تێدەگەم؛ ئەوێ شوێنی کەسانی دی نییە، لە خۆم زیاتر کەسی دیکە لەم پێشبڕکێیەدا لەگەڵمدا نییە، نە پێش کەس دەکەوم و نە کەسیش پێشم دەکەوێت.

ژیان بەو چەشنە کێبڕکێ و ململانێ نییە؛ کە لە کتێبەکانی کارگێڕی و

سەرکردایەتیدا خوێندوومانەتەوە، بەڵکو کاتێکە دەستنیشانکردنیمان بەدەست نییە، وەلێ تامکردنی با.

جوبڕان دەڵێت: "تۆ ڕابردووی خۆتیت، ئەی نامۆی ڕێبواری بەردەم باخچەکەم! منیش وەکو تۆ هەر ڕابردووی خۆمم، گەرچی لەژێر سایەی درەختەکانمدا دانیشتبم و دامرکاو دەربکەوم".

لەو قاوەخانەیەدا نامەیەکم نووسی و بۆ یەکێکم نارد: "ئەی ڕێبواری پەلە! بیرت نەچێت لەبەردەم دەرگەی باخچەکاندا بوەستیت و سڵاو لە خەڵکەکانیان بکەیت، بیرت نەچێت تاکە شتێک شایەنی ئەم تێپەڕینە پەلەیەت بێت؛ گەیشتنە بەو کەسەی خۆشت دەوێت؛ بەر لەوەی کار لە کار بترازێت، ئەی ڕێبوار! گشت تێپەڕینێک گەڕانەوەی هەیە، تەنیا تێپەڕینی خۆت نەبێت".

# گژوگیای داپیرەم

بینیم کوڕە بەپێش دایکییەوە ڕاکشاوە، دایکی دانیشتبوو، بۆی دەگریا و بە داپیرەمی دەگوت؛ وا هەست دەکات کوڕەکەی زۆر ناژیێت، چونکە باوکی پیاوێکی چاک نەبووە، بەڵام داپیرەم گوێی لێ ڕانەدەگرت و سەرقاڵی پشکنینی منداڵەکە بوو؛ کە وەک بەرماڵ لەبەردەمیدا درێژ ببوو، دایکی هەر دەگریا و داپیرەم هەر گوێی پێ نەدەدا، پزیشکی کارزان؛ گریانی پێ بەشێکە لە تیماری دەردان.

هەوڵی دا لەگەڵ منداڵەکەدا بدوێت، بەڵام چاوی هەر لە بنمیچی ژوورەکە بوو، لەپەلوپۆ کەوتبوو، ئەوەی وەڵام بێت نەیدەدایەوە، پاڵی نا بە سکی؛ چاوانی ئەبڵەق بوون، داوای لە خزمەتگوزارەکە کرد؛ هەندێک خورمای بۆ بهێنێت، ناوکی خورماکانی دەرهێنا و شێلایانی؛ تا هەموویانی کردە یەک پارچەی گەورە، جلی سەر سکی لا برد و هەویرەکەی بەهێواشی لە ناوکی نزیک کردەوە؛ تا بە پێستییەوەی نووساند، دواتر لێی کردەوە، کوڕە وەک بڵێی مین بتەقێتەوە لەژێری؛ لە جێی خۆی هەڵپەڕی، خۆی لێ نزیک کردەوە، لە چاوەکانی دەڕوانی و پێی گوت: "ئەگەر دەتەوێت بژیت؛ دەبێت لە ئێش و ژان ڕابێیت، ژان مرۆڤ نامرێنێت، بەڵکو بێئومێدی دەیکوژێت"، کوڕە لەشی خۆی خاو کردەوە؛ وەک بڵێیت بە قسەکەی هاتە ڕا، داپیرەم چەندین جار کارەکەی دووبارە کردەوە و کوڕە ددانی بە خۆیدا نا، دایکی هەر جارێک دەیبینی کوڕەکەی ئارەقەی بە ڕوودا دێتە خوارەوە؛ دەیکردە شین و ڕۆڕۆ، بەڵام داپیرەم وریای کردبووەوە؛ کاتی چارەسەرەکە توخنی نەکەوێتەوە.

دوای کرداری پێوەنووساندن و لێکردنەوەی خورما؛ کەمێک زەیتی زەیتوونی هێنا و سک و سینگ و بەری کوڕەکەی پێ ماڵییەوە و قورئانی پیرۆزی بەسەردا خوێندەوە، کوڕەکەی دانیشاند، پەنجەی شایەدومانی خستە قورگییەوە و چەند جارێک فشاری خستە سەر دواوەی زمانی، پاشان پێش ڕشانەوە پەنجەی دەرهێنا، هەروەها دەموچاو و گەردەنیشی بە زەیتەکە ماڵییەوە و داوای لێ کرد؛ کەمێک بخەوێت.

ئەو کاتەی دایکی هێنای؛ دەیگوت چەند ڕۆژە هیچی نەخواردووە و خەویشی یەکجار کەم بووە، کاتێک لە خەو هەستایەوە؛ داوای هەندێک خواردنی کرد، دایکی کاتێک بینی دەخوات؛ دەمی بە دەستی خۆی گرت و لە پرمەی گریانی دا، چووە سەری داپیرەم و ماچی کرد، داپیرەم پێکەنی و بە دایکیی گوت: "من تەنیا ئامرازێکم بە دەستی خوای گەورەوە، دەمخاتە ڕێی نەخۆشان؛ بە هۆمەوە چاکیان بکاتەوە". پاشان هەندێک گژوگیای لە کیسەیەک بۆ پێچایەوە و داوای لێ کرد: لەگەڵ ئاوی کوڵاو تێکەڵی بکات و تا ساردبوونەوە لێی گەڕێت، ڕۆژانەش بە کوڕەکەی بدات.

ماڵی داپیرەم نۆرینگەیەکی کراوە بوو، نەخۆش لە گشت لاوە بۆ لای دەهاتن، هەر تەنیا لەشی خەڵکیی چارە نەدەکرد؛ بەڵکو گیانیانیشی تیمار دەکرد، دەیگوت: "گیانی ماندوو لەش دەشێوێنێت، لەشی ماندووش گیان دەخنکێنێت". ئەو گژوگیایانەی داپیرەم بەکاری دەهێنان و دانیشتووانی نیمچە دوورگەی عەرەبی بەکاری دەهێنن؛ شێوازێکی ژیانن نەک تەنیا دەرمان، سوودەکانیان نەنووسراونەتەوە، بەڵکو زارەکیانە و لە ڕێی مەشق و ڕاهێنانەوە نەوە بۆ نەوە گوازراونەتەوە؛ بە هەمان جۆری فێرکارییەکانی "بووشیدۆ"ی ژاپۆن.

دەمی منداڵیم؛ ڕاهاتبووم لەگەڵیدا بچمە لای گیافرۆشەکە، لەسەر دەرمانەکان گفتوگۆیان دەکرد، دۆزینەوە نوێکانی بۆ داپیرەم باس دەکرد، داپیرەشم گێراوە دۆزراوەکانی خۆی پێ ڕادەگەیاند، ئەوەی لە سینەماندا دەیپارێزین؛ پیرۆزترە، گژوگیاش ئاوایە؛ کەس پێویستی نەبووە تۆماری بکات، تۆماری هەندێک لە شتەکان؛ گرنگییان کەم دەکاتەوە.

دوای بیست ساڵ و چەند مانگێک بەر لەوەی لە دنیا کۆچ بکات؛ ژن و مێردێک بۆ لای هاتن و پیاوەکە کچێکی ساوای لە باوەش گرتبوو، نەریتی نەبوو لە ناو و هۆی هاتنی میوانان بپرسێت، هەر ئەوەندە لە بارودۆخیانی دەپرسی و میوە و قاوەی بۆ دەهێنان، پیاوەکە قاوەکەی خواردەوە و دواتر سەیری کرد و لێی پرسی: "دایە مەریەم، نامناسیتەوە؟"، گوتی کەوا بە ساڵدا چووە و بیری فریای بیرکەوتنەوەی خەڵکی ناکەوێت، گوتی: "من هەر ئەو لاوەم؛ کە کاتی خۆی لە مردن دەربازت کردم، کوڕی فڵانم"، کچەکەی خستە باوەشییەوە و پێی گوت: "ئەمەش کچی منە، ناوم ناوە مەریەم"، داپیرەم لە ئامێزی گرت و فرمێسک لە چاوانی دەهاتە خوارەوە، سەریی ماچ کرد و پێی دەگوت: "باوکت هیچ دەرمانێکی گەرەک نەبوو، ئەو ڕۆژە لەنێو هەموو داو و دەرمانەکانی جیهان؛ ئارامگرتنی بەس بوو".

تا ماڵاوایی داپیرەشم؛ نەدەچوومە لای پزیشکان، ماڵە خنجیلانەکەی نۆرینگەی من بوو، ئەو سندووقە بۆرەی گژوگیاکانی خۆی لەناو دادەنا؛ دەرمانخانەی من بوو، خەندە مەستانەکەشی دەرمانی من بوو، ئێستا ماڵەکەمم لە گژوگیا پڕ کردووە، هەمیشە بەکاریان دەهێنم؛ ئەو دەمەی خۆم یان منداڵێکم نەخۆش دەکەوێت، لە دوای کۆچییەوە؛ تەنیا بەم شێوەیە هەست دەکەم؛ چاکەیم پێ دەدرێتەوە.

# چۆن دەگەیتە شاری بێگەرد؟

ئەفڵاتوون و دوای ئەو فاڕابی؛ بڕوایان وا بووە کامەرانیی ڕاستەقینە تەنیا لە شاری بێگەرددا هەیە، تەواوی شارەکانی تریش لێی بێبەشن؛ کە ئەفڵاتوون ناوی ناون بەد و لاڕێ، گەر تێشیاندا هەبێت؛ بەختەوەرییەکی فریودەرە، هەر بەڕاستی خەڵکی تاکو بێگەرد نەبن؛ بەختەوەر نابن؟ باشە لە بارەی دز و جەردەکانەوە چی؟ چۆن بەختیارن و پێدەکەنن؛ لە کاتێکدا شتە گرانبەهاکانی خەڵکی دەدزن؟ خۆ لەوانەیە هەر هەستیش بە تاوان نەکەن، چونکە وای دەبینن ژیان دادگەر نییە، بۆیە دەیانەوێت بە دەستی خۆیان دادگەری بەرپا بکەن، مەگەر دادگەریش بێگەردی نییە؟

مرۆڤ بۆ گەیشتن بە بێگەردی هەوڵی زۆر دەدات، هەندێک جاریش ئەمە دەبێتە هاندەری مرۆڤ؛ هەست بەوە بکات لە سەرووی خەڵکییە، لە پڕێکیش بەرەنگاری بارودۆخێک دەبێتەوە؛ زۆر بەسانایی دەستبەرداری گشت بێگەردییەکانی دەبێت، لێژ دەبێتەوە بەرەو نزمتر لەوەی بە هۆی کار و کردەوەی چاکەوە دەستی دەکەوێت، ئا لەو ساتەدا پەی بەوە دەبەین؛ هەستکردنمان بە لەسەروویی باوەڕی؛ کە هەوڵی خۆمان بۆ بێگەردی قووڵی دەکاتەوە؛ چەپۆکی دەمارگیریی نێوان چاکە و خراپەکانمانە، هەر تەنیا خراپەکانمان کاتی نین، بەڵکو هەندێک چاکەش کاتین.

زۆرن ئەوانەی بە ناوی باوەڕەوە بە دوای توندوتیژی و کوشتوبڕییەوەن، کەمیشن ئەو کەسانەی خۆش دەبن لەوانەی خراپەیان بەرامبەر دەکەن، جۆری یەکەمیان هەندێک ئارەزوو دەکەن ناوی بنێن موجاهید و جۆری دووەمیشیان ناو دەنێن بێدەسەڵات، هەندێک خراپ لە باوەڕ دەگەن،

بۆیە قێزەوەنترین و نابووتترین تاوانی بە ناوەوە دەکەن، دەستیان خەڵتانی خوێن دەکەن و ئومێدەواری چوونە بەهەشتن، ئەولاتری ئەمەش زۆر جار خوێنی خۆشەویستانیان دەبێت، ئەو کاتە باوەڕ نابێتە کارێکی چاک، بەڵکو مرۆڤ دەبێتە تارماییەک لە خودی خۆشی ناچێت، من بەش بە حاڵی خۆم ناتوانم هیچ بێگەردییەک لە باوەڕێکی وادا ببینم؛ گەرچی ئەوانەشی خۆیان پێ بێگەردە پۆشاکی بەبەردا بکەن.

لە شاری بێگەرد؛ دەبێت خۆت بە هێندێکی بەرزی بوێری بڕازێنیتەوە؛ تا بتوانیت لێبوردە بیت، هێندێکی زۆریش لە گەمژەیی؛ هەتا بتوانیت لەبیر بکەیت، من بێگەردی لە گەمژەییدا نابینم؛ تەنیا لە بارودۆخی نەخۆشیدا نەبێت، کاتێک مرۆڤ دەردی خۆی لەبیر دەکات؛ دەتوانێت خۆی لێ دەرباز بکات، چونکە تەنیا لەو تاوەدا دەتوانێت بەسەر هەموو شتێکی ناوەوەیدا زاڵ ببێت، باوەڕبەخۆبوون لە بەرزترین بێگەردییە مرۆییەکانە، ئەو ڕێگەیەیە کە بەرەو باوەڕبوون بە خودامان دەبات.

کاتێک بێگەردیمان لە زەبر و زەنگ دەگلێنین؛ لە سەنگایی ڕاستەقینەی خۆی دایدەماڵین، تا دەبێتە خاوەن سووکی و ڕوون و ڕەوانییەک؛ لەگەڵ سروشتی مرۆڤانەشماندا یەک ناگرێتەوە، ڕێک وەک ئەو قاوەیەی یەکێک بە ئاوی زیاتر ڕوونی دەکات، ئیدی ناپەسند دەبێت و ئاسان دەخورێتەوە، کاتێکیش لە هۆکەی دەپرسین؛ دەڵێت تاکو لە کافاییی بماڵێت، لێرەدا دەپرسم؛ مادەم وایە بۆ ئاو بەتەنیا ناخواتەوە؟ بایەخی قاوە لەوەدایە؛ بە هۆی کافایینەوە کارایيمان پێ بدات، هەتاکو کاراش بین؛ دەبێت قومقوم هەندێک تاڵی بخۆینەوە، هەندێک جار وا هەست دەکەم بێگەردی زیاد لە پێویست تاڵی لەخۆ دەگرێت.

هەندێک جار بێگەردی وەک ئاو وایە، زیندەوەران لەوەوە دەستیان پێ کردووە، بەڵام دەکرێت بشیانکوژێت؛ ئەگەر لە پێویستییان ڕادەبەدەر بێت، وێڕای ئەوەی لەشی مرۆڤ پڕە لە ئاو؛ کەچی کاتی دەوێت هەتا فێری مەلە دەبێت، شتێکمان هەبێت؛ واتای توانستی دەستگرتنمان بەسەریدا ناگەیەنێت، بێگەردیش وایە، ڕووبەرێکی فراوانی بیرکردنەوەکانمان داگیر دەکات، بەڵام نوقممان دەکات؛ کاتێک لەناکاو خۆمان فڕێ دەدەینە چەمی بێبنییەوە.

تاکە بێگەردی کە ناتوانین خۆمانی لێ بدزینەوە؛ ئەو پێچەوانەییانەن کە لە ناخماندا دەژین، چونکە تەنیا ئەوانن دڵنیامان دەکەنەوە ئێمە مرۆڤین و فریشتە نین، خۆ ئەگەر فریشتەیەکیش لە ئاسمانڕا دابەزێت؛ وەکو ئێمە لە پێچەوانەیی لێوانلێو دەبێت، هەندێک جار کردەوەی چاک ئەنجام دەدەین؛ چونکە پێمان وایە سەر دەکێشێتە ژیانێکی چاک، بەڵام ئەوەی نامۆشە؛ هەندێک لە سووچ و تاوانەکانیش سەر دەکێشنە ژیانێکی چاک، ئایە ئەمە یەکێک لەو پێچەوانەییانە نییە کە نکووڵیی لێ ناکەین؛ وەلێ دەترسین ئۆقرەی پێوە بگرین؟

هەوڵی بێگەردییەکان هەرگیز شاری بێگەرد نایەنێتە ئاراوە، بەڵام بەردەوام هەوڵدان؛ شێوەیەک لە شێوەکانی گەیشتنە بە ئامانج، گرنگ نییە هەوڵی بێگەردی بدەین، بەڵکو گرنگتر ئەوەیە لە ژیانماندا باوەڕمان بە پێویستیی ئامادەبوونی هەبێت، باوەڕ بە شتەکان؛ شتەکان نایەنێتە دی، وەلێ پیرۆزییان پێ دەبەخشێت.

باوەڕمان بێبەهایە؛ ئەگەر بەرەو کاری بێگەرد نەمانبات، باوەڕ هۆکارە نەک ئامانج، بێگەردیش بە هەمان شێوە هەر هۆکارە، هۆکارە ڕاستەکانیش

سەر دەکێشنە هۆکاری تر، چونکە هانی کارکردنی زیاترمان دەدەن.

بێگەردی لە نەویستن و وازهێنان لە دنیادا نییە، وا دەردەکەوێت پشتکردنی یەکێکمان لە سامان بێگەردی بێت، بەڵام کاتێک دەگەیتە ئەو سامانە و هاوکاریی هەژارێکی ئاتاجی پێ دەکەیت؛ بێگەردییەکی باڵاترە.

لە خواستنی بێگەردییەکان سڵ مەکەوە، دەکرێت هەندێک جار خواستەکان لە ڕاستییەکان دروستتر بن، چاکە بخوازیت کارێکی بێگەردە، وەلێ بە درێژایی ژیان شتەکان بخوازیت و پاشان بمریت؛ بەبێ ئەوەی هەوڵی پێگەیشتنیانت دابێت؛ هیچ گومانی تێدا نییە کارێکی گەمژانەیە، من یەک بە خۆشم ناتوانم لە گەمژەییدا هیچ بێگەردییەک ببینم، بەتایبەتی لە جەنگدا، وەک گەمژەیی بەردانی ئەو سوارچاکەی ڕۆژێک لە ڕۆژان بۆ کوشتنت دەگەڕێتەوە، سەرزەنشتیی ئەو سوارچاکە مەکە؛ کە بە دوای شکۆوە سەرگەردانە و لا لە بێگەردیی وەڵامێکی جوان ناکاتەوە.

ڕۆیشتن بە دوای بەدەستهێنانی قارەمانێتی؛ جاروبار کارێکی ناژیرانەیە و خەڵکی ئارەزوو دەکەن بە بوێری ناوی ببەن، هەندێک لە پاڵەوانان وەک ئەو شەمەندەفەرە وان؛ کە بەخێرایی بەسەر ڕێگەی ئاسنیندا دەڕوات؛ تا پێش ئەوانی تر بگات، هەر وەکو پێمان وایە؛ چونکە ناتوانێت لە ڕێگەکەی خۆی لا بدات؛ ناچارە خۆی بە هەموو شتێکدا بکێشێت؛ کە لە ڕێگەکەیدا دەوەستێت، باشە ئێستا لێتان دەپرسم؛ چ بێگەردییەک لە قارەمانێتیدا هەیە؟

شاری بێگەرد بوونی نییە و بوونیشی پێویست نییە، ئەگەر هەبێت؛ ئارەزووی بانگەشەکردن بۆ چاکە لەبار یەک دەبات، پێویستییەکیش بۆ دادگەری ناهێڵێتەوە، باوەڕ دەکاتە کارێکی بێڕۆڵ، ئەم بیرۆکەیە مرۆڤ

لەمێژە بە دووی بەدیهێنانییەوەیە، بەڵام بەبەردەوامی شکستی خواردووە، بیرۆکەکان چەندە قەشەنگن کاتێک نایەنە دی! هەر تەنیا ئەوانن دەتوانن بەناو هەموو سەردەمەکاندا گەشت بکەن، هەندێک جار نسکۆهێنان لە بەدیهێنان کاریگەرترە.

ئەگەر دەتەوێت زۆر لە شەودا بخەویت؛ گەرەکتە لە ڕۆژدا زیاتر کار بکەیت، ئەگەر توانیت بخەویت و بیر لە هیچ کەسێک نەکەیتەوە و پاشان لە خەو هەستیتەوە و کەست بەبیر نەیەتەوە؛ بزانە گەیشتوویتەتە شاری بێگەرد.

# بەیداغی دەریا

لە بەندەرێکی بچووکدا کەشتییەکی مەزن بە لای ڕاستدا پاڵ کەوتووە، لاکانی ڕزیو دیارن، بەڵام لاشەکەی هێشتا بەهێزە، ئەگەرچی درزەکانیش کەشتییەکەیان تەنیوەتەوە و لە چرچولۆچی دەریاوانەکان دەچن، بەسەر لیتاوەکەی ژێرییەوە لەنگەری گرتووە، بەڵام هەر چەندی ئاستی دەریاکە هەڵدەکشێت؛ کەمێک بە لاکەی تریدا دەچێت، کاتێکیش دادەکشێتەوە؛ وەک خۆی لێ دێتەوە، کەشتی لە مرۆڤ دەچێت، هەردووکیان تاکو لە ژیان بەردەوام بن؛ پێویستییان بە بزوانە، ئەگەرچی کەمیش بێت.

لە پەیکەری دەرەوەیدا بە ڕیزێک بزماری کانزایی گەورە؛ تەختەدارەکان پێیەوە جێبەست کراون، بزمارەکان شتێکی وایان نەماوە بە هۆی ژەنگ هەڵهێنانەوە بزر ببن، بەڵام بە هۆی پتەوییانەوە؛ هەر بەساغی ماونەتەوە، گوێیان بە هەتاو و شێ و داخوران نەداوە، ئاسنیش بە هەمان شێوە لە مرۆڤ دەچێت، پتەوییەکەیان لە ناوەوەیاندایە؛ بەبێ گوێدانە شێوانی شێوەیان.

ئەوانەی یەکەم جارە کەشتییەکە دەبینن؛ دەزانن لە جووڵە کەوتووە، سەرەڕای ئەوەی بەتەنیا شوێنی دە دانە کەشتیی بچووکی لە بەندەرەکەدا گرتووە؛ هیچ کەسێک بیری لەوە نەکردۆتەوە لەو شوێنەی لای ببات، بۆتە بەشێک لە شوێنەکە و بەشێک لە بیری ئەو دەریاوانە دێرینانەی بەسەر کورسییە دارینەکانەوە دانیشتوون، یادی ڕابردووی خۆیان دەکەنەوە و بەسەرهاتەکان دەگێڕنەوە.

هەموو شتێکی گەمیەکە ئاشنایە، شێوە دێرینەکەی، بۆنە کۆنەکەی،

بێسوودییەکەی، هەندێک جار شتەکان بۆ سوود لە لەدەستدانی خۆیان ڕادێن، پەسندیانە لە سووچێکی کاتدا خۆیان بشارنەوە؛ هەتا ئەو کاتەی خەڵکی لەبیریان دەکەن و بگرە خۆشیان خۆیان لەبیر دەچێتەوە، هەموو شتێکی کەشتییەکە بیری ڕابردوو دەهێنێتەوە یاد، بەڵام چارۆگەکەی هەر بە کۆڵەگەکەوە هەڵواسراوە، لەگەڵ شنەی بادا دەکەوێتە سەما؛ هەر دەڵێیت چاوەڕوانی سبەینەیەکی نوێیە، چارۆگەکە وا دەردەکەوێت؛ بەری تەنیا چەند ڕۆژێکە پێیەوە بەستراوە، بەڵام کە لەبارەیەوە پرسیم؛ گوتیان پەنجا ساڵە لە وەتەی دروست کراوە لێ نەکراوەتەوە، پرسیم؛ پەنجا ساڵە و هێشتا سپیشە؟ دەریاوانێک وەڵامی دامەوە:

- کاتێک یەکێکمان کەشتییەک دروست دەکات؛ سوور دەبێت لەسەر هەڵبژاردنی ئەو تەختە پتەو و کەرستە تۆکمانەی دەتوانن تەوژمەکانی دەریا دوولەت بکەن و بەبێ تێکشکان بەناو شەپۆڵەکاندا گوزەر بکەن، بەڵام لە هەڵبژاردنی چارۆگەکەیدا سوورتر دەبێت، چارۆگە تەنیا بەرەو پێشەوە پاڵ بە کەشتییەوە نانێت؛ بەڵکو ئاراستە دروستەکەشی نیشان دەکات.

- بەڵام من پێم وا بوو کاپتنی کەشتییەکەیە بە بەکارهێنانی ڕووگەنوێن و ئەستێرەکان ئاراستەکە دیاری دەکات!

- هەر بەڕاستیتە ئاوا بیرت دەکردەوە؟ باشە ئەگەر سەرکردەی کەشتی چارۆگەکەی لەدەست بدات؛ چی بەسەر دێت؟ ئەوکاتیش ڕووگەنوێن و ئەستێرەکان بەهانایەوە دێن؟ چارۆگە زیاتر لە دەریاوان دەریا دەناسێت، دەریاوانیش زیاتر لە خۆی دەزانێت، کاتێک چارۆگە دەپێچێتەوە؛ هەموو خەونەکانی لەگەڵدا دەپێچێتەوە، ئەو دەمەشی ئامادەی دەکات و لە با پڕ

دەبێتەوە؛ دڵیشی لەگەڵیدا لە هیوا پڕ دەبێتەوە و درێژە دەداتە کارەکەی، چارۆگە نیشتمانێکە تەنیا دۆزەرەوەکان لێی نیشتەجێ دەبن، هەر بە هۆی ئەویشەوە بەرەو سەرسوڕهێنەکانی جیهان دەچن.

دەزانیت سەرسوڕهێنەکانی جیهان چین؟ ئەو شتانەن لەپێناو گەیشتن پێیان بۆ قوربانیدان هانت دەدەن، واقوڕمێن خەونێکە لەمێژدا بەگژ مرۆڤێکدا چووبێت و هەتا ئێستاش بەگژ مرۆڤی دیکەدا بچێتەوە، ئەو خەونەیە کە بۆ هەوڵدانەوە هانمان دەدات، بەڵام بەدی نایەت، خۆ ڕەنگە بۆ بەدیهێنانی لە هەوڵی هەمیشەییشدا بین! بۆیە هەڵبژاردنی چارۆگەی شیاو؛ گرنتره لە هەڵبژاردنی کەشتیی شیاو.

- باشە ئەی چارۆگە لە دەریادا چۆن ڕێی خۆی دەزانێت؟

- تەنیا چارۆگەی ڕەسەن ئەمە دەزانێت، چونکە لە دەریا چۆتە سکەوە و لە کەناری دەریا هاتۆتە دنیاوە.

- تێنەگەیشتم!

- ئەو داوانەی چارۆگەی لێ ساز دەدەن؛ پتەو و دەگمەنن، تەنیا لە وڵاتە دوورەکاندا دەست دەکەون، کە دەهێنرێنە وڵاتی ئێمە؛ سەختترین دەریاکان و توندترین شەپۆلەکان دەبڕن، دوای گەیشتنیان؛ لە کەناری دەریا چارۆگەیان لێ دەدروون؛ هەتاکو باش گیانی دەریا هەڵبمژێت و لە سەختییەکەی ڕابێت، پاش دروونیش ئامادەی دوولەتکردنی تەوژمەکانی دەریا دەبێت، چونکە لە زمانەکەی دەگاتن، چارۆگەکان تەنیا بە زمانی دەریا دەدوێن.

- زمانی دەریا چییە؟

- دەریا بە زمانی دوێنێ نادوێت، لەبەر ئەوەی بیرگەکەی کورتخایەنە،

هیچی دوێنێش هەڵناگرێت؛ سوودی ئەمڕۆی بۆی نەبێت، چارۆگەکانیش هەمان چەشنن، هەردەم سەیری پێشەوە دەکەن، لە شتی نوێ دەگەڕێن، لە زریانەکان ناترسن، چونکە دەزانن هەر شتی جوانیان بەدوادا دێت.

- ئەی چۆن ئەم چارۆگەیە سپی ماوەتەوە؟

سەیری دووری دەریای کرد و هەناسەیەکی هەوای بۆنخوێی هەڵمژی، بەهێمنی هاتەوە قسان:

- ئەفسانەیەک هەیە دەڵێت: چارۆگەکان گیانی کاپتنەکانیان دەپارێزن، جا ئەگەر کاپتنەکان بۆ دەریاوانەکانی خۆیان پیاوی ڕاستگۆ و بەئەمەک بوون؛ چارۆگەکان بۆ بە نەمر هێشتنەوەی یادی کاپتنەکانیان؛ هەمیشە سپی دەمێننەوە.

- باشە بۆچی چارۆگەکە لێ ناکەنەوە و لە ماڵی کاپتنەکەیدا بیپارێزن؟

- چارۆگە دوایین پارچەیە لە کەشتی گرێ بدرێت، لێشی ناکەنەوە هەتا نقووم نەبێت، نەریتی دەریاوانان وایە، دەزانم ئێستا کاپتنەکەمان لێیەوە سەیرمان دەکات، گوێی لەم قسە ئێوارەییانەمانە و بەم باسوخواسە نابەجێیانەمان پێدەکەنێت، ئەم چارۆگەیە دوایین شتە لە خەونەکانمان بمێنێتەوە، لەوەوە خەونەکانی خۆمانمان ڕستووە و هەر بە هۆی ویشەوە پێیان گەیشتووین.

# زیاد لە پێویستەکان

کورتە ڤیدیۆیەکی "پیتەر سمێدڵی"م تەماشا کرد، ملیۆنێرێکی بەریتانیی هۆتێڵەکان بووە، لەبەردەم کامێرەدا و لە فیلمێکی بەڵگەنامەیی کەناڵی "BBC"دا؛ کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا، پیتەر بەدەست نەخۆشیی دەمارە پشێویی جووڵەییەوە دەیناڵاند، دەردێکی دەگمەنە و زیاتر تووشی کەسانی بەتەمەن دەبێت، لە جومگەکان و شوێنە جیاجیاکانی لەشدا؛ ژانی توند دەنێتەوە.

پیتەری ملیۆنێر؛ بڕێک دەرمانی بکوژی خواردەوە و دوای چەند ساتێک لە ژیان دایبڕی، ئەوەی جێی سەرسوڕمانە؛ لەو ساتە کورت و هەستیارەدا سوپاسی کەسانی دەوروبەری خۆی دەکرد، دواتر دەستی هاوسەرەکەی خۆی گرت و بەهێمنی پێی دەگوت: "ئازیزەکەم، خۆڕاگر بە" و لە دیمەنێکی پڕ پەژارەدا؛ چاوانی لێک نا، وەلێ لەوپەڕی نامۆییدا بوو، سەرەڕای ناکۆکیی ئەو کارەی لەگەڵ تەواوی نەریتە مرۆیی و ئایینە ئاسمانییەکان؛ پیتەر بە نزیکبوونەوەی مەرگ شادمان و بەختەوەر دەهاتە پێش چاوان، دەتگوت دەمێکە چاوەڕوانی ئەو تاوەیە.

هیچ کەس ناناسم بەدەست ژانێکی دەروونییەوە یان بەدەست ئێشێکی لاشەییەوە نەناڵێنێت، وەلێ خەڵکی لە شێوازی ناسین و مامەڵەیان لەگەڵ ئێش و ژانەکان جیاوازن، ڕەنگە لەگەڵ ژانەکەیان بسازێن و بە پارچەیەکی دانەبڕاوی ژیانیان دایبنێن، بایەخ بە کەمبوون و زیادبوونی نەدەن؛ مادەم دەتوانن هەموو ڕۆژێک خەندە بخەنە سەر لێوانیان، کەسی وا دەناسم؛ هەشت ملیۆن دۆلار زیاتر قەرزدارە و بێکاریشە، هەموو جارەکانیش کە

لەگەڵیدا دادەنیشم؛ لە خۆم گەشبینتر و بگرە داهێنەرانەتر دەیبینم لە ژیان، مرۆڤی واش هەیە؛ هەتا کەسی گوێگری دەست بکەوێت؛ گلەیی و نیگەرانییەکانی خۆی باس دەکات، هەتا ژانی لێ دەبێتە گیاندارێکی دڕندەی وەها؛ چڕنووکەکانی لە پشتی نێچیرەکەی چەقاندبێت.

تەنیا دوو شت دەتوانن بگەنە گیانت؛ ئەوین و باوەڕ، ئەوین دەروون بوێر دەکات، لەپێناو بەختەوەریدا قوربانی بدات نەک لەپێناو مەینەتیدا؛ بەو جۆرەی هەندێک کەس ئەنجامی دەدەن، باوەڕیش دەروون بەهێز دەکات، بتوانێت بەرەو خواستەکانی بەبێ ترس و دوودڵی پێش بکەوێت، بە هەردووکیانەوە مرۆڤ دەتوانێت بەسەر بێئومێدیدا زاڵ ببێت، ئەوین لە پشتێنی خۆپارێزیی ناو ئۆتۆمبێل دەچێت، لە ڕێگەکانی ژیاندا متمانەمان پێ دەبەخشێت، جاروباریش کاتێک ناچاری گرتنە بەری ڕێگەیەکی تاریک و ناهەموار دەبین؛ هەستێکمان پێ دەدات؛ کەسێک هەیە لەگەڵ سینەی خۆیدا یەکمان دەخات، تاکو تاریکی بکاتە ڕۆشنایی و ترس بکاتە کامەرانی، باوەڕیش وەک پەڕەشووتی ئۆتۆمبێل وایە، ئەگەر یەکێکمان لە ڕێچکە لای دا و ڕۆژگاری لێ سەرەوبن و بارودۆخی لێ ئاوەژوو بووەوە؛ هەر تەنیا باوەڕە دەتوانێت لەو تاسانانەی کەم بکاتەوە و سەرەڕای ئێش و ژان؛ ئاسوودەیی پێ ببەخشێت، هەر باوەڕە دەربازبوو وا لێ دەکات؛ سوپاسی خودا بکات لەو ڕووداوە نەمردووە، نەک تەنیا لەبەر ئەوەی هێشتاکە لە ژیاندایە؛ بەڵکو تاکە قاچە ماوەکەی بە تێپەڕینی کات دەتوانێت لەخۆی بگرێت و بەسەر شاخاندا هەڵگەڕێت.

دوای بینینی ئەو دیمەنە پرسیم: مرۆڤ بۆچی کۆتایی بە ژیانی دەهێنێت؟ دوای شەوێکی تەواو لە بیرکردنەوە گەیشتمە ئاکام؛ دەبێت پیتەر بێچارە

بوو بێت لە پێشبینیی ئەو بەختەوەرییەی ئایندەی ژیانی لەخۆی گرتبوو، بگرە بێکارە بووە لە گەڕاندنەوەی ئەو یادەوەرییە جوانانەی لە وردەکاریی بچووکدا خۆیان حەشار دەدەن؛ یانی ئەو دژەژان و هێورکەرەوانەی بۆ بەرەنگاربوونەوەی بێئومێدی زۆرمان پێویست پێیانە، زۆر سەیرە یەکێک بوێریی کۆتایهێنان بە ژیانی خۆی هەبێت و لە بەرەنگاربوونەوەی ئازارەکانی بترسێت!

مرۆڤ شکۆ لەدەست دەدات؛ کاتێک ڕووبەڕووی هەموو سەختییەکی دەوروبەری دەبێتەوە و لە بەرەنگاریی ئەو دژوارییانە بیم دایدەیگرێت؛ کە لە ناوەوەیدا پەنگ دەخۆنەوە، هەموو گەردەلوولێک کۆتایی دێت، هەموو شەپۆلێک لێک دەترازێت، هەر تەنیا ئەو کەسەشی بڕوای بەمانە هەیە خۆی فێرە مەلە دەکات؛ تا لە نقوومبوون نەترسێت، مرۆڤ لە ساویلکەیی خۆیەتی کاتی زریان بۆ فێربوونی مەلەوانی بەخۆ بێتەوە، لە ترسنۆکیی خۆشیەتی نەیکات، بوێرێکی ساویلکە بم باشترە لە ترسنۆکێک خۆی بداتە دەست بارودۆخەوە.

جاروبار دەپرسم مرۆڤ چۆنچۆنی لەم جیهانە پڕ ئازارەدا بەختەوەری دەدۆزێتەوە؟ ناتوانین جیهان گوڵڕێژ بکەین، بەڵام دەتوانین گوڵێک بچێنین و ڕۆژانە لە کاتی لە ماڵ دەرچوون ببینین، ناتوانین جیهانی دەوروبەرمان وەک خواستی ناوەوەمان بسازێنین، بەڵام دەتوانین لە ناخی خۆماندا هەر چۆنێکمان بوێت بنیادی بنێین، جیهانی ناوەوە تەنیا لای ئەو ڕەشبینانە ڕەنگدانەوەی جیهانی دەرەوەیە؛ کە لە پەراوێزی بووندا ژیان دەبەنە سەر، جارێکیان خوێندمەوە کۆمەڵێک پزیشک دوو دەرمانیان بۆ تیمارکردنی دڵ دەرهێناوە، دەرمانێکیش دژی شێرپەنجە و یەکێکی تریش بۆ چارەکردنی

دەردەکانی مێشک، هەموو ئەمانەش لە ناوەوەی ماردا، منیش دەمپرسی چۆن دەتوانین دەرمان لە ناوەوەی ماردا بدۆزینەوە و ناتوانین لە ناوەوەی مرۆڤدا بیبینینەوە؟

کوشندەترین ئازار لەدەستدانی باوەڕە بە بەیانییەکی چاکتر، زەردەشت دەڵێت: "زیاد لە پێویستەکان مەرگی خۆیان دەکەنە کارێکی گرنگ، هەم گوێزی کلۆریش دەیەوێت بشکێنرێت".

ئەوەی هۆگری ژیانە؛ مردنی پێ باش نییە، ئەوەی لە بارەی مردنیشەوە دەدوێت؛ ژیانی پێ چاک نییە.

## دەستماڵ

دۆڵابەکەی بە لایەکی ژوورەکەوە دانرابوو، بە دەستەکانی هەستی پێی دەکرد، بەهێمنی دەیکردەوە و دەنگێکی وەک بزوێنەرە کۆنەکانی لێ دەهات، بە پەنجەکانی لێوەکانی سندووقە ئەلەمنیۆمە ڕزیوەکەی پاک دەکردەوە، دانیشتووانی نیمچە دوورگەی عەرەبی کاتی خۆی بۆ هەڵگرتنی جلوبەرگ و شتومەکە گرانبەهاکانی خۆیان بەکاریان دەهێنا، گەرچی ئەم نەریتەیان ئێستا نەماوە؛ بەڵام بەتەمەنەکانیان ئێستاش بۆ لەبیرنەکردنی ڕابردوویان ئەو سندووقانە لە ژوورەکانی خۆیاندا هەڵدەگرن.

پۆشاکەکانی بەڕێکوپێکی بەسەر یەکەوە کەڵەکە دەکرد، بە پەنجەکانی دەستی لێیان دەدا، دەستی بەبەر شووشە بۆنێکی کۆنی عەرەبی دەکەوت، لە سندووقەکە دەریدەهێنا، لەتەنیشت خۆیەوە دایدەنا، دووبارە دەستی نوقمی سندووقەکە دەکرد؛ دەتگوت گەنجینەیەکە بەنەرمی دەریدێنێت؛ نەبادا تێکی بدات، دوای گەڕانێکی کەم دەیدۆزییەوە، لە ڕووی خۆی نزیکی دەکردەوە و هەڵیدەمژی، دواتر بۆ دڵنیابوونەوە لە دەستماڵە دروستەکە؛ دەستی لە لێوە ئۆیەکراوەکانی دەدا.

شووشە بۆنەکەی دەکردەوە و چەند دڵۆپێکی لە دەستماڵەکە دەدا؛ وەک ئەوەی دەست بە پشتی پشیلەیەکدا بهێنێت، ئینجا شووشەکەی دەخستەوە شوێنی خۆی و سەری سندووقەکەی دادەخست؛ وەک ئەوەی ساوایەک لە بێشکەکەی خۆی دابنێت.

بۆ نوێژ دەوەستا و دەستماڵەکەی ڕێک دەخست، بەهاری لەو شوێنە ڕادەخست و گوڵاپڕژێنی دەکرد، بەتوندی لە سەری خۆی دەیپێچایەوە و

کەمێک دەوەستا؛ تا فریشتەکان دەوری بدەن، ئەو هەستی پێیان دەکرد، دەشیزانی بۆنی ئەو گوڵاوەیان پێ خۆشە، دوای ئەوەی ژوورەکە لە بەرامە و بەرەکەت پڕ دەبوو؛ نوێژەکەی خۆی دادەبەست، نزاکانی بە شوێنەکەدا بڵاو دەبوونەوە، فریشتەکان دەیانگرتنە ئەستۆی خۆیان و بەرەو ئاسمان بەرز دەبوونەوە، بەرامەی دەستماڵەکەی؛ کازیوەی وێنا دەکرد و نزاکانی ڕەنگیان بەبەردا دەکرد؛ تاکو سپێدە هەڵبکات، کزەی دەرچووی خشەی باڵی فریشتەکان لەگەڵ لێوەکانی دەستماڵەکەدا دەکەوتنە سەماکردن؛ بە هەمان چەشنی سروە ژیانبەخشەکانی چارۆگە نیوە لوولدراوەکانی کەشتییەکان دەبزوێنن، ئەوانەی لە بەندەرەکاندا خانەنشین کراون، دوای نوێژکردنیش؛ بەرماڵەکەی قەد دەکرد و دایدەنایە سەر سندووقەکە، بە هەستی دەستەکانی بەرەو دەرەوەی ژوورەکە بەڕێ دەکەوت؛ ئەو دەمەی هەمووان و بگرە تیشکەکانی خۆریش لە خەودا بوون.

بۆ دڵنیابوونەوە لەو دوو دارخورمایە دەچووە دەرەوە؛ کە بەری سی ساڵان بە دەستی خۆی لە کاتی نیشتەجێبوونی لەو شوێنەدا چاندبوونی، بە چاوانی نا؛ بەڵکو بە دەستەکانی دەیانبینی، کە بەبەر کۆمەڵە گوڵێکی ناو باخە بچکۆڵانەکەیدا تێدەپەڕی؛ بۆ دڵنیابوونەوە لە تێراوییان کەمێک دەوەستا، دەستماڵەکەی بەرامەیەکی لە قووڵایی مێژووەوە دەبەخشییە گوڵەکان، بۆ تەمەندرێژییان دەیرشتە دڵیان، دوو دارخورماکەش لەگەڵ ئەو بۆنەدا خەبەریان دەبووەوە؛ بەری پێگەییو بڕوێنن.

دەستماڵەکە میچی سەرگوزەشتەکانە، سایەی خۆشەویستی و ئارامیی گیانانە، لە بارەی ئەوانەوە بۆمان دەدوا؛ کە بەوێدا تێپەڕیون و جێیان دیار ماوەتەوە، چیرۆکی وشترەکان و لەوەڕگەکانی بۆ دەگێڕاینەوە، پاڵەوانێتی و

ئەفسانەی دەریاوانەکان، پاشان بەهێمنی دایدەپۆشیین؛ تا دەخەوتین.

دوای دڵنیایی لە دارخورماکانی کە دەتوانن بەر بگرن؛ دەسووڕایەوە بگەڕێتەوە ناوماڵ، گوڵەکان یەکیەک ڕێنوێنییان دەکرد و بەسەلامەتی دەیانگەیاندەوە بەری دەرگە، گوڵەکان بۆ بۆنخۆشکردنی دەستەکانییان دەماڵییەوە، دەستماڵەکەشی بۆ ڕەنگاندنیان سەریانی دەماڵییەوە، ئەو تەمەنداره چاک دەیزانی؛ دەستماڵەکەی ئارامیبەخشە بە شتەکان، بۆیە هەموو بەیانییەک بۆ بڵاوکردنەوەی ئەوین بە زەمیندا لەسەری دەکرد، بگرە هەموو ئێوارەیەکیش؛ تاکو تەبایی ئاسمان بتەنێتەوە.

منداڵەکانی لە دەوری خوانی ڕۆژووکردنەوە کۆ دەبوونەوە، هەر کە چاویان پێی دەکەوت؛ خێرا بەپیرییەوە دەچوون و دەست و سەریان ماچ دەکرد، هەمووان تێنووی نزاکانی و بۆنی دەستماڵەکەی بوون، ئەویش ماچی دەکردنەوە، جلیانی دەماڵییەوە، شتێکیانی لە دەستیدا دەهێڵایەوە، پێکەنینەکانیانی لە گوێی خۆیدا کۆ دەکردەوە، بیری لە دەنگ و پێکەنین و پیتەکانیان پڕ دەکرد.

ئێواران دەستماڵەکەی لەسەر دەکردەوە، نەوە بچووکەکانی داڵدەیان دەدا و زۆری بۆ دەگێڕانەوە، یارییان لەگەڵ لێوی دەستماڵە سپییەکەیدا دەکرد و دڵی بەفرینیانیان بە بیریدا دەبرد، چیرۆکەکانی بۆ تەواو دەکردن و نێوچەوانیانی ماچ دەکرد، بەدڵخۆشی ڕایاندەکردە ژوورەکانی خۆیان، دەنگی ئەو دڵی دەگرتن، دووریی ئەو دڵگرانی دەکردن، دەرووی هەست و سۆزی خۆیانیان بۆ دەکردەوە؛ بۆیان لە نەرم و نیانی لێوانلێو بکات.

دوای دڵنیایی لە دانی خۆشەویستی بە هەموو دەوروبەرەکەی؛ شادمان بوو بە تەواوکردنی ئەرکەکەی، چووە ژوورەکەی، دەستماڵەکەی داکەند

و بە دیوارەکەی هەڵیواسی، دڵی ئاوی خواردەوە و ڕۆیشت و بۆ هەمیشە نەگەڕایەوە.

ژیان دەستکردی ئێمە نییە، بەڵام خۆشەویستی با.

# ئاشەکانی ترس و دوودڵی

"سێرڤانتێس"ی ڕۆماننووسی ئیسپانی؛ لە "دۆن کیخۆتە"ی بەرهەمە دنیابرەکەیدا لە بارەی پاڵەوانێکەوە دەدوێت؛ بە چیرۆکە سوارچاکییەکان گەلێک کاریگەرە، بۆیە بڕیاری ئەوە دەدات؛ بە جلی ڕزیو و چەکی ژەنگین و بە ئەسپێکی لڕ و لاوازەوە دەربچێت، بەو مەبەستەی شکۆیەکی تایبەت بە خۆی دروست بکات و لە دوای خۆی چیرۆکە سوارچاکییەکەی بگێڕنەوە، لەگەڵ ئەوەی هەرگیزیش سوارچاک نەبووە.

دوای چەند ڕۆژێک ڕێ بڕین؛ سی ئاشی هەوایی دێنە سەر ڕێگە، دەڵێتە "سانشۆ"ی شیرهەڵگری: "سی دانە یاخیی دڕندەی باڵدرێژ لەبەردەممانن، ڕووبەڕوویان دەبینەوە و ژیان لە هەر هەموویان دادەماڵین"، هاریکارەکەی بەسەرسامییەوە وەڵام دەداتەوە: "هیچ یاخییەک لە ئارادا نییە، ئەوانە تەنیا ئاشی هەوایی باڵدارن، هەوا دەیانسووڕێنێتەوە و دەست و بازوو نین!"، بەڵام دۆن کیخۆتە سەرزەنشتیی هاریکارەکەی دەکات و بە ترسنۆک ناوی دەبات، پاشان بەتەنیا دەردەپەڕێتە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاشەکان، هەر کە لەگەڵ ئاشی یەکەمیاندا لێک دەدەن؛ نێزەکەی تێک دەشکێت و لەسەر ئەسپەکەی بەردەبێتەوە سەر زەوی.

لە ناخی هەر هەمووماندا دۆن کیخۆتەیەکی بچووک هەیە، لە خەیاڵی خۆیدا یاخی بۆ خۆی ساز دەکات، لە داوەکانی وەهم تەگەرەی بێبنچینە بۆ خۆی دەدوورێت؛ کە لە ڕاستیدا هیچ بنەمایەکیان نییە، هەر چەندی لە ژیانیدا هەوڵی سەرکەوتن دەدات؛ بە نەتوانینی تێپەڕاندنی ئەو یاخییانە بیانوو بۆ خۆی دەهێنێتەوە؛ کە لە شێوەی هەژاری و بێهیوایی و بێکاریدا

خۆیان دەنوێنن، یان هەر کۆسپێکی تری ژیان بن، تەمەنی خۆی بە ترسان و دووڵی لە بەرەنگاربوونەوەیان بەسەر دەبات.

لەنێوان ترس و دوودڵیدا ئەو تاریکایی و بێهواییە دەژین: کە هەموو هەلێکی سەرکەوتن لە ئاش دەدەن، ترسەکانمان ئاشن، لە خودی خۆمان و لە بیرە پڕ نەرێنییەکانمان سازمان داون، جارێکیان ئامارێکم خوێندنەوە دەڵێت؛ مرۆڤ لە هەژدە ساڵی یەکەمی ژیانیدا؛ ١٤٨ هەزار جار وشەی نەخێری گوێ لێ دەبێت، بەڵێش چەند هەزارێک تێناپەڕێنێت، خێزان و قوتابخانە و کۆمەڵگە بەشدارن لە توندکردنی ترسەکانی دەروونی مرۆڤ؛ لە ڕێی ترساندن لە ڕووکردنە هەر کارێکی نوێ و بوێرانە، بۆیە دەروونی خۆی لەسەر کشانەوە لە ئەنجامدانی هەر شتێکی دەرەوەی ڕێڕەوی ژیانە ڕۆتینییەکەی بەرنامەڕێژ دەکات، ئەو دەمەی ڕووبەڕووی بەرەنگارییەکانی ژیانیش دەبێتەوە؛ زلیان دەکات، ئاشی زەبەلاحیان لێ دروست دەکات، جیاوازی لێرەدا ئەوەیە؛ وەک دۆن کیخۆتە ڕووبەڕوویان نابێتەوە، بەڵکو خۆی ڕادەستیان دەکات و دەبێتە دیلی کۆتوبەندە وەهمییەکان.

بێئومێدی شێرپەنجەی ژیانە، ترس سووتەمەنیی دوودڵییە، کاتێکیش مرۆڤ بەر لە کردنی هەر کارێکی نوێ؛ هەوڵ دەدات هەموو وردەکارییەک بزانێت؛ دوودڵی بۆ خۆی دەخولقێنێت، کاتێکیش لە نرخی ئەو وردەکارییانە زیاد دەکات؛ بیم بەبەر خۆیدا دەهێنێت، بۆیە دوودڵ باوەڕی بە مێشکی خۆی نییە، ترسنۆکیش متمانەی بە دڵی خۆی نییە، ئەگەر ترسەکانی ئێمە ڕاستین؛ بۆچی کەسانی دیش هێندەی ئێمە بەدەستیانەوە نانالێنن؟

دوودڵی ئەو خواستانایە باوەڕمان پێیان نییە، دەزانین جوانن، بەڵام دەترسین لە ڕێگەی پێگەیشتنیان بکەوین، ئەم ترسەش خودی هۆکاری

وەستانمانە، لەبیری دەکەین کەوتنەکانمان زیاتر لە سەرکەوتنەکانمان دروستمان دەکەن، بۆیە دوودڵ واز لە جڵەوی خۆی دەهێنێت؛ ئەوانی دی هەڵیبسوورێنن و دەستگرتن بەسەر چارەنووسی خۆی لەدەست دەدات، لە ژیانیشدا جگە لە چاوەڕوانی بۆ سۆز و چاکەی کەسانی تر؛ هیچی تری بۆ نامێنێتەوە، بگرە ترسنۆک پێویستیی خۆی بۆ ئایندە ڕەت دەکاتەوە، چونکە لە ڕێگەکانی دەترسێت، ڕێگەکانی ئایندە بەبەر چاوانییەوە تاریکن، بەڵام تەنیا تاریکییە جوانی دەبەخشێتە ڕۆشنایی و بۆ گەڕان بەدوایدا هانمان دەدات، یاخود بە دەستی خۆمان دایبهێنین، متمانەنەکردنی ئێمە بە ئایندە هەبوونی ئەو هەڵناوەشێنێتەوە، بەڵکو بوونی خۆمان پووچەڵ دەکاتەوە.

کە دەبینم ترس و دوودڵی کۆمەڵگە عەرەبییەکانمانیان وەک تەنی ڕەش کردووە؛ دەپرسم؛ ئایە ئەو کتێبە دروستانە دەخوێنینەوە کە ئاسوودەیی لە دەروونمان دەچێنن و بوێری لە ناخمان تۆکمە دەکەن؟ ئایە ئەو هەواڵ و زنجیرانە سەیر دەکەین؛ کە بەرەو پێکەنین و بیرکردنەوە و پرسین پاڵمان دەدەن؟ زۆرینەی دەروازە ڕۆشنبیرییەکانمان؛ کە بەشی گەورەی بنیادنانی کەسایەتییەکانمان داگیر دەکەن؛ دەروازەی نەرێنین، هەموو باوەڕێکمان بە سەرکەوتن لێ دەکوژن، بەدرەفتاریی ترس لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگەدا دەڕوێنن، شەرم نییە مرۆڤ بترسێت، شەرم ئەوەیە ترس دەست بەسەر مرۆڤەکاندا بگرێت، بوێری نەترسان نییە، بەڵکو توانستی هەڵسووڕاندنی ترسە.

دووپاتبوونەوەی نەخێرەکانی ژیانمان؛ نەرێنیی کردۆتە بارێکی ئاسایی، لەو دەمەیڕا منداڵین؛ قەدەغەی لەم شێوەیەمان گوێ لێیە؛ "ئەمە مەکە،

ئەمە شەرمە، ئەمە نەشیاوە، خەڵکی چی لەبارەتەوە دەڵێن؟"، تا ئەم گرێ کوێرانە لە ژیانمان ڕەنگ دەدەنەوە، ئینجا خەڵکی لە دادگەی نادادگەری کۆمەڵگەدا بەسەرمانەوە دەبنە دادوەر.

کاتێک دەچیت جلی نوێ بکڕیت؛ بیر لە ڕای خەڵکی دەکەیتەوە، کاتێک لە شوێنی گشتی پێدەکەنیت؛ بیر لە وێنەی خۆت دەکەیتەوە لەبەر چاوان، کاتێک بڕیاری هاوسەرگیری دەدەیت؛ لە دەستنیشانکردنی هاوژینەکەت زۆر وریا دەبیت، نەبادا لەگەڵ پێشبینیی خەڵکیدا نەگونجێت، لە زەلکاوی ئەم هەموو پەرێشانییە کۆمەڵایەتییەدا؛ مرۆڤ بیری دەچێتەوە بەئازادی بجووڵێتەوە؛ بۆ ئەوەی خەڵکی بچنە وردەکارییەکانی ژیانییەوە.

ترس چەشنی ژیانی ئافرەتێکە لەگەڵ پیاوێک خۆشی نەوێت، دوودڵیش وەکو ژیانی پیاوێکە لەگەڵ ئافرەتێک متمانەی پێ نەبێت، یەکەمیان لە داخان و دووەمیان لە ڕاڕاییان دەمرێت، ئەوەی دەیەوێت لە ترس قوتاری بێت؛ گەرەکیەتی لە خودی خۆی بگات، بۆ دەربازیش لە دوودڵی؛ پێویستە لە ژیان بگات، لە دەروون گەیشتن بە چێژلێوەرگرتن و مەشقپێکردنی دێتە ئاراوە، لە ژیان گەیشتنیش بە قووڵبوونەوە لە ئەزموونەکانی و بەرگەگرتنی ژانەکانی دێتە کایەوە.

شکاندنی بەربەستی ترس و بیم ئەودیومان نیشان دەدات و بەرەنگاریی ترسەکانیشمان سەرکەوتنمان بەسەریاندا خێرا دەکات، چونکە گومان لەوەدا نییە ڕووبەڕوومان دەبنەوە، ئەو شتانەشی دەمانترسێنن؛ ئەوانەن دەبێت لێیانەوە دەست پێ بکەین، لە کۆتاییشدا نابێت لە هەوڵدانەوە بێئومێد و هیوابڕاو بین، وەک سێرڤانتێس دەڵێت: "کات هەموو شتێک پێ دەگەیەنێت".

# گیانی یەکگرتن

دوای نوێژی بەیانی بە بەلەمێکی بچووکەوە بەڕێ دەکەوت، ئەو جۆرە بەلەمەیان لە کۆندا لە کەناری کەنداوی عەرەبیدا بۆ ڕاوەماسی بەکار دەبرا، بەربڵاوترین جۆری ناوچەکە بوو، بۆ جووڵاندنی سەوڵیان بەکار دەهێنا، جاروبارێش چارۆگەیەکی بچکۆڵە، لە تەنها سێ کەسیش زیاتری هەڵنەدەگرت، دەگەیشتە شوێنی ڕاو و دوای داوای سەرکەوتن لە خوای گەورە؛ تۆڕەکەی فڕێ دەدا ئاوەوە، تا لە نزاکانی کۆتایی دەهات؛ شەش بەلەمی تریش دەهاتنە نزیکییەوە و چاو و گوێیان لە یەک دەبوو، وەک ئەویان دەکرد، سەیری یەکتریان دەکرد و سڵاویان لە یەکدی دەکرد، هەمووان بۆ یەکدی خوازیاری ڕاوی بەفەڕ بوون.

کە کاتی ژەمی نیوەڕۆ نزیک دەبووەوە؛ بەلەمە بچووکەکانیان لە یەکتر نزیک دەکردەوە، هەر یەکەیان خواردنی خۆی دەردەهێنا و لەگەڵیاندا بەشی دەکرد، دوای داوای بەرەکەتی خواردنەکە لە خوای گەورە؛ بە هەمووی کەمتر لە نیو کاتژمێریان لە خواردن و گفتوگۆ و پێکەنیندا بەسەر دەبرد، پاشان کەمێک بەری خۆرنشینیش؛ تۆڕەکانیان دەردەهێنا و ماسییە پێوەبووەکانیان لێ دەکردەوە، بۆ چوونەوە خۆیان ئامادە دەکرد و تۆڕەکانیان دەپێچایەوە و لە بەلەمەکانی خۆیانیان دادەنایەوە، وەلێ بەر لەوەی هەر یەکە و بەرەو ئاراستەی گوندی خۆی بەڕێ بکەوێت؛ بۆ دوا جار لە یەکدی نزیک دەبوونەوە، تاکو دڵنیا بنەوە هیچ بەلەمێکیان لە ماسی بێبەش نییە، ئەگەر بینیباشیان؛ هەر یەکەیان هەندێک ماسی ڕاوکراوی خۆیانیان دەهاوێشتە بەلەمی بەتاڵی دۆستەکەیانەوە؛ بێ ئەوەی

هیچ شتێک بڵێن، ئەم دیاردەیە ببووە نەریتێکی بێدەنگی نێوانیان، ئینجا دەڕۆیشتنەوە.

شەوانە کابووسێک بەسەر زایدی دادەدا، زاید یەک بوو لەو پیاوانە، بۆیە زووتر لەوانی تر هەڵدەستایەوە و پێش ئەوانی دی دەگەیشتە شوێنی ڕاوەکە، ئەو کابووسە چەندین ساڵ بوو خەو و خۆراکی لێ تاڵ کردبوو، دەیبینی شەپۆڵەکانی دەریا بەرز دەبنەوە و بای توند هەڵدەکات، بەلەمی دۆستەکانی سەرەوبن دەبوون و یەک لە دوای یەک نغرۆ دەبوون، هەوڵی ڕزگارکردنیانی دەدا، وەلێ پێی نەدەکرا، پاشان گوێی لە دەنگێکی دوور دەبوو، دەیگوت: "دڵتەنگی لەگەڵ کۆمەڵدا شادییە"، لە خەو ڕادەبوو، دەیبینی لەشی بۆتە پارچەیەک ئارەقە، هەندێک قورئانی دەخوێندەوە، پاشان دوو ڕکات نوێژی بەر لە بەیانی دەکرد و تکای دەکرد شتی وا ڕوو نەدات.

ڕۆژێکیان بەر لە یەکتر جێهێشتنی ڕاوچییەکان لە شوێنی ڕاوەکەیان؛ یەکێکیان لێی نزیک بووەوە و پێی گوت کەوا بەلەمەکەی کون بووە و نایگەیێنێتەوە وشکانی، داوای لە زاید کرد لەگەڵ خۆیدا سواری بکات و بەلەمە کونبووەکەشی بە پەتێک بە دوای خۆیانەوە ببەستنەوە، زاید بەخۆشحاڵییەوە داواکەی پەسند کرد و هاوڕێکەی لەتەنیشتی دانیشت؛ سەوڵێکی بەدەستەوە گرت و زایدیش سەوڵەکەی دی، هەتا گەیشتنەوە دەربەندەکە بەیەکەوە سەوڵیان لێ دا.

- زووتر گەیشتین ها!

پیاوەکە بەپێکەنینەوە وای گوت و زایدیش بەسەرسوڕمانەوە وەڵامی دایەوە:

- بێگومان! دووریيەکەمان بە تەنیا نیو ئەوەندە بڕی.

زاید گەڕایەوەماڵەوە و بیری لەوە دەکردەوە؛ چۆن بە هۆی یارمەتیی هاوڕێکەیەوە توانیویانە زووتر و بە ماندووبوونی کەمتر بگەنەوە، خۆ ئەگەر لە ڕاویشدا هاریکاری یەکتر بن؛ ڕەنگە هەڵکشاندنەوەی تۆڕەکە و لێکردنەوەی ماسییەکانیش کاتی کەمتر بخایەنێت، بگرە لەوانەیە بتوانن بگەنە دووریيەکی زیاتری دەریاکە و ئەوێش ماسیی یەکجار زیاتری تێدایە، ئەمانەی بە مێشکدا دەسووڕایەوە.

دوای ئەوەی بیرکردنەوە زایدی ماندوو کرد؛ سەرخەوێکی لێ شکاند، هەمان خەوی دیتەوە، بەڵام ئەم جارە بەلەمەکان بەپاڵ یەکترەوە ببوونە یەک پۆل و هەر یەکە توند بەلەمی هاوڕێکەی خۆی گرتبوو، ئەڵقەیەکی تۆکمەیان پێک هێنابوو، شەپۆل بەرز بووەوە و هەموو بەلەمەکان بەبێ سەرەوبنبوون بەیەکەوە بەرز بوونەوە، یەکەم جار بوو ئاوەژوو نەبنەوە، دوای هێوربوونەوەی زریانەکەش هەمان دەنگی گوێ لێ بووەوە، دەیگوت: "ئێستا کاتی شادییە".

ڕاپەڕی و خێرا بەرێ کەوتە دەریاکەوە، گەیشتە برادەرەکانی و پێی گوتن:

- باوەڕتان بە خەون هەیە؟

وەڵامیان دایەوە دەکرێت هەندێک لە خەونەکان لێک بدرێنەوە و ڕاست هەڵگەڕێن، ئەوەی لە خەو دیبووی؛ بۆیانی گێڕایەوە و پێی گوتن:

- ئەگەر بتوانین بگەینە دووریيەکی زیاتری دەریاکە؛ دەتوانین ڕاوی زیاتر چنگ بخەین، بەڵام بەم بەلەمە بچووکانەمانەوە ئەمەمان پێ ناکرێت، چی دەڵێن بەلەمێکی گەورەتر دروست بکەین و کاری تێدا بکەین؟ مەبەستم کەشتییە، ئێمەی پێ دەگەیەنرێتە ئەو شوێنانەی ماسیی گەورەیان لێ کۆ

دەبێتەوە، بەم شێوەیە دەتوانین ماسیی زیاتریشی تێدا بار بکەین.

ڕاوچییەکان چاویان لێی زەق ببووەوە و سەیری یەکیان کرد، یەکێکیان پێی گوت:

- چۆن گەمیەمان پێ دەکڕدرێت؟ پارەی پێویستمان نییە!

- ئەگەر بێت و هەر حەوت بەلەمەکەمان بفرۆشین؛ دەتوانین بەشێکی پارەی گەمیەکە بدەین، ئەوەکەی تریش دواتر بە قەرز دەیدەین، بیرتان بێت؛ ماسیی زۆر ڕاو دەنێین!

دوای چەند مانگێک ڕاوچییەکان بەیانییان بەیەکەوە بەسەر پشتی گەمیەکەوە بەرەو دەریا بەڕێ دەکەوتن، لەبەر فراوانیی قەبارەکەشی؛ منداڵەکانیشیانیان لەگەڵ خۆیان دەبرد؛ لە کارکردن یارمەتییان بدەن، گەورەکان بایەخیان بە ڕاوکردن دەدا و هەندێک لە منداڵەکانیش هارییان دەکردن، منداڵەکانی دیکەش لەناو کەشتییەکەدا کاریان دەکرد، پاکیان دەکردەوە و چێشتیان بۆ سەرنشینان ئامادە دەکرد، ڕێکیش کەوتن زاید بکەنە سەرکردەی خۆیان.

دوای زیاد لە چل ساڵان؛ گەمیەکەیان بوو بە کەشتیگەلێکی یەکجار زەبەلاح و بەناو دەریاکانی جیهاندا گوزەریان دەکرد، نوێترین کەشتییان بەکار دەبرد، ئێستاش هیچ بەندەرێک نییە لە جیهاندا کەشتییەکی سەر بەوانی تێدا نەبێت.

زاید بەر لەوەی بمرێت بە منداڵەکانی خۆی گوت:

"کاتێک بۆ یەکەمین جار بە کەشتییە گەورەکەمان بەرەو دەریا بەڕێ کەوتین؛ لە شارەزاییمانەوە نەبوو، بەڵکو لە باوەڕەوە بوو، باوەڕبوون بە پێویستیی یەکگرتن و خواستی بەدیهێنانی بەرژەوندیی منداڵەکانمان؛ کە

تەنیا بە یەکگرتن دێتە ئاراوە".

دوای کۆچی زاید؛ لەسەر گۆڕەکەی نووسییان: "ئەو خەونانە جوانترینن کە لە خەودا و لە بەئاگاییدا بەسەرمان دادەدەن"، ئەو کەشتیگەلەش ئەمڕۆکە بە "ئیماڕات" ناو دەبرێت.

# پەراوێزەکان

لە پەراوێزەکانی ژیاندا گەلێک گەمژەیی و گوناه و تاوان و سووچ و هەڵەمان ئەنجام داوە، دواتر لە ناوەندی پەڕەکاندا و لە دێرە بەرچاوەکاندا خۆمانمان بە تەوبە و پەشیمانی دڵخۆش کردووە، هەتاکو خەڵکی گومانی دڵپاکی و چاکیمان پێ ببەن.

پەراوێزەکان فێریان کردین؛ ئەو ساتانەی بایەخ نادەینە تۆمارکردنیان و لەبیریان دەکەین لە پەڕاوەکانی مێژوودا بیانکەینە بەڵگە؛ قەشەنگترین تاوەکانی ژیانمانن، بۆیە دوای ماوەیەکی دوور و درێژ دەگەڕێینەوە و بیرمان دێنەوە، جا لە لێواری لاپەڕەکاندا دەیاننووسینەوە، ڕستەگەلێکی کورت و بە خەتێکی بچووک و بە وشەی سەرنج دەست پێ دەکەن، چەندە جوانە کە یەکێک لە ئێمە نامەکانی بە سەرنجەکانی پەراوێز دەڕازێنێتەوە!

من هەردەم وام دەکرد، بەتایبەتی لەو پەیامە فەرمییانەی بە پۆستی ئەلیکترۆنی دەمناردن، ئێستاکە وا بۆم دەردەکەوێت؛ بەبێ ئەوەی هەست بکەم لەدوایانەوە لێدوانی خەندەئامێز و ئاماژەی سۆزداریم نووسیوە، تەواوی نامەکان ساختە و درۆن؛ تەنیا ئەوانە نەبن کە لە کۆتاییەکانیاندا دەنووسین، سەرنجەکانیش هیچ نین؛ تەنیا پەراوێزی بەناونیشان نەبن.

وا دەزانین کەس پەراوێزەکانمان ناخوێنێتەوە، نازانین چاوی خوێنەران سەرەتا دەکەوێتە سەر وانەوە، ئەوانیش وەک ئێمە خاوەن پەراوێزن، بۆیە دەیانبینیت بە دوای سووچەکانی ئێمەوەن؛ بۆ ئەوەی هەست بکەن لە ئێمە باشترن، یان هەتاکو هەست بکەن ئەوان تەنیا کەس نین؛ ئارەزووی دەرچوون لە یاسا و بنەماکان دەکەن.

هەمووман درۆ دەکەین؛ ئەو دەمەی جگە لە خۆمان کەم دەکەینەوە و دەڵێین: "فڵان لە شەستی مانگ دەژیێت"، چونکە لە ناخەوە خوازیارین وەکو ئەو بین، پەراوێز خرابین و جگە لە هەندێک هاورێ کەس ناومان نەزانێت، ئەو دەمە جیهان چاوی لێمان نییە و چیمان بوێت دەیکەین، چونکە بەو کەسانەوە سەرقاڵە؛ کە لە ناوەڕاستی پەڕەکاندا دەژین، ئەو کەسانەی ڕۆژانە مێژوو ساز دەدەن.

لە پەراوێزەکاندا دۆستانم؛ هیچ درۆیەکمان پێ ناکرێت، چونکە کاتێک تێیاندا دەنووسین؛ بەوپەڕی پلەی بێبایەخییەکان گەیشتبین، تەواوی ئەو کۆتوبەندانەی سەر و مێشکیان بەند کردووین؛ فڕێیان دەدەینە زبڵدانی فەرامۆشکراوەکانەوە، لەو شوێنەدا و لەودیو سنووری پەڕەکاندا دەتوانین بێ ئەملا و ئەولا بڵێین؛ ئاوا و ئاوامان کردووە.

جوانیی زمانی پەراوێزەکان لەوەدایە؛ بە شێوازی ڕابردوو دەیاننووسین، هیچ کەس ناوێرێت لەسەر ڕاستیی ئێستای بنووسێت؛ تەنیا لە ناوەڕاستی پەڕەکاندا نەبێت، ئەو شوێنەی ڕووبەری درۆی تێدا فراوان دەبێت، ئەوینی پاک و باوەڕی دڵسۆز و تەواوی ئەو دەمامکانەی بەیانییان کاتی چوونە ناو خەڵک لەسەریان دەنێین، شەوانیش چەشنی ئارایشی جوانکاری لێیان دەکەینەوە، ڕوخسارمان دەچێتەوە سەر ڕاستیی خۆی، بە هەمان چەشنی پەیکەرە مەرمەڕییە دێرینەکان سارد و سڕ و ناڕوون و لێڵن.

هیچ شتێک هێندەی نەداری ئاسوودەبەخش نییە، کاتێک یەکێکمان لە کۆڵانی شارە کۆنەکاندا بێکار دەسووڕێتەوە و شان لە شانی نەماوان و لەبیرکراوان دەخشێنێت، کاتێک قاوەی وان دەخواتەوە و بە نوکتەکانیان پێدەکەنێت و چیدی بەزەیی پێیاندا نایەتەوە؛ ئەو کاتە وەک ئەوان نەدار

دەبێت، تەنیا ئەو دەمە خوازیارە لە گێرفانیدا جگە لە قووتی ئەو ڕۆژەی خاوەنی هیچ شتێکی دی نەبێت و لە سینەیدا تەنانەت خەمی ئەو ڕۆژەشی هەڵنەگرێت.

کێشەی ئێمە تاوی لەخۆباییبوونمانە، بیرمان دەچێت ئێمە لە ڕاستیدا تەنیا لە پەراوێزەکانی ژیاندا دەژین، ئێمە تەنیا لە پەراوێزەکاندا دەتوانین ئازادانە بیر بکەینەوە، ئازادانە گوزارشت بکەین، لە پەراوێزەکاندا؛ دڵسۆز دەبین و داوای چاوپۆشی دەکەین، دەشکێین و دەگرییێن، کاتی شادی بزە دەکەین؛ نەک ئەو دەمەی ڕوو خۆش دەکەین، لە پەراوێزەکاندا دۆستانم؛ دەبینە دۆستی ڕاستەقینە، تەنیا لەوێدا دەبینە چرا نەوەک پەروانە.

ئێوارە وا دێت و مەرەکەب بەسەر پەراوێزەکاندا دەتکێت، لە جۆش و خرۆش لێوڕێژیان دەکات، هەموو وشەکان دەکرێت ڕەش بکرێنەوە؛ تەنیا نووسینی پەراوێزەکان نەبن، چونکە ئەوەی لە پەراوێزدا دەنووسێت؛ وەک کەسێکە تاشەبەرد بتاشێت، کاتەکەی دیاریکراوە و شوێنەکەی تەنگە و شتێکی دی جگە لە ڕاستیی ڕەها؛ خۆی لەو شوێنەدا نابینێتەوە.

هێڵی پەراوێزەکان هەمیشە خوار و خێچ و بەرز و نزمن، خێرا ڕەنگیان کاڵ دەبێتەوە، چونکە خەڵک زۆر پەنجەیان بەسەردا دەهێنن؛ تا هەست بە ڕاستییەکانی بکەن، یانیش هەست بە مەودای ساختەیی خۆیان بکەن، جیهان سەرقاڵە بە هێنانە دی و تۆمارکردنی سەرکەوتنەکان، بە ململانێی وەشاندنی ڕۆژنامە و گۆڤارە هەواڵییەکان، بە بردنەوە و بەدەستهێنان، لە ڕاستیدا ئەو سادە پەراوێزخراوانەی لەسەر کورسییە ژمارە دووەکانڕا دەڕوانن؛ هەر تەنیا ئەوانن دەزانن بەختەوەری لەنێوان واندا لە پەراوێزی پەڕەکاندا دانیشتووە، گاڵتەیان بەو سەربازە سەرکەشانە دێت کە لەپێناو

هیچ دۆزێکدا دەجەنگێن و خۆ بە کوشتن دەدەن، تەنیا بۆ ئەوەی ناویان لە بەرگی کتێبە کۆنەکان دەن و وێنەیان بە دیواری مۆزەخانە دێرینەکانەوە هەڵبواسن.

پەراوێزەکان ئەمڕۆ بریتین لەو شوێنە قەشەنگانەی پێیاندا تێدەپەڕین و نایانبینین، ئەو قاوانەی دەیانخۆینەوە و چێژیان لێ نابینین، ئەو دڵانەی دەیانشکێنین و کۆتایی تەمەن بیرمان دێنەوە، پەراوێزەکان ئەو ئۆقرانەن؛ ژیانمان لە بەدوا گەڕانیاندا بەسەر دەبەین و لە سینەکانی خۆشماندان، پەراوێزەکان سەرەتا ساکارەکان و ئەو کۆتاییە هێمنانەن؛ کە بەشکۆوە پێیاندا تێپەڕ دەبین.

# چۆلەکە و شەمشەمە

باپیرەم لە زاری سۆفیگەڕێکی ئیسلامەوە ئەم چیرۆکەی بۆ گێڕامەوە:

دەگێڕنەوە سبەینەیەکیان چۆلەکەیەک بە دوای خواردندا درەخت بۆ درەخت و شوێن بۆ شوێنی دەکرد، لەبەر زۆریی برسێتییەکەی زۆر شپرزە و شەکەت و ماندوو ببوو، دوو ڕۆژ بوو هیچی نەخواردبوو، دوای ئەوەی لەسەر شوێنێک لەنگەری گرتەوە بە دوای مێرووێک بگەڕێت؛ خۆی پێ لەو کولەمەرگییە ڕزگار بکات؛ ئەشکەوتێکی بچووکی بەرچاو کەوت، کەمێک بیری کردەوە: "ڕەنگە ئەو ئەشکەوتە تاکە شوێن بێت شتێکی بۆ خواردن لێ دەست بکەوێت"، دەروازەکەی بیمی بەبەردا دەخست، وەلێ هەر چۆنێک بێت؛ بە سکی بەتاڵەوە بسووڕێتەوە هەر دەمرێت، بۆیە مەرگی گەڕۆکانەی پێ باشتر بوو لەوەی بەبرسێتی بەسەر لقی دارێکەوە بمرێت، ئەم شتانەی بە مێشکدا دەسووڕایەوە.

چووە ناو ئەشکەوتەکەوە، بەرچاوانی تاریک داهات، بە تاریکییەکەیدا ڕۆیشت هەتاکو هێڵەکانی خۆریش لێک هەڵوەشانەوە، کاتێک بە هەوادا دەفڕی؛ بەر شتێکی نەرم کەوت و کەوت، نەیزانی چارەنووس لە کوێ بەری داوەتەوە، بەڵام دڵخۆش بوو بەوەی ئەو شوێنەی کەوتە سەریشی هەر نەرم بوو، سەیری دەوروبەری کرد؛ خاڵخاڵی سووری بینی دادەگیرسێن و لێی نزیک دەبنەوە، بۆنی قەومانی کرد، کۆمەڵێک شەمشەمە بوون؛ هاتنە ژوورەوەی ئەو نامۆیە ترسی بەبەردا هێنابوون، یەکێکیان بە دەنگێکی بەرزەوە کە وا دەریدەخست گەورەکەیانە؛ هاتە گۆ:

- چۆن گەیشتیتە ئێرە و لە کوێوە هاتوویت؟

- لە دارستانەوە هاتووم و بەدەم فڕینەوە خۆم لێرە بینییەوە.

- ئەی چۆن لە تاریکایی ڕۆژدا هەڵدەفڕیت؟

چۆلەکەکە کەمێک بێدەنگ بوو، دەیویست ڕووی شەمشەمەکەی لێ دەربکەوێت، پرسیارەکەی بەبیر هاتەوە و پێی گوت:

- تاریکایی ڕۆژ؟

- بەڵێ، چۆن یەکێک دەتوانێت لەو تاریکاییەدا ببینێت؛ کە ڕۆژ بە تیشکەکانی خۆی بڵاوی دەکاتەوە؟

- خۆر سەرچاوەی ڕۆشناییە نەک تاریکایی، ئێوە لێرەدا لە شوێنێکی تاریک و تنۆکی وەهادان؛ چاو چاو نابینێت، ئێمەی کۆمەڵی چۆلەکان تەنیا لە ڕۆژدا دەفڕین، لە شەودا هیچ شتێک نابینین.

- قسەی پڕوپووچ! وا دیارە تۆش لەو جادووبازانەیت کە لە تاریکیدا دەبینن، زوو بە دانی پێدا بنێ؛ کەسێکی قۆڵبڕیت! درۆیان نەکەی! ئەگەرنا فرمان دەدەمە شەمشەمەکان چاوانت هنجرهنجر بکەن.

- بە خودا قۆڵبڕ و شتی وا نیم، من چۆلەکەم، سوێندت بۆ دەخۆم لە تاریکاییدا نابینم.

ئاماژەی دایە شەمشەمەکان، بە چەپۆکان بەسەری کەوتن، خەریک بوو بیکوژن، ئاماژەی دانێ بوەستن، باڵێکی خۆی بەرز کردەوە و تا گرتی لە چاوێکی چۆلەکەکەی دا، برینداری کرد و خستییە سەر زەوییەکە، پاشان هاتەوە قسان:

- هێشتا سووریت لەسەر ئەوەی لە ڕۆژدا دەبینیت؟

چۆلەکەکە ئەم پەندەی بیر کەوتەوە: "بە گوێرەی ژیرییان کەسانی تر بدوێنە"، بیریشی کەوتەوە شەمشەمەکان لە ڕۆژدا نابینن، بە گەورەکەیانی

گوت:

- لێم مەگرە گەورەم، درۆم لەگەڵتدا کرد، من هەر بەڕاستی لە ڕۆژدا نابینم، بەڵام هەوڵی فڕینم دەدا و خۆم لێرە دیتەوە، چونکە ڕێگەکەمم بزر کرد و ڕۆشنایی ئەشکەوتی ئێوەم لە دوورڕا بینی، ئێستاکەش وەک لە شەوەزەنگدا بم؛ هەموو شتێکی دەورم دەبینم.

شەمشەمەکە پێکەنی و لەپڕ بێدەنگ بوو، بە دەنگێکی بڵند و نێرانەوە قسەی کرد:

- بڵێ قۆڵبڕ نیت و چەتوونێکی سەرشێتیت، باشە کێ لەمە گەرەکیەتی لە ڕۆژدا بفڕێت؟ تا شەوهەڵات چاوەڕێ بکە، کەیفی خۆشت بکە، بینین لە تاریکایی چەپۆکی شێتییە.

پاشان ڕێی دایێ بڕوات..

باپیرم وەهایی کۆتایی پێ هێنا:

"هەر مرۆڤە و بە ڕوانینە تایبەتەکەی خۆی ژیان دەبینێت، نەتوانین لە ڕای ئەوانی دی بگەین؛ واتای لەسەر دروستیی ئێمە ناگەیەنێت، ئەوەش ناگەیەنێت ئەوان لەسەر هەڵەن، ژیان ڕەنگینە، وەلێ مرۆڤ تەنیا خۆیەتی جاروبار تەنیا ڕەش و سپی دەبینێت، مرۆڤەکان بە گوێرەی ژیریی خۆیان بدوێنە، بە گوێرەی مێشکی خۆشت بڕیاریان بەسەردا مەسەپێنە".

# لە کوێوە نیگا دێت؟

کورتە وتارێکی "ئیلیزابێث گیلبێرت"ی ڕۆماننوسم بینی، لە "TED" لە بارەی سەرکەوتنی ڕۆمانەکەی خۆیەوە قسەی دەکرد؛ "چێشت، نوێژ، خۆشەویستی"، هەروەها لە بارەی پرسیاری خەڵکییەوە؛ ئایە دەترسێت لەوەی لە ئایندەدا شتێکی چاکتری پێ نەنووسرێت یان نا؟ پرسیارێکی ژیرانەیە، چونکە زۆر جار هەندێک لە سەرکەوتنە لەڕادەبەدەرەکان دەبنە سەرکەوتنی کۆتایی، بۆیە خاوەنەکانی زۆر دەترسێنێت.

"ئیلیزابێث" تاوەکو وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە؛ لە مێژوودا بە دوای سەرچاوەکانی نیگادا گەڕاوە، بینیویەتی ئەو بیرۆکە مرۆییانەی لە قۆناغی ڕابوونی ئەوڕووپیدا بەدیار کەوتوون؛ تیشکیان خستۆتە سەر بیرۆکەی؛ مرۆڤ چەقی گەردوون و هەموو شتەکانە، پێم وایە ئەو مرۆگەرانەی سەدەی پازدەیەمی مەبەستە؛ کە لە ئەوڕووپادا سەریان هەڵداوە، جارێان دەدا مرۆڤ بەهای ڕاستەقینەی خۆیان بدرێتێ؛ کە وەستاوە لەسەر مافی خۆی لە بیرکردنەوە و داهێنان، بەڵام کڵێسەی چاخە تاریکەکان لە بوونی خۆیان دایماڵیون و ئەوانی خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، هەروەها دواتر مەبەستی بوونگەراکانە، "ژانپۆل سارترە"ی وێژەوانی فەڕەنسی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم ڕێبازەکەیانی دامەزراندووە، "سارترە" خەڵاتی نۆبڵی وێژەیی پێ بەخشراوە، بەڵام وەرگرتنی ڕەت کردۆتەوە.

ڕووی هاوبەشی نێوان مرۆگەری و بوونگەری ئەوەیە؛ مرۆڤ دەکەنە ئامانجی ڕەها و بە چاوگی وزە و نیگا و دانایی دادەنێن، بەڵام "ئیلیزابێث" ئەمەی پێ ستەمە لە مرۆڤ، بەتایبەتی کاتێک لەناکاو توانستی داهێنان

لەدەست دەدات، پێی وایە لێرەدا گرفتێک لە بیرۆکەکە هەیە، دەپرسێت؛ چ سووچێکی ئەوی تێدایە کاتێک لە چلەکانی تەمەنیدایە و بە لوتکەی داهێنانەکانی گەیشتووە؟ خۆ ئەگەر بەڕاستیش توانستی هێنانە کایەی کاری چاکتری لە ئایندەدا لەدەست دابێت؛ دەبێت چی بکات لەو سێ دەیەیەی لە ژیانی دادێت؟

"ئیلیزابێث" بیرۆکەیەکی نامۆی لە فەلسەفە کۆنە یۆنانی و لاتینییەکان دۆزیوەتەوە، پێیان وا بووە نیگا و دانایی دەبەخشرێنە مرۆڤ؛ نەک ئەو چاوگی وان بێت، یانی لە دەرەوە دێن و لە ناوەوە هەڵناقووڵێن، لە زۆر باردا مرۆڤ لەناکاو هەست دەکات کارێکی داهێنەرانەی پێ دەکرێت، نووسین و نیگارێک بە نموونە؛ بەبێ ئەوەی پەی بە هۆکارەکەی ببات.

پێم وایە منیش زۆر هاوڕایمە، خوێندوومەتەوە هەندێک لە نووسەران دەنگێکیان گوێ لێ دەبێت؛ بەرەو نووسینەکانیان پاڵیان دەنێت، هەندێک دەڵێن؛ نیگا وەک باران وایە؛ لەناکاو بەسەریاندا دەبارێت، یەکێک دەڵێت؛ دانایی خۆی لە ئاسماندا پەنا داوە، بۆیە چەندین کاتژمێری دوور و درێژ بەدیار ئاسمانەوە چاوەڕێ دەکات؛ تاوەکو بەسەریدا داببارێت.

بەری چەند ساڵێک لەگەڵ کۆمەڵێک برادەری خۆم سەردانی "دۆریس لیسینگ"ی نووسەری ئینگلیزمان کرد، خاوەنی خەڵاتی نۆبڵی وێژەییە، لە ماڵە بچکۆلانەکەیدا لە لەندەن؛ کە دانیشتین یەکێکمان لێی پرسی؛ چۆن بیرۆکەی کتێبی بۆ دێت، وەڵامی دایەوە: "هەندێک جار کتێب لە ڕستەیەکی واتادارەوە سەر هەڵدەدات، جاریش وایە دە ساڵان دەخایەنێت، کتێبێکم هەیە بە ناوی "هاوسەرگیریی نێوان ناوچەکانی سێ و چوار و پێنج"؛ ماوەی دە ساڵان بیرم لێ کردۆتەوە، کەچی بیرۆکەی کتێبی "تۆقاندنی چاک" لە

گفتوگۆیەکی تەلەفۆنییەوە بۆم هاتووە".

ئێستا دەپرسم: شێوازی ژیانمان دەرفەتی هەستکردن بە داناییمان دەداتێ؟ دڵنیام "ئیلیزابێث" و "دۆریس" و داهێنەرانی تر: گەیشتوونەتە ئەوەی ڕۆچوون لە شێوازی ژیانی خێرا و پڕ کۆسپی ئەمڕۆی ئێمە: لە کوشندەترین دوژمنەکانی داناییە. ئەگەر لەگەڵ هەر دەنگوباسێکی لە هەواڵەکان دەردەکەوێت: بوەستن و لەگەڵ هەموو ڕووداوەکانی جیهاندا کارلێک بکەن: هەر وەکو زۆرێکمان دەیکەن: پەیوەستیی نێوان خۆیان و دانایی لەدەست دەدەن.

نیگا تەنیا بۆ کەسانی شایەن دێت، تەنیا کەسانێکیش پێی شایەنن: خۆیان ڕابهێنن لەگەڵ ئارامگرتن و بیرتیژی و دوور کەونەوە لە هەوڵی بوونە کەناڵێکی هەواڵی: ئاگاداری هەموو ڕووداوەکانی جیهان بن. لە یەکێک لەوانەم پرسی کە لە تویتەر شوێنیان کەوتووم: بۆچی نووسینەکانی کەم کردۆتەوە، زۆرم چێژ لێ دەبینین. گوتی چیدی دڵی توانستی داهێنانی نەماوە لە جیهانێک: پڕ لە داڕووخان و نەرێنییەکان بێت! لەبەرەوەی زۆر چاو لە دەنگوباس و نەهامەتییەکانی تەواوی پارچەکانی جیهان دەکەین: تووشی ئیفلیجیی سۆزداری و بەفیڕۆدانی زەینی بووین، چیدی دەروونمان ئامادە نییە بیر بکاتەوە لە مرۆڤ و گەردوون و بوون و زانین و جوانی و ئەوین و هەموو شتەکانی دیکەی نیگایان لێوە پەیدا دەبێت.

کاتێک خەریکی نووسینی یەکەمین ڕۆمانی خۆم بووم: لە بارەی چاوگی نیگاوە دەمپرسی، دوای تەواوبوون بۆم دەرکەوت: شوێنەکان پڕ دەکات و کەش و بارەکان گوڵاوپڕژێن دەکات، کەچی ئێمە بۆ هەواڵی کوشتوبڕی و ڕیفراندۆم و خەپسەی هەر حەوت پارچەکەی جیهان: لەبەردەم دەرگەی

دیکەدا خۆمان ئاوێزانی دڵتەنگی دەکەین.

ئێستا لە خودی خۆت بپرسە: بۆ دوایین جار کەینێ بووە؛ بۆ نموونە ڕۆژێکی تەواو تەماشای کەناڵی "ناشناڵ جیۆگرافیک"ت کردووە؟ کەینێ هەستت کردووە بینینی بەرنامە بۆشاییگەرییەکان و تەکنەلۆژییەکان لە سەیرکردنی هەواڵەکان بایەخیان زیاترە؟

ئەگەر هێشتا پێت وایە هەواڵەکان زیاتر لە بەرنامە بەڵگەنامەییەکان سوودت پێ دەگەیەنن؛ هەوڵ بدە بیرت بکەوێتەوە کەی پێکەنیویت، کەی خەندەت کردووە، بگرە کەنگێن دوای تەواوبوونی هەواڵەکان هەستت بە شادمانی کردووە، بڕوانە تاڵە سپییەکانی قژت، بۆت دەردەکەوێت ڕۆژانە زیاتر سەرت بە تەمەندا دەچێت و هێشتاکە خوارووی سییەکانی تەمەنتت تێنەپەڕاندووە، ئەویش تەنیا لەبەر یەک هۆکار، چونکە ئامادەی نیگا نیت، خۆ ڕەنگە هەر پێویستیشت نەبێت.

# گەنجینەی کۆچەری

دەگێڕنەوە کۆچەرییەک لە شارێکی کەنارەکانی کەنداوی عەرەبیدا کاری دەکرد، لە سەدەی نۆزدەیەمدا ئاستی گوزەرانی گوندە ناوخۆییەکان لاواز بووە، لەگەڵ دۆستانی چەند مانگ جارێک سەردانی گوندەکەی خۆیان دەکردەوە، ڕێ دوور و درێژ بووە، لە یەک لە گەشتەکانی گەڕانەوەیان کۆمەڵێک دز و چەتە بەریان لێ گرتوون، دۆستانی ویستوویانە بەرپەچیان بدەنەوە، بەڵام وریای کردوونەتەوە؛ ئەو دز و جەردانە مەشقیان لەسەر کوشتوبڕی کردووە، دۆستێکی وەڵامی دایەوە: "باشە ئەی لێیان گەڕێین ئەو ماڵ و سامانەمان تاڵان بکەن؛ کە لە پێناویاندا ئارەقەمان ڕشتووە؟"، کۆچەری پێی گوتن: "سامانمان ببەن باشترە لەوەی گیانمان لێ دەربکەن"، بە ڕوویدا هاواری کرد: "ترسنۆک!".

هاژوواژی با دەنگەکانی زیاتر بە یەکدیدا دەهێنایەوە، گەرما و ترسان؛ ئارەقەیان بەسەر ڕوخسارەکاندا دەتکاند، کۆچەری بەتوندی هاتە گۆ: "با پارەکانمان بدەینە چەتەکان، بەڵێنتان دەدەمێ گەیشتینەوە گوند؛ بۆتانی قەرەبوو دەکەمەوە"، دۆستانی پرسییان: "چی وات هەیە قەرەبووی ئێمە بکەیتەوە؟ وا ئاگادارین بارت لە باری ئێمە باشتر نییە، چۆن ئەوەت پێ دەکرێت؟"، مشتومڕەکەی کۆتایی هێنا: "لە گوند گەنجینەیەکم هەیە بە کەسم نەگوتووە، لێ گەڕێن ئەم کارە خۆم بیگرمە ئەستۆ".

لە وشترەکەی دابەزی و بەرەو ڕووی جەردەکان ڕۆیشت و لێیان نزیک بووەوە، دەمامکدار و چەکدار بوون، هێندەی گوێیان لە یەکدی بێت؛ لە دووریانەوە وەستا و لەگەڵ ئەو پیاوەی لە پێشیانەوە بەسەر ئەسپێکەوە

بوو؛ کە وا دەردەکەوت سەرۆکیان بێت؛ هاتە گۆ:

"دەزانین بە تەمای ماڵی ئێمەن، بەڵام ئێمە بۆناو کەسوکاری خۆمان دەڕۆینەوە، گەر شتومەکەکانمان ببەن؛ تا مردن لەگەڵتان بەشەڕ دێین، لێتان دەکوژین و لێمان دەکوژن، وەلێ من پێشنیارێکم هەیە؛ خوێنەکە ڕادەگرێت و هەمووومان ئەوەی دەمانەوێت؛ دەستمان دەکەوێت".

سەرۆکیان وەڵامی دایەوە: "بڵێ چییە؟".

"لە کاروانەکە دوور دەکەوینەوە و بڕۆن تەنیا پارەکان ببەن و دەست لە شتومەک و خواردنەکانمان مەدەن؛ هەتاکو بتوانین بگەڕێینەوە زێدی خۆمان".

بە کۆچەرییەکەی گوت: "تەواو، ڕێک کەوتین".

کۆچەری و دۆستەکانی شەو گەیشتنەوە گوند، داوای لێ کردن ڕۆژی دواتر سەردانی بکەن، هەتاکو خوانێک بەیەکەوە بخۆن و گەنجینەکەیان ڕادەست بکات، بۆ بەیانی پیاوەکان و ماڵ و منداڵەکانیان لە چادرەکەیدا خڕ بوونەوە، کە چوونە ژوورەوە؛ هاوسەر و کچە بچووکەکەی کابرایان بینی؛ خوانیان ئامادە دەکرد و بە ڕووی یەکدا بزەیان کرد، کوڕەکەشیان قاوەی بۆ میوانەکان چاک دەکرد و بەستەی بۆ دەگوتن.

دوای خوان؛ بۆنی قاوە شوێنەکەی پڕ کردبوو، دێرە شیعرەکان لە زاری منداڵەکانەوە و دواتر لە هی پیاوەکانەوە باڵیان دەگرت، تا بە گۆرانییەکی بەکۆمەڵی تێکەڵ بە خەندە و پێکەنین و شادمانی کۆتاییان پێ هێنا.

دەمی ڕۆیشتن؛ کۆچەری ئاماژەی بە منداڵەکان کرد و بە دۆستەکانی گوت: "ئەمانەن گەنجینەکەتان".

# بۆچی دەنووسین؟

لە دەستپێکی مێژووەوە مرۆڤ بایەخی داوە بە تۆماری ئەوەی دەیەوێت بیڵێت، سۆمەرییەکان دەستیان بە نووسینی بزماری کردووە، گوزارشت بووە بە هێڵی کێشراو لەسەر قوڕ و بەرد و کانزا، پاشان قۆناغی نووسینی وێنەیی هاتووە و لەسەر بنەمای شێوە و ئاژەڵان بووە، لەو کاتەوە؛ مرۆڤ لە تۆمارکردنی ئاخاوتنەکانی نەوەستاوە؛ تاوەکو یادی خۆی لە پەڕاوەکانی مێژوودا بهێڵێتەوە.

هەر کاتێک بەناو کتێباندا دەچم؛ دەپرسم: مرۆڤ بۆچی دەنووسێت؟ بۆچی بەوەندە ناوەستێت قسەکانی تەنیا بۆ خۆی بهێڵێتەوە؟ ئایە ناچارە قسان بکات؟ یاخود بە ویستی خۆی ئەم کارە دەکات؟ هەندێک پێیان وایە نووسین جۆرێکە لە شێتی، بەڵام شێتەکان چۆن بۆ ژیرەکان دەنووسن؟ نووسین یەکێکە لەو پێکهێنەرە بوونییانەی ژیانی مرۆڤی پێک هێناوە، هەر کاتێک یەکمان دەنووسین؛ وێنەی خۆی دەگەڕێنێتەوە، هەندێک جاریش وێنەی کەسانی تر؛ تا دوای ماوەیەک ببێتە بەشێک لە ژیانیان.

هەر لە کۆنەوە گوتوویانە: "چۆن هاوڕێ دیاری دەکەیت؛ ئاواش کتێب هەڵبژێرە"، ئەو کتێبەی متمانەی دەدەیتێ؛ جڵەوی مێشکتی پێ دەدەیت، هەست و سۆزەکانتی ڕادەست دەکەیت، تا تەنیا بەو ببینیت و ببیستیت، هەندێک لە نووسەرەکان گوتەکانیان باوەڕ بە ژیانمان پێ دەبەخشن، هەندێکیشیان باوەڕ بە خودی خۆمان.

نووسەر؛ پشکۆیەک بە دوای خۆیدا جێ دەهێڵێت؛ لە ڕێگەی ڕاستیدا بەردەمی ڕێبوارانی پێ ڕۆشن دەکاتەوە، هەر هێندە نا بتوانیت دروست

نیشانی خەڵکی بدەیت، بگرە لەبارەشییەوە دەتوانیت بۆیان بدوێیت، بۆ درکاندنی جیهان دەنووسین، کون و کەلەبەرەکانی بوونی پێ دەپشکنین، دەنووسین؛ گوزارشت لە خودی خۆمان بکەین، یان ڕەنگە تا بەرەو ئەو گوزەر بکەین.

پێویست ناکات ڕۆژنامەوان بیت، ڕۆماننووس بیت، یان بیرمەند بیت تاکو بنووسیت، بۆ نووسین هێندە بەسە هەست بکەیت، نووسین بارێکی هەستییە تووشی مرۆڤ دێت؛ بەبێ ئەوەی بزانێت لەبەرچی، بۆ ئەوەی وەڵامەکەشی بزانێت؛ دەبێت بنووسێت و دواتر لەنێوان خودی دێرەکاندا بەدوایدا بگەڕێت، تا ببیتە نووسەرێکی سەرکەوتوو؛ گرنگ نییە بتوانیت هەستی خوێنەران بجووڵێنیت، گرنگ ئەوەیە بیرە مەنگخواردووەکانیان ببزوێنیت، ناوازەترین کارێک نووسەر لەدەستی بێت؛ ئەوەیە خەڵکی فێری شێوازی بیرکردنەوە بکات.

نووسین کارێکی هونەرییە، هەندێک لە نووسینەکان؛ شایەنی ئەوەن بە مۆزەخانەکاندا هەڵبواسرێن و چێژیان لێ ببینرێت، نووسەر بە وشەکانی نیگار دەکێشێت، بە خامەکەی دادەتاشێت، بە گوزارشتەکانیشی کاغەز دەڕەنگێنێت، ئەو ڕەنگانەی بەکاریان دەهێنێت گرنگ نین، بەڵکو دەبێت بۆ ڕەنگاندن بشێن نەک بۆ بانگەشە و پڕوپاگەندە.

هەندێک لە نووسەران زەمین ڕەنگڕێژ دەکەن، هەندێک ئاسمان ڕەنگ دەکەن، هەندێکیشیان ئەو خواستانەی لەنێوانیاندا هاموشۆ دەکەن، ئەوەی لەسەر یادەوەرییەکان بنووسێت؛ لەگەڵ مەرگیدا لەناو دەچێت، ئەوەی لە بارەی خواستەکانیشەوە دەنووسێت؛ دوای کۆچکردنی زیاتر لە دەمی ژیانیدا فێرمان دەکات، نووسەر هێندە گرنگی ناداتە دەق و شێواز؛

هێندەی بایەخ دەداتە ناوەڕۆک، چونکە وەک گیاندارێک لەگەڵ دەقدا دەجووڵێتەوە، بەپیر دەم و بارودۆخەکانییەوە دەچێت، ناچاری ئەو شتەی ناکات کە ناتوانێت، هەر چەندەش دەق لەگەڵیدا گەورە دەبێت؛ زیاتر پێ دەگات و زیاتر دەتوانێت بە ڕووی ژیاندا بوەستێتەوە.

نووسەری ڕاستینە پرسیارگەلێک دەکات؛ خەڵکی لە کردنی دەترسن، ئەو لایەنانە دەردەخات؛ کۆمەڵگە لە شاردنەوەی پێ دادەگرن، وەک ئەو سەرکەشە وایە؛ کە دەچێتە ئەودیو جیهانەوە؛ تا بە سەرگوزەشتەیەکەوە بگەڕێتەوە و بۆ کەسانی دوای خۆی بیگێڕێتەوە، جوانترین جۆری نووسین؛ ئەوەیانە کە شتەکان پێناسە دەکاتەوە؛ هەتا سەرلەنوێ بە شێوازێکی نوێ پێشکەشی مرۆڤایەتییان بکاتەوە، ڕەوانتر بیڵێین؛ بە ڕووی ڕاستەقینەیان، زۆرینەی ڕاستییەکان لەودیو پێناسەکانەوە بزر دەبن و لەنێوان واتای وشەکاندا دیار نامێنن، تەنیا نووسەری تاکیش پێناسەکانی پێ دەخرێتەوە شوێنی دروستی خۆیان، با خامەکانیشی لەم پێناوەدا بشکێت، چونکە ئەو زیاتر لە کۆمەڵگەکەی خۆی دەترسێت نەک لە وردوخاشبوونی پێنووس، نووسین ڕەنجی گەیشتنە بە ڕاستی، ئەوەشی پێی ناگات؛ نابێت دایبهێنێت یان بوونی بۆ بسازێنێت، چونکە ڕاستی بوونەکەی بێسەرەتایە، ناکرێت بوەشێنرێتەوە یان دەستی بەسەردا بگیرێتەوە.

نووسەر لە هەوڵە ژیانی بخاتە کتێبێکەوە، خوێنەریش هەوڵ دەدات لە کتێبێکدا ژیانی خۆی بدۆزێتەوە، ئەوەی بڕیاری شاردنەوەی نهێنییەکانی دەدات لە کتێبێکدا؛ لە ڕاستیدا تەنیا درکاندنەکەی کەمێک دوا دەخات، چونکە کاغەزەکان لە دڵەکان ڕوون و ڕەوانترن، هەندێک لەو دەقانەی دەیخوێنینەوە؛ بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ کارمان لێ دەکەن، سینەمان لە

ئومێد پڕ دەکەن، بەرەو کار هانمان دەدەن، ئەو دەقانەشی ئەمە ناکەن؛ دەقی کەموکورتن، هەر چەندی درێژە بە خوێندنەوەیان بدەین؛ لە ئێمەش کەم دەکەنەوە، ئەرکی نووسەر لەوەدایە بڕوانێتە ئەوەی پێویستە ببێت؛ نەک تەنیا ئەوەی هەبووە و ئەوەی هەیە، چونکە نووسەر لە لەتکردنی ڕێگەکان بەرپرسە نەک ئاودانیان، بۆیە نووسەر نابێت کاتی خۆی بە هەوڵی چاککردنەوەی نەریتەکانی کۆمەڵگە بەفیڕۆ بدات، وەک "ئیبن خەلدوون" دەڵێت؛ نەریتەکان وەک دیاردەی سروشتین، خەڵکی بۆیان ملکەچ دەبن؛ بەبێ ئەوەی ملی وانیان پێ نەوی بکرێت، بۆیە نووسەری کارامە ڕەنجی ڕاستکردنەوە و وتووێژی هزرەکان دەگرێتە ئەستۆ، بیرۆکە دروستەکان کۆمەڵگەی نوێیان پێ دروست دەکرێت، بە نەریتە نوێکان ئایندە دادەڕێژن و بیرۆکەکان دەچنەوە سەر کۆمەڵگە.

زانینی ڕێساکانی نووسینت گەرەک نییە تا بنووسیت، ئێستا بنووسە و لەگەڵ کاتدا فێریان دەبیت، گرنگ ئەوەیە ڕابێیت لەوەی وشەکان لەنێوان دەستەکانتدا بڕژێنیت نەک لەدواوە، مەترسە لەوەی دەینووسیت، ئەوەی لە پیتەکانی خۆی دەترسێت؛ شایەنی خامە بە دەست گرتن نییە، کاتێک یەکێکمان دەست بە نووسین دەکات؛ دەقەکەی دەبێتە پارچەیەک لەو، دوای نووسینیش ئەو دەبێتە پارچەیەک لە دەقەکە، ئەوەی دەنووسێت؛ پارچەیەک لە گیانی خۆی دەبەخشێتە مرۆڤایەتی، بۆیە نەمر دەمێنێتەوە، هەر یەکێک لە دوای خۆیدا شتێک لە کارەکانی بخوێنێتەوە؛ سەرلەنوێ زیندوو دەبێتەوە، نووسین کارێکی پیرۆزە، چونکە لە ئاسمان دەستی پێ کردووە، با لە زەویدا پیسی نەکەین، یەکێک لێی پرسیم: بۆچی دەنووسین؟ گوتم: "دەنووسین؛ جێدەستێک جێ بهێڵین و خۆمان نەبینە جێدەست".

# ئاوگێڕ

خەڵکی بەو شوێنەواری ئاوە دەیانناسییەوە؛ کە بە دوای خۆیەوە جێی دەهێشت، توورەگەکانی سەر هەر دوو لای پشتی گوێدرێژەکەی؛ بە هۆی زۆر بەکارهێنانەوە دەرچەی بچووکیان تێدا دروست ببوو، هەر جارێک بەسەر زەمینێکی ناهەمواردا ڕۆیشتبایە؛ ئاویان لێ دەتکا، لەگەڵ بەری بەیاندا دەستی بە کارەکەی دەکرد و دەچووە لای ئەو بیرەی لە دەرەوەی گوندەکە بوو، توورەگەکانی پڕ دەکرد، ئینجا بەناو ماڵاندا دەسووڕایەوە و بە خەڵکی گوندەکەی دەفرۆشت.

باڵاکورت و چاوزەق بوو، لە جێی جیاجیای سەری تاڵی گەشەلاواز بڵاو ببووەوە، برینێکی دیاریش بەسەر ڕوویەوە بوو، لە ئەنجامی بەربوونەوەی بۆناو بیرەکە بریندار ببوو؛ کاتی منداڵی کە باوکی بیرەکەی هەڵکەندووە، هیچ یەکێک لە دانیشتووانی گوندەکە بەرگەی بینینی ڕوخساری ناشیرینی ئەویان نەدەگرت، هەر جارێک بەپێش ماڵێکدا ڕۆیشتبا حەوزەکەیان پڕ ئاو بکات؛ دەچووە ژووری و خێرا ئاوەکەی بۆ تێ دەکردن و دەهاتەوە دەر، بێزار ببوو لە ڕوانینی قێزوبێزانەی چاوانی خەڵک، لەو کاتەشڕا ئەو برینەی لە ڕوخساردا دروست ببوو؛ خۆی لە ئاوێنە نەدیبوو.

بۆ یەک ڕۆژیش لە کارەکەی دوور نەدەکەوتەوە، بگرە کە نەخۆشیش دەکەوت؛ توورەگەکانی پڕ دەکرد و کەرەی بەتەنیا ڕەوانەی گوند دەکرد، ڕێگەکەی خۆی باش لەبەر کردبوو، ئەوەی ویستبای ئاو بکڕێت؛ جڵەوی کەرەکەی دەگرت و توورەگەکەی لە حەوزەکەی خۆیدا بەتاڵ دەکردەوە، پاشان پارەیەکی کەمی دەخستە ئەو بەڕکەی بە گەردەنی گوێدرێژەکەوە

هەڵواسرابوو.

تەنیا پیرە پێشنوێژخوێنی مزگەوتی گوندەکە نەرم لەگەڵی دەجووڵایەوە، هەندێک جار بۆ خوانی خۆی بانگێشتی دەکرد، ئاوگێڕەکەش ئەوی خۆش دەویست و لە گوندەکەدا بە تاکە دۆستی خۆی دایدەنا، لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز دەردی دڵی خۆی بۆ واڵا نەدەکرد، پێویستیشی بەم کارە نەبوو، پێشنوێژخوێنەکە هەستی بەو مەینەتییانەی دەکرد؛ کە ڕۆژانە پێیاندا دەڕۆیشت، هانی خەڵکی گوندەکەی دەدا لەگەڵیدا چاک بن، سووچێکی لە ناشیرینیی خۆی نییە، پێی دەگوتن: "ئەو نەبووایە؛ ڕۆژانە دەبوو ڕەنجی هێنانەوەی ئاو بۆ ماڵەکانی خۆتان بچێژن، ئەوەی ژیانتان بۆ دەهێنێت؛ بە ڕوانینەکانتان مردنی پێ مەدەن"، وەلێ کەس گوێی بۆ نەدەگرت، پێیان وا بوو ئاوگێڕەکە تەنیا بۆ پێویستیی پارە ئاویان بۆ بار دەکات، بۆیە نایەوێت ڕێزی لێ بگرن و لەگەڵیدا نەرم بجووڵێنەوە.

ڕۆژێکیان گەردەلوولێکی لمین لە گوندەکەدا هەڵیکرد و چەند ڕۆژی خایاند، لەو ماوەیەدا کەس نەیدەتوانی لە ماڵی خۆیدا دەربچێت، تەنانەت خەڵکی بە هۆی خەستیی تەپوتۆزەوە بەری خۆریان بەرچاو نەدەکەوت، کارەساتێکی سەخت و دژوار بوو، وەک بڵێیت ئەوەی بیابان لە هەناویدا بووە؛ بەسەر گوندەکەدا ڕشاندبێتییەوە.

دوای هێوربوونەوەی تووڕەیی لم؛ خەڵکی لە ماڵەکانیان دەرچوون؛ بە دوای ئاوگێڕەکەدا بگەڕێن، حەوزەکانیان وشک ببووەوە و لە لم پڕ ببوون، بەڵام ئاوگێڕەکە و کەرەکەی دیار نەبوون، پیاوەکان بڵاو بوونەوە بەدوویدا بگەڕێن، وەلێ هیچ شوێنەوارێکیان نەدۆزییەوە، کۆمەڵێک دەرچوونە ئەو شوێنەی لەنزیک بیرەکەوە لێی نیشتەجێ بوو، کەچی هیوایان لێ بڕا؛ کاتێک

هیچ شوێنەوارێکی ئاویان نەدۆزییەوە و گەردەلوولەکە بیرەکەی لێ لەناو بردبوون.

خەڵکی لە گۆڕەپانی گوندەکەدا گرد بوونەوە، لە پاشی قسەکردنێکی کورت؛ بڕیاریان دا سێ پیاو بە حوشتر بنێرن لە بیاباندا بەدوایدا بگەڕێن، ئەو تاکە کەس بوو لە ناوچەکەدا شوێنی ئاوی پێ دەزانی، بەبێ ئەو خەڵکی گوندەکە دەکەوتنە مەترسییەکی ڕاستەقینەوە، حەوزی مزگەوتەکە تاکە حەوز بوو ئاوی پاکی تێدا مابێتەوە، دوای ژماردنی ماڵەکانی گوندەکەیان؛ بڕی ئاوەکەیان بە شێوەیەک دابەشی سەر ماڵەکان کرد؛ لەگەڵ ژمارەی کەسەکانیان گونجاو بێت، بۆیان دەرکەوت ئەوپەڕی ئاوەکە بەشی سێ ڕۆژ بکات.

ئاوگێڕ بەتەنیا بەناو تەپۆڵکە لمینەکاندا هاتوچۆی دەکرد، کەرەکەی لە گەردەلوولەکەدا مردبوو، توانجە نەشیاو و گاڵتەی منداڵانی گوندەکەی بیر دەکەوتەوە؛ کە دوای ئەوەی حەوزەکانی پڕ ئاو دەکردەوە پێیان دەکرد، هەرگیز ئەو جنێوانەی بیر نەدەچوو کە خەڵکی گوندەکە لەودیو دیواری ماڵەکانیانەوە پێیان دەدا؛ کاتێک لەبەردەم دەرگەکانیان خۆی بۆ ڕۆیشتن ئامادە دەکرد.

"دەک لە تێنوویێتییان بمرن و تیا چن، تۆڵەی ئاسمانە لێیان دەبێتەوە"، ئەمەی لە دەروونی خۆیدا بەدەم ڕێگەوە دەگوتەوە، وەلێ هەر جارێک ئەم بیرانەی بە مێشکدا هاتبا؛ دەنگی باوکی لە گوێیدا دەنگی دەدایەوە: "ئەوەی چاکە بۆ خەڵکی دەبات؛ دەبێت بەرگەی ئەو ئازارە بگرێت؛ لەوانەوە بۆی دێت، ئازار و لێبوردن بەیەکەوە؛ گیانمان لێوانلێوی ژیان دەکەن".

لە شەوانی پڕ ئەستێرەدا لە مەبەستەکەی باوکی دەپرسی، جارێکیان

پێی گوت:

- کاری چاکە وەک بنیادنانی کۆڵەگەی بەرز وایە؛ ئاسمان لە کەوتن بپارێزێت، ئەگەر چاکەکاران نەبن؛ ئاسمان بەسەر زەویدا دەکەوێت، بە هۆی وانەوەیە باران دەبارێت و بە خەندەکانی وانە خۆر گزنگ دەدات، ئەوان هەر وەک درەخت وان، دنیا پڕ لە هەوای سازگار دەکەن و ڕێگری لە خەڵکی ناکەن بیانسووتێنن؛ کاتێک پێویستییان پێیان دەبێت.

- بەڵام درەخت چ سوودێک دەبینێت کاتێک دەسووتێنرێت؟

- ئەو باش دەزانێت جوانترین تاوی ژیان؛ کاتی ئاودانی نییە لە دەمی تێنووێتی، بەڵکو ئەو کاتانەیە کەسێک لەژێر سێبەرەکەیدا دەحەوێتەوە، ئەمە ئەرکی ئەوە و باش لێی دەگات، کاتێک ژیان دەبەخشیتە کەسێک؛ دڵت لەم جیهانە فراوانتر و گەورەتر و لە ئاسۆکانی بەرینتر دەبێت، ئیدی جیهان دەبێتە پارچەیەک لە تۆ.

دەنگ و وتەکانی باوکی لە گوێیدا دەنگی دەدایەوە و بێوچان زەوییەکەی هەڵدەکەند، تەوێڵی وەک هەورێکی لێ هاتبوو؛ باران بەسەر لمی ژێرییەوە داببارێنێت، باوکی فێری کردبوو چۆن لە ڕێی شێوەی شوێنەوە شوێنی ئاو لەژێر زەویدا ببینێتەوە، بۆیە بێوەستان لە هەڵکەندن بەردەوام بوو؛ بەبێ ئەوەی هیچ گومانێکیشی لە هەبوونی ئاوەکە هەبێت.

لە دوای ڕێ بڕینی ڕۆژێکی تەواو؛ پیاوەکان لە دوورەوە بەرەکەتی ئاوێکی بچووکیان بینی، خێرا لە وشترەکانیان خوڕی، کە نزیک بوونەوە بینییان ئاو فیچقە دەکات، سەیریان کرد ئاوگێڕەکە لەپاڵ بەرەکەتەکەدا لەسەر پشت ڕاکشاوە، خاکەناسەکەشی لەنزیک بوو، پێشنوێژخوێنی مزگەوتەکە لە وشترەکەی دابەزی و فرمێسک لە چاوانی دەهات، لە ئامێزی گرت و

نێوچەوانی ماچ دەکرد، بردییانەوە و لەگەڵ خەڵکی بەیەکەوە شوشتییان و بە خاکیان سپارد، کێڵێکیان هێنا و لەسەر گۆڕەکەی دایاننا، لەسەریان نووسی: "ئەو دەمەی ژیان دەبەخشیتە مرۆڤەکان؛ دەبیتە ژیان، کەسێک لێرەدا گیرساوەتەوە؛ بەسەر مەرگدا زاڵ بووە".

# پێڵاوەکەت دانێ

یەکێک لە تویتەر لە بارەی پێناسەی بەختەوەرییەوە لێی پرسیم، گوتم: "نازانم"، هەر ئەوەندە دەزانم هەموو ڕۆژێک لە شتێکی نوێدا دەیبینم، پێم وایە بۆ گەیشتنە پێناسەیەکی شیاو چەندین ساڵم دەوێت. بەختەوەری بەهایەکی ڕەها نییە، بەڵکو یەک لە گۆڕاوترینەکانی ژیانە، فرە ڕەهەند و شێوەیە، بە گوێرەی کەس و کات و بارەکان دەگۆڕێت.

بەری چەند ساڵێک لەگەڵ دۆستێکم لە "بەرلین" بووین، پلەی گەرمی لە پلەی بەستن نزیک ببووەوە، کەچی هاوڕێکەم سوور بوو قاوەکە لەسەر تاکە مێزەکەی دەرەوەی قاوەخانەکە بخۆینەوە، هێندە سەرما بوو؛ باش نەمدەتوانی کووپەکە بە دەستمەوە بگرم، خزمەتگوزارەکانی وێ سەیریان لێمان هاتبوو، هەموو خەڵکی لە ژوورەوەی قاوەخانە گەرموگوڕەکەدا دانیشتبوون، تکام لێی کرد بڕۆینەوە ژوورێ، وەلێ دەیگوت: "دوو ڕۆژی دی دەچینەوە باوەشی گەرمای بیابان، ئەم پەلەپەلەت لە چییە؟"، ڕووی کردە شەقام و لەگەڵ هەر هەناسەیەک؛ هەڵم لە دەم و لووتی دەهاتە دەرەوە، تۆزێک بیرم لە قسەکەی کردەوە، بۆم ڕوون بووەوە لەدەست بەختەوەریی سروشتی ڕادەکەمە لای بەختەوەرییەکی دەستکرد، لە وڵاتی خۆمان گلەیی گەرمام دەکرد و ئێستاش هاتوومەتە ئێرە؛ وای پێویست دەکرد هەست بە بەختەوەری بکەم، کەچی وا خۆنەویستانە بەرەو ئەوە دەچمەوە؛ کە لە دەستی ڕامدەکرد.

بۆچی بەختەوەری بە کاتێکی دیاریکراوەوە دەبەستینەوە؟ هەندێکمان دەڵێن: "کاتێک وەرزش دەکەم؛ لە کارەکەم پلەم بەرز بکرێتەوە، پێویستە

لەم قۆناغەدا تیشکی زیاتر بخەمە سەر کارەکەم"، نەئا، تۆ ناتوانیت بیرت چڕ بکەیتەوە و وزەکەشت بە تێپەڕینی کات بەفیڕۆ بدەیت، ئێستاکە لە ئاوێنە بڕوانە خۆت و دووبارە شێوەکەی خۆت ببینەوە، زانیت چیت لێ هاتووە؟ سەرنجت داوە منداڵەکانت هێشتا سەیری ئەو بەرنامانە دەکەن؛ کە بەمنداڵی لەگەڵیاندا سەیرت دەکردن؟ زانیوتە پێوانەی پێڵاوەکانیان جارێک یان دووان گۆڕاون؛ بێ ئەوەی هەستی پێ بکەیت؟

خەڵکی لە تێکەڵکردنی چێژ و بەختەوەری گەلێک هەڵە دەکەن، ئەم تێکەڵکردنەش هۆیەکە لە هۆکانی کڵۆڵی و لەدەستدانی شادمانی لە ژیانی مرۆڤدا، چێژ ماددی و دەرەکییە، بەندە بە شتەکانی دەورمانەوە، وەکو ئۆتۆمبێل و سامان و شتی دی، کاتێک بە ئۆتۆمبێلەکەت تووشی پێکدادان دەبیت؛ خۆشیت لێ دەڕوات، کە پشکەکەت لەدەست دەدەیت؛ تاریکی لە ناختدا تەشەنە دەکات، کە یەکێکمان چێژێکی ماددیی دەست دەکەوێت؛ هێشتا هیچ نەبووە بیر لە چێژێکی دیکە دەکاتەوە، بۆیە چێژ لەوەی نێوان دەستەکانی نابینێت.

بەڵام بەختەوەری پایەیەکی لەو بەرزترە، ئەو ڕۆشناییەیە؛ هەر جارێکی ڕووی خۆشەویستانت دەبینیت بەناو جومگەکانتدا تەشەنە دەکات، بەختەوەری ئەوەیە هەستکردن بە سەنگایی ماددەکان لەدەست بدەیت، تەنانەت کێشی خۆشت، بێسەنگی بەتەواوی دەستت بەسەردا بگرێت، ئەوەیە هەست بکەیت پێویستت بە هیچ شتێک و بگرە بە خودی خۆشت نییە، ئەوەیە گیانت وەک ئاسمان بێت، ڕوون و ڕەوان، ڕێ بداتە هەموو شتێک پێیدا گوزەر کات، لە هەمان کاتیشدا بەردەوامی ببەخشێتە هەموو شتێک و گەشبینی بڵاو بکاتەوە، چەندە جوانە مرۆڤ وەک ئاسمان بێت!

هەر کاتێک خەڵکی هیوایان لێ بڕا لێی بڕوانن، ئەو بارە ترۆپکی لێبوردەییە؛ کە ئێستا دەبێتە ئەو تاکە شوێن و دەمەی هەستیان پێ دەکەیت. کاتێک یەکێک دەگاتە ئەمە؛ گشت ئەو شتانەی بە ژیانیدا تێپەڕیون دەبوورێت، چونکە بەشێک بوونە لە پێکهاتن و ئەزموونەکانی، لە تەنگ و چەڵەمە و گیروگرفتەکانی، لە نەخۆشی و دۆڕانەکانی. ئێستاکە هەموویان یەکیان گرتووە و بوونەتە یادگاری. لێبوردەیی لەگەڵ دەروون ئەوەیە؛ ئازارەکانت چەشنی دڕکێکی بچووک ببینیت؛ بۆ چەند ساتێک بە پێتەوە نووسابێت، پاشان لێت کردۆتەوە و درێژەت بە ڕێگە داوە.

بەختەوەری هەر وەکو سروە وایە، دەبێت پەنجەرەکانی بۆ بکەیتەوە؛ تاوەکو بێتە ناو ژیانتەوە. دەبێت شتێک بکەیت؛ شادمانت بکات؛ هەتاکو هەل بدەیتە چارەنووست بتدۆزێتەوە. چۆنچۆنی هونەرمەندێکی شێوەکار بەختەوەری دەدۆزێتەوە و ڕۆژانە لەنێوان دیوارە چیمەنتۆکانی نووسینگە بەسەر ببات؟ چۆن شەیدایەکی یاسا؛ کامەرانی دەدۆزێتەوە و لە کارگێڕیی داراییدا کار بکات؟

نموونەی ئەم جۆرانە؛ شتی زۆر دەکەن تا بگەنە بەختەوەرییەکی کاتی، ئامادەی کۆڕەکانی ڕامان دەبن و مەشقی یۆگا دەکەن و ڕاوێژ بە پزیشکی دەروونی دەکەن و دەرمانی هێورکەرەوە وەردەگرن. دەیانبینیت بەرزترین ئۆتۆمبێل لێ دەخوڕن و گەشتی قەشەنگترین شارەکان دەکەن. بەڵام لە ناخەوە کڵۆڵن. هۆکاریش ئەوەیە ئەوەی دەوری خۆیان خستۆتە ناوەوەی خۆیان، نەک ئەوەی ناوەوەیانیان بخەنە دەرەوەی خۆیان. پێویست ناکات زەنگین بیت؛ تاوەکو ئەوە بکەیت کە خۆشت دەوێت، بەڵکو پێویستە ئەوە بکەیت کە خۆشت دەوێت؛ تاوەکو زەنگین بیت.

ناکرێت لەودیو جامی پەنجەرەکانەوە هەوڵی بەختەوەری بدەین، یاخود چاوەڕوانی ئاسمان بکەین؛ شادمانیمان بەسەردا بڕژێنێت، بەختەوەریی ڕاستەقینە لە ناخەوە بۆ هەڵفڕین بەرەو ئاسمان دەمانبزوێنێت، یان هەر هیچ نەبێت با دەرگە بکەینەوە و دەربچینە جیهان، بێگومان تەمەن هەر تەواو دەبێت، تەواو بێت و هەوڵی کردنی ئەوە بدەیت کە خۆشت دەوێت؛ چاکترە لەوەی تەواو ببێت و داخ لە خۆت هەڵبکێشیت.

بەختەوەری و ئازار هەر یەک چەشنن، شاباڵی ژیانن، یەکیان بەرزمان ناکاتەوە و ئەوی تریان بمانکەوێنێت، چەندە جوانیشە بزانین دوای هەر کەوتنێک بەرزبوونەوەیەکی نوێ هەیە، وەک ئەو تۆپەی هەر جارێک توند بەر زەوی دەکەوێت؛ بەرزبوونەوەی خێراتر دەبێت، کە ئازارێک بەسەرم دادەدات؛ دەزانم ئەوەی دادێت قەشەنگترە، بەیانی بەختەوەری چاوەڕێم دەکات؛ گەر بتوانم باوەڕ بەو بیرۆکەیە بهێنم؛ کە شادمانی هێندەی ئازار دەبێت، گەر بەیانیش دوایین ڕۆژی ژیانم بێت؛ گەشبین دەبم بەوەی لەمڕۆ چاکتر دەبێت، ئەم بیرە سووک و چرووک دیارە، بەڵام با چیرۆکێکتان بۆ بگێڕمەوە:

دەگێڕنەوە دوو ئەفسەر پێڵاویان لە بەشی جلوبەرگی سوپا وەردەگرت؛ بۆ ئامادەکاریی ئەو گەشت و جەنگەی وڵاتەکەیان تێی کەوتبوو، یەکیان داوای پێڵاوێکی کرد؛ ژمارەیەک لە پێوانەی تەواوی خۆی تەسکتر بێت، کاتێک بەرەو بەرەی جەنگ بەڕێوە بوون؛ هاوڕێکەی سەبارەت بە هۆکاری کارەکەی پرسیاری لێ کرد، گوتی: "تاکو هەموو شەوێک لە کاتی داکەندنی پێڵاوەکەم؛ هەست بە بەختەوەری بکەم"، هەندێک جار بەختەوەری لە وازهێنان لە شتەکاندایە زیاتر لە پێگەیشتنیان.

# بولبولی دەریا

خۆی بەسەر گۆچانە کۆنەکەیەوە دابوو، کۆنیی گۆچانەکەی زۆر لە چرچولۆچی دەستەکانی دەچوو، پتەوییەکەی وەک کۆڵەگەی کەشتی وا بوو، بۆم دەرکەوت هێندەی لە دەریادا بەسەری بردووە؛ زیاترە لەوەی لە وشکانیدا بووە، دەیگوت ئاوی سوێری دەریا دەریاوان تێنوو دەکات، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بەهێزی دەکات، لەبەر ئەوەیە دەریاوانان وەک بەلەم وان، تەنانەت کاتی نغرۆبوونیش تۆکمە دەمێننەوە.

لە منداڵی بەر لەوەی لە ناوچەی کەنداوی عەرەبیدا نەفت دەرکەوێت؛ لەسەر یەکێک لە کەشتییە ژێراوییەکاندا وەکو "زوڵاڵبێژ" کاری کردووە، زوڵاڵبێژ کەسێکە ڕۆژانە بۆ هاندانی دەریاوانان لەسەر کار؛ گۆرانییان بۆ دەڵێت و سەختیی گەشتەکانیان لەسەر کەم دەکاتەوە، چونکە گەشتە ژێراوییەکان چوار مانگ دەخایەنن؛ بەبێ ئەوەی کەشتییەکان بگەڕێنەوە کەناراوەکان، هەر کەشتییە و زیاتر لە زوڵاڵبێژێک لەخۆ دەگرێت، چونکە گۆرانی گوتنی ڕۆژانە قوڕگی مرۆڤ لاواز دەکات، هەروەها زوڵاڵبێژەکان لە کاری دیکەشدا بەشدارییان دەکرد، وەک دابەزاندنی ژێراوگەڕانی مرواری و هەڵکێشانەوەیان بۆ سەر ڕووی کەشتی بە پەت.

پێی دەگوتم: "دەنگی زوڵاڵبێژان بۆ دەریاوانان وەک کۆڵەگەی ئومێد و ملوانکەی ئەو یادەوەرییانە وایە؛ کە پێیانەوە گیرۆدە دەبن هەر جارێک تامەزرۆیی بەسەریان دادەدات و بیرەوەرییەکان نوقمیان دەکەن"، لەبەر زوڵاڵیی دەنگیشی ناویان نابوو "بولبولی دەریا"، جاروبار دەنگی دەگەیشتە ئەو کەشتییانەشی کە بەتەنیشت ئەوەکەی وانەوە دەڕۆیشتن، کەمێک

دەوەستان و چێژیان لە ئاوازی قورگی بولبولی دەریا وەردەگرت.

شەوێکیان زریانێکی توند بەسەر کەشتییەکەدا هەڵیکرد و هێندەی نەمابوو ئاوەژووی بکاتەوە، شەپۆڵەکان بە شێوەیەک بەرز دەبوونەوە؛ دەگەیشتنە بڵندیی چارۆگەکان و خۆیان بەسەر کەشتییەکە دادەدا، هەر چی مرۆڤ و ئازووقەی بەسەرەوە بایە دەیانماشییەوە، کە خۆر گزنگی دا؛ کەشتییەکە ببووە گەمیەیەکی کەڵکنەماو، بۆ دەریابڕی سوودی نەمابوو، چارۆگەکان دڕابوون، تەختەکان تێک شکابوون، ئازووقەکان بەناو ئاودا ڕژابوون، هەندێک دەریاوانیش دەریا ڕفاندبوونی و نەیهێنانەوە، ئەوانەشی مابوونەوە؛ دەروونیان وەک کەشتییەکە خامۆش ببوو، هیوایان نەمابوو بگەنەوە زێدی خۆیان، کاپتنەکەیان هەوڵی دەدا بیانهێنێتە ڕا؛ دەتوانن سەوڵ لێ بدەن، وەلێ کەسیان گوێیان لێی نەدەگرت.

بولبولی دەریا بەسەر بەشێکی بڵندی کەشتییەکە کەوت و دەستی کردە گۆرانی، جۆش و خرۆشی بەبەر گیانی ڕزگاربوواندا کردەوە، دەریاوانەکان دەستیان بە سەر لەرزاندن کرد و گۆرانییان لەگەڵدا دەگوتەوە، ڕوویان کردە دارسەوڵەکان و گرتیان بە دەستییانەوە، پۆلپۆل بە دوای یەکەوە ڕیزیان گرت و بۆناو ئاو شۆڕیان کردنەوە، دەستیان بە سەوڵ لێدان کرد و گۆرانییەکەیان دووبارە دەکردەوە، کاپتنەکەش خێرا دەستوبردی کرد و ڕایکرد دارسەوڵێک بە دەستەوە بگرێت و لەگەڵیان دەست بکاتە گۆرانی گوتن و سەوڵ لێدان.

دەیگوت لە ماوەی دوو ڕۆژدا گەیشتنەوە کەناری دەریا، شەو و ڕۆژ نۆرەی سەوڵ لێدانیان دەگرت، دەیگوت لەو دوو ڕۆژەدا لە گۆرانی وتن نەوەستاوە؛ بۆ نوێژ و خواردن نەبێت، یەکێک لەو دەریاوانانەی مابووەوە

تا چیرۆکەکە بگێڕێتەوە؛ دەیگوت کەشتییەکە زۆر خێرا دەڕۆیشت، بگرە پێیان وابوو با چارۆگەکانی نەدڕاندووە، کەمێک بێدەنگ بوو، لەپڕ گوتی: "سەوڵەکان گەمیەکەیان نەدەجووڵاند، بەڵکو گۆرانی و ئومێد بوون ئەم کارەیان دەکرد".

چەند ساڵێک بەر لەوەی بولبولی دەریا کۆچ بکات؛ چاوانی کز ببوون، کاتێک سەردانی پزیشکی کردبوو؛ گوتبووی دەبێت واز لە گۆرانی گوتن بهێنێت؛ ئەگینا بینایی لەدەست دەدات، چونکە دەمارەکانی بەرگەی ئەو فشارە ناگرن کە گۆرانی دەیخاتە سەر لەشی، بولبول بێدەنگ بوو، پاشان دەستی خۆی خستە سەر شانی پزیشکەکە و پێی گوت: "ناتوانم، ژیاوم ڕێی ئەوانی تر ڕووناک بکەمەوە، بە گۆرانی زیاتر لە چاوانم دەبینم".

# هۆکاری لەبیرکراو

لە چێشتخانەیەکدا دانیشتبووین و کارگوزار بە خۆی و بە خواردنەوە هات، یەکێکمان سوپاسی کرد و ئەوانی تر بێدەنگماینەوە، ئیدی هەر جارێک شتێکی بۆ هێنابایین؛ جارێکی تریش سوپاسی دەکردەوە، تا وای لێ هات یەکێکمان پێی گوت: "تەنیا جارێک بەسە سوپاسی بکەیت"، وەڵامی دایەوە: "من سوپاسی دەکەم؛ تا هەست بە بەختەوەری بکەم".

ئەم دۆستەم ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر جێبەجێ دەبێت؛ "ستیڤن تیووبەر"ی پرۆفیسۆر لە "زانکۆی کێنت" لە "ئۆهایۆ" لەسەر کۆمەڵێک خوێندکار بە ئەنجامی گەیاندووە، چەند ساڵێک لەمەوبەر لە گۆڤاری "توێژینەوەکانی بەختەوەری" بڵاو کراوەتەوە، بە کورتییەکەی وا دەڵێت: "گەر دەتەوێت هەست بە بەختەوەرییەکی ڕەها بکەیت؛ بۆ ماوەی سێ هەفتە؛ هەفتانە پازدە خولەک لە کاتت بۆ نووسینی نامەیەکی سوپاس و پێزانین تەرخان بکە بۆ کەسێک"، هەروەها مەرجیشی داناوە نامەی سوپاسگوزارییەکە ڕاستەوخۆ نەبێت، یانی بۆ نموونە بەرامبەر دیارییەک نەبێت، بەڵکو دەبێت گوزارشت لە پێزانینی خۆت بکەیت بۆ هەڵوێستە جوامێرانەکانی ئەو کەسانەی سوپاسیان دەکەیت، بەوردی باسی ئەوەیان بۆ بکەیت؛ کە لەبەرامبەریاندا هەستی پێ دەکەیت.

لە ئاکام دەرکەوتووە؛ ئاستی بەختەوەریی ئەو کەسانە و ڕازیبوونیان بە ژیانی خۆیان دوای نووسینی هەر نامەیەک زیاد دەکات، تەنانەت هەندێک لەوانەی هەستیان بە دارمان دەکرد؛ بەرەبەرە هەستیان بە چاکبوونەوەی زیاتر دەکرد؛ هەر چەندی زیاتر دەیاننووسی.

پێزانین زمانێکە ئاتاجی وشان نییە، واتاگەلێکە لێکدانەوەیان پێویست نییە، پێزانان باوەڕدارن؛ دەزانن نهێنییەکی بەختەوەری دنیا جێنەهێشتنە؛ تا لە خۆیان ڕازی دەبن، ژیانمان چ بەهایەکی هەیە؛ ئەو دەمەی لەوە جیا دەبینەوە کە خۆشمان دەوێت و مەودای ئەوین و پێزانینی خۆمانمان بۆ دەرنەبڕیبن؟ دەکرێت هەر کاتژمێرێکی لەگەڵ ئەو کەسانەیت کە خۆشت دەوێن؛ دوا کاتژمێری دیداری نێوانتان بێت، گەر دەتەوێت بە ئاشتەوایی و ڕازیبوونەوە لەگەڵ خۆتدا بژیت؛ لەوەی لە ژیانتدا بوونیان هەیە مەودای سوپاسی خۆتیان بۆ دەربڕە، ئەوساکە ئەو ساتانە نەمر دەمێننەوە.

ئەگەر دەستکراوەیی بەخشینی دەست بێت؛ پێزانین بەخشینی گیانە، تەنیا کەسێک گوزارشت لە پێزانینەکانی خۆی دەکات؛ لەگەڵ دەروونیدا سازابێت، پێزانین و لێبوردن وەک یەکن، هەردووک لە ڕەوشتی جوامێرانن، پێزانین لە سەنگی مرۆڤ کەم ناکاتەوە، ئەوەش ناگەیەنێت کەسێکی لاوازە وەک هەندێک پێیان وایە، کارگوزار بۆ لای یەکێکمان دێت و پێی دەڵێت ئەگەر شتێکی دەوێت؛ وەڵامی دەداتەوە هیچی ناوێت؛ بێ ئەوەی لە چاوانی بڕوانێت، بەسە لە نەوتنی سوپاس و دەستخۆشی! ئەو جۆرە کۆمەڵگانەی تاکەکانیان ئەم کار و کردەوانە ئەنجام دەدەن؛ شایەن بە نازناوی جیهانی سێیەمن.

پێزان جیهانی خۆی لە ناوەوەیدا هەڵگرتووە، چاوەڕوان نییە کەسێک بەختەوەری و ڕازیبوونی پێ بدات، هەر جارێک سوپاسی یەکێک دەکات؛ بەختەوەر دەبێت، هەر جارێک بەیانی هەڵدەستێتەوە؛ کامەران دەبێت، هەر جارێکیش سەیری ئاوێنە دەکات و دڵنیا دەبێتەوە لەوەی دەتوانێت بزە بخاتە سەر لێوانی؛ شادمان دەبێت.

"ڕۆبەرت ئیمۆنس"ی پرۆفیسۆر لە "زانکۆی کالیفۆڕنیا" لەگەڵ "کایکل کۆلۆ"ی پرۆفیسۆر لە "زانکۆی میامی"؛ ماوەی هەشت ساڵ توێژینەوەیان کردووە؛ تاکو مەودای کاریگەریی پێزانین لەسەر تەندروستیی مرۆڤ پێوانە بکەن، بە کورتییەکەی دەڵێن: "پێزانانی بەخششەکانی یەزدان؛ ژیانێکی تەندروستانەتر دەژین، بە کارایيەکی زیاتریشەوە پێشوازی لە ژیان دەکەن، بگرە پێزانان کەمتر لە کەسانی تر تووشی ژانەسەر و زیپکە و تێکهەڵهاتنی دڵ دەبن" و زاراوەی "هۆکاری لەبیرکراو"یان داوەتە پاڵ پێزانین.

پسپۆڕان ئامۆژگاری دەدەن بەوەی پێزانین بکرێتە نەریتێکی ڕۆژانە و لە جێبەجێکردنیدا گیان و مێشک و لاشە یەک بخرێت، بەم بنەمایەش ژیانی مرۆڤ جادوو ئاسا دەگۆڕێت، سەختی و خەم و خەفەت و ڕەشبینییەکانی دەوری دەبنە دنیایەکی نوێ، مرۆڤ ئومێدەوار دەبێت زووتر بیزانیبایە پێی بەدی دێت، پێزانین جیهانێکی تاکە و وشەی سوپاس دروستی دەکات.

کەسانێک هەن بەسەر ژن و ماڵ و منداڵ و باوک و برا و ئۆتۆمبێل و کارەکانیاندا دەقیرێنن، بە هەموو ئەو قیرێنەرانە دەڵێم: باشە ئامادەن ئەو کەس و شتانە لەدەست خۆتان بدەن؛ کە بەسەریاندا دەقیرێنن؟ "سینگ سینگ"ی بەڕێوەبەری چاکسازی لە "نیوۆڕک" دەڵێت: "تاکە ڕێگەیەک تاکو چاکە لە تاوانبارێکی سەرسەختەوە بێتە ئاراوە، ئەوەیە وەکو گەورەیەکی بەشەرەف مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، ئەویش بۆ ئەو مامەڵەیە کاردانەوەی دەبێت"، دەزانن لەبەرچی؟ چونکە ستایش و پێزانین جوانترین شتی مرۆڤ دەردەخەن.

پێزان بە، چونکە تۆ باوەڕداریت، بۆ کاروبارەکەت با سەختیش بێت، بۆ پارەکەت با کەمیش بێت، بۆ تەندروستییەکەت با خراپیش بێت، بۆ هەوا

و هەست و پێکەنین و فرمێسکەکانت... گرنگتر لە هەموو ئەمانەش: پێزان بە، چونکە کەسێک هەیە خۆشی دەوێیت و بە هەموو کەموکوڕییەکانتەوە پێت ڕازییە، پێزان بە، چونکە خاوەن توانستی ئەوین و خۆشەویستییت، گەر جارێکیش شکستت خواردبێت؛ جارێکی دی خۆشەویستیت لەدەست دێتەوە، جارێکیان یەک دەیگوت: "وا چاکترە لە ژماردنی بەخششەکانمان هەڵە بکەین؛ نەک بەخششەکانمان لەدەست بدەین و خەریکی ژماردنی گیروگرفت و خەمەکانمان بین".

دۆستێکم لێمی پرسی؛ بۆچی هەردەم بە گەشبینی دەمبینێت، پێم گوت: چونکە دواین شتێک شەوانە بەر لە نوستن بیڵێم: سوپاس بۆ خودایە، یەکەمین شتیش سبەینان دەمی هەستانەوە بیڵێم: سوپاس بۆ خودایە، یەکەمیان لەبەر ئەوەی دەرفەتی دامێ ئەو ڕۆژە تا کۆتاییەکەی بژیم، دووەمیشیان هەلی دامێ ڕۆژێکی تریش بژیم.

"لاوتسی"ی فەیلەسووفی چینی دەڵێت: "ئەو دەمەی پەی بەوە دەبەیت نەداری هیچ شتێک نیت؛ تەواوی جیهان دێتە ناو چنگت"، دەپرسن: مرۆڤ چۆن نەداری هیچ شتێک نابێت؟ وەڵام ئەوەیە: کاتێک پێزانی هەموو شتێک دەبێت.

# ڕێ بڕینی بیابان

شوێنەواری پێی ڕاستی ڕەش دەبووەوە بەر لەوەی پێی چەپی لە لمەکە بەرز بکاتەوە، گەردەلوولێکی لمین بەری تیشکی خۆری گرتبوو، شوێنەکە ببووە پێچاوپێچێک لە تەپوتۆزی هەمیشەیی، تاکە شتێک دڵی ئاوی پێی خواردبایەوە؛ ڕەشمەی وشترەکەی بوو، چاک پێیەوە هۆگر ببوو، وەک بڵێیت سەر دەریایەکی لمین کەوتبێت، وێڕای ئەوەی دەنگی باکە لە لووڕەی گورگان دەچوو؛ وەلێ هەناسەی وشترەکەی کەمێک ئارامیی پێ دەبەخشی، چەند جارێک خۆی دواند ملی پێ دابدات و خۆی بەو بپارێزێت؛ هەر وەک چۆن کۆچەری بۆ بڕینی گەردەلوول دەیکات، بەڵام گوتەی ڕۆژێکی باوکی بیر دەهاتەوە: "گەردەلوولەکان پەیامی بیابانن بۆ ڕێبوارەکانیان؛ دەبێت بەرەو پێشەوە سڵ نەکەنەوە". جگە لە لەدەستدانی وشترەکەی هیچ شتێکی تر ڕاڕای نەدەکرد، نەک تەنیا لەبەر ئەوەی ناتوانێت بەبێ ئەو بیابان ببڕێت؛ بەڵکو لەبەر ئەوەی وشترەکەی تەنیا بوونەوەر بوو شەوان لە گوێگرتنی چەنەبازییەکانی بێزار نەدەبوو.

بەچاونووقاوی بە ڕێدا گوزەری دەکرد، بەدڵکراوەیی، کڕ بۆ دەنگی ئەو بایەی تۆزتۆز بەرزتر دەبووەوە، وەک بڵێیت یەکێک دەیەوێت شتێکی پێ بڵێت، هەوڵی دەدا چاوانی بکاتەوە، بەڵام نەیدەتوانی، بڕیاری دا کەمێک ڕابوەستێت و خۆی بە لاشەی وشترەکە بپارێزێت؛ تاوەکو بتوانێت لمی سەر پێڵووەکانی بماڵێتەوە، چاوانی کردەوە وەک ئەوەی پەڕەیەکی بە چەسپ لکێنراو بە شتێک لێ بکاتەوە، ڕووناییەکی دووری پێش چاوان کەوت؛ بەناو تەپوتۆزەکەدا تیشکی دەدا، چاوی بڕیبووە ئەو ڕۆشناییە هەتاوەکو شوێنی

خۆی بپارێزێت، چاوانی لێک نا و وشترەکەی بە ئاراستەی وێندەر ڕاکێشا، کە چەند مەترێک پێش کەوت و هەر چەندە لە چاوگی ڕۆشناییەکە نزیکتر دەبووەوە؛ زیاتر هەستی بە موچووڕکەیەک دەکرد بەئەسپایی بە لەشیدا دەهات، گەیشت و مێرگێکی بچووکی بینی بە هەندێک دارخورمای بەردار دەور درابوو، چووە ژوورەوە و دەنگی باکە بنبڕ بوو، وەک ئەوەی گەردوون لەناکاو لە هەناسە بوەستێت، چاوانی بە شوێنەکەدا گەڕاند؛ پیرەمێردێکی بینی سەری بە یەکێک لە دارەکان وەنابوو، چاوانی لێک نابوو، لێی نزیک بووەوە؛ پیری بەتەمەن بزەی کرد و دەتگوت ئاگادارە بە گەیشتنی، چاوانی بەهێمنی کردەوە و هاتە گۆ:

- سڵاوت لێ بێت، لە کۆتاییەکەی گەیشتیت.

کابرای لاو سەیری دەوری خۆی کرد، ترسا لەوەی کەوتبێتە بۆسەوە، پیرەکە زەردەخەنەی کرد:

- مەترسە، جگە لە من کەسی تر لێرە نییە، کەمێک دانیشە.

دانیشت و چاوانی بڕییە کابرای پیر:

- من دەزانم دەتەوێت بیابان ببڕیت، هەمووومان هەوڵ دەدەین بیبڕین، هەندێکمان ئەوە دەکەین بەبێ ئەوەی هەست بکەین، بیابان چارەنووسی عەرەبانە، بیابان عەرەب زیاتر لە ناوەوەی خۆیدا هەڵدەگرێت وەک ئەوەی ئەوان بیابان لە ناخی خۆیاندا هەڵدەگرن، بەڵام هەندێکمان بوونی بیابان لەبیر دەکەین، پێمان وایە هۆکاری چارەڕەشیمانە.

- مەگەر وا نییە؟ یانی بۆچی بیابان هێندە لەگەڵمان ڕەقە؟

- بیابان ڕەق نییە، بەڵکو ئەوە ئێمەینە لەو ناگەین، بیابان شوێنێکی پیرۆزە، مەرجی خۆی هەیە، بەڵام سنوورداریش نییە بۆ کۆمەڵێک کەس،

وەلێ ئەوەی ئەو مەرجانەی لێ نەیەتە جێ؛ دەبێت هەست بە ڕەقی بکات.

- مەرجەکانی چین؟

- باشە، تاکو لە بیابان بگەیت؛ دەبێت زیاتر گوێ ڕابگریت؛ تاوەکو زیاتر ببیستیت، بیابان قسە ناکات بۆ چەنەبازان، دەبێت چاوانیشت بەردەوام واڵا بهێڵیتەوە و لە گەردەلوول نەترسیت، بیابان چاوانت لە لم پڕ دەکات، وەلێ مێشکیشت لە دانایی لێوانلێو دەکات، لە کۆتاییدا دەبێت ئەوە بزانیت کە بیابان گوێت بۆ ڕادەگرێت؛ ئەگەر بەشەو لەگەڵیدا بدوێیت، چونکە بەڕۆژ سەرقاڵە.

- بە چییەوە سەرقاڵە؟

- بە ڕێنیشاندانی ئەو کاروانانەی ڕۆژانە دەیبڕن، وا مەزانە کاروانەکان ڕێی خۆیان دەزانن چونکە ڕێبەریان پێیە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە بیابان ڕێی بڕینیان پێ دەدات، ڕێبەری کاروانیش تەنیا کەسێکە فێری زمانی بیابان بووبێت و لە ئاماژەکانی بگات، بۆیە ڕێگەکانی باش پێ دەزانێت، ڕێبەرەکە بە درێژایی کات گوێ ڕادەگرێت؛ تاوەکو ڕێگەی ڕاست پێ بزانێت، تەواوی دەنگەکان دەبیسترێن، تەنیا دەنگی ڕاستی نەبێت؛ دەبینرێت.

- ئەی چۆن بیابان ببڕم؟

پیرەمێردەکە لە شوێنی خۆی وەستا و لاوەکەش وەستا، ڕووی کردە ئەو گەردەلوولەی دەوری مێرگەکەی دابوو، پاشان بە دەستەکانی ئاماژەی بەو ئارستەیە کرد کە بە تەپوتۆزی زیاتر پڕ ببوو و گوتی:

- بیابان ڕێز لە سوارچاکەکان دەگرێت و ڕێی تێپەڕینیان نیشان دەدات، بەڵام ڕێز لەو کەسە ناگرێت کە بەتەنیا لە پاڵەوانێتی دەگەڕێت.

- تێنەگەیشتم!

- کاتێک کۆمەڵێک سوارچاک دەڕژێنە ناو جەرگەی جەنگەوە؛ هەرگیز نابەزن، ئەگەرچی پێکڕا هەر هەمووشیان بکوژرێن، چونکی ئەو دەمە دەبن بە ئەفسانە. هەندێک لە ئەفسانەکان دەبن بە نیگای ئەو کەسانەی بۆیان دەگێڕدرێتەوە؛ ئەگەر بتوانن باوەڕی پێ بکەن، لەگەڵ هاوڕێیەکدا بمریت؛ چاکترە لەوەی بەتەنیا سەر بکەویت، خۆت بەناو ئەم گێژەڵووکەیە دابدە و لە مەبەستی من دەگەیت.

پەنجەکانی لاوەکە لەگەڵ ڕەشمەی وشترەکە یارییان دەکرد و تەواوی ببووە ئارەقە، هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی و سەیری ئەو شوێنەی دەکرد؛ کە پیرەپیاوەکە ئاماژەی پێ کرد، دوای بێدەنگبوونێکی کورت؛ دەستی لە سۆزی وشترەکەی هەڵگرت و بڕیاری دا خۆی لەو گێژەڵووکەیە بدات و چاوانیشی بەکراوەیی بهێڵێتەوە؛ بەو چەشنەی کابرای پیرەپیاو پێی گوت، کاتژمێرێک ڕۆیشت و تەپوتۆز ڕوخساری وەها داپۆشی؛ لە مۆمیای لە گۆڕ هەستاوە دەچوو. لە ناوەڕاستی ئەو ڕەشەبا دژوارەدا؛ دەنگی باوکی بەبیر هاتەوە: "گەردەلوولەکان پەیامی بیابانن".

پێی وا بوو وشتر لە زمانی بیابان دەگات، وەلێ زمانی بیابان چییە؟ دواتر گوتەی پیرەکەی هاتەوە یاد: "ترۆپکی سوارچاکیی سوار؛ یارمەتیدانی ئەو کەسەیە کە لەتەنیشتییەوە دەڕوات"، ڕوانییە وشترەکەی؛ بینی چاوان و لووتی پڕ بوون لە خۆڵ و خەریکە لە گێژەڵووکەکەدا بکەوێت، لە دەروونی خۆی گوتی؛ باشە چۆن لەبیری کردووە خۆی ناتوانێت لمی سەر ڕوخساری بماڵێتەوە!

جامانەکەی سەری کردەوە و ڕوخساری وشترەکەی پێ پاک کردەوە؛ تا هەناسەیەکی قووڵی دا، ملی درێژی بەرز کردەوە و چاوانی بە شوێنەکەدا

گەڕاند، ڕێگەکەی دۆزییەوە و دەرپەڕی، خاوەنەکەشی ڕاکێشا تەنیشت خۆی و لە تەپوتۆز دەیپاراست، هەر چەندی دەوەستان وشترەکە ڕێگەکە بەدی بکات؛ لم بە شێوەیەکی وا بە ڕوخسارياندا دەکەوت؛ وەک بڵێیت چیایەک بن؛ سەرکەوتنی دژوار بێت.

دوای ئەوەی گەردەلوولەکە توایەوە؛ لاوەکە چاوانی خۆی بەهێواشی کردەوە، تاڤگەیەک لمی بە ڕوومەتدا هاتە خوارەوە، سەیری دەوری خۆی کرد و بینی ئیختیارەکە بە خەندەوە لێی نزیک دەبێتەوە:

- بۆ بڕینی بیابان؛ پێویستە بەرەنگاری ترسەکانت ببیتەوە؛ بەر لەوەی ئەوان بەرەنگارت ببنەوە، تا بەسەر ترسەکانیشتدا زاڵ ببیت؛ دۆستێکت گەرەکە؛ بۆت بترسێت؛ بەو چەشنەی بۆ خۆت دەترسیت، ئەگەر بێت و ترس بەسەر دوو کەسدا دابەش بکرێت؛ کەمتر دەبێتەوە، پیرۆزباییتان لێ دەکەم، بیابانەکەتان بڕی.

- چۆن لە کاتێکدا هێشتا لە ناوەڕاستیداین؟

- ڕێک وایە، ئێستاکە لە جەرگەکەیدان، لە گەرموگوڕترین شوێنێک مرۆڤ بتوانێت لێی بێت، ڕوو بکەنە باکوور و دوای نیوە ڕۆژێک دەگەنە شار.

- گەورەم، بەر لەوەی بڕۆیت؛ پێم بڵێ چۆن جارێکی تر بیابان ببڕمەوە؟

پیرەپیاو بزەی کرد و لە ماڵاواییدا گوتی:

- بیابان دەبڕیت؛ ئەگەر دۆستێک بدۆزیتەوە؛ بتوانیت هەمان خەونی لەگەڵدا هاوبەش بکەیت.

## بۆچی نامە دەنووسن؟

"دێوانەیەکی دیش بە دوای کەسێکەوەیە نامە بۆ سندووقی پۆستەکەی بنێرێت". دادەیەکیان لە نامەکەی خۆیدا وای بۆ نووسیبووم؛ پاش ئەوەی لە تویتەر جریواندم: "تامەزرۆی نامەیەکی دەستنووسم"، دواتر ناونیشانی سندووقی پۆستەکەم دانا و بەڵێنم دا؛ نامە بە دەستخەتی ناخۆشی خۆم بۆ هەموو ئەوانە بنێرمەوە کە بۆمی دەنێرن. لە دوای چەند ڕۆژێکی کەم چوومە ناوەندی پۆستە، کە سندووقەکەمم کردەوە؛ نامەکان چەشنی گەڵای پاییز بەسەر زەویدا داوەرین، بۆ کردنەوەیان خۆم بۆ نەگیرا تاوەکو دەگەمەوە ماڵەوە، لە ترومبێلەکەمدا دانیشتم و نامەکانم یەکبەیەک کردەوە، دەمێک بوو لە ڕێگەی پۆستەکەمەوە جگە لە گەیاندن و نامەی پڕوپاگەندەیی هیچی دیکەم بۆ نەهاتبوو، ئەمانەش لە هەموو هەستێک داماڵراون.

ئەفسووس، هیچ نامەی دڵداریم بۆ نەهاتبوو، بەڵام نامەی مرۆڤانەی زۆرم بۆ نێردرابوو، هەر یەکە و لە بارەی پارچەیەک لە ژیانی نووسەرەکەی دەدوا، هەر نامەیە و لەخۆگری هێڵێکی جیا بوو، گیانی جیاواز، خواست و داڕووخان، خەون و ئارەزوو، تامەزرۆیی... نامەکان بەرامەی هەستە نووسراوەکانی سینەی خاوەنەکانیان دەپرژاند، لە گوتەی نامەنێرەکان هەستم بە خواستی دوان لە هەموو شتێک دەکرد، زۆرینەی نامەکان لە تامەزرۆیی دەدوان بۆ ئازادی و ڕەخنە لە ڕابردووی کوێرانەی پڕ لە هێڵی سوور، هەر وەکو یەکێکیان باسی کردبوو.

دادەیەکیان سەرگوزەشتەی منداڵیی خۆی لە نۆ نامەی یەک لە دوای

یەک گێڕابووەوە، بێ ناو و ناونیشان بوون، نامەکانی بەسەرهاتی جامێکی بچووکی دەگێڕایەوە؛ دابڕی نێوان ماڵی وان و دوکانێک بووە؛ خاوەنەکەی نامەکەکانی ئەوی لەگەڵ نامەی خزمەتگوزارەکانی گەڕەک ڕەوانە کردووە، دواتر وەڵامی نامەکانی بە هەمان شێواز بۆ هێناوەتەوە؛ تاکو باوکی هەست نەکات نامە بۆ دۆستە کوڕ و کچەکانی تەواوی پارچەکانی جیهان دەنێرێت، هێندەی باسیشی کردبوو نامەکانی سۆزداری نەبوونە، پاشان "پارچە کاغەزەکانی ڕۆژنامە"ی باس کردبوو، کە "دامەزراوەی کاروباری ئیسلامی" بڵاوی دەکردنەوە؛ ئەوانەی ڕێکەوتی زایینی و کۆچی و کاتەکانی نوێژیان تێدا بوو، لە پشتی هەر کاغەزێکیش؛ پەندێک نووسرابوو، دایکی ڕۆژانە داوای کردووە پەندەکەی بۆ بخوێنێتەوە، دوای کۆچی دایکیشی لە خوێندنەوەی ئەو پارچە کاغەزانە هەر بەردەوام بووە.

نامە نووسین بە هونەرێکی وێژەیی باڵا دادەنرێت، چونکە ڕەنگدانەوەی بارودۆخی هەستیی خاوەنەکەیەتی؛ کە بێ هەموو کۆت و بەند و مەرجێکە، تاک بە گیانی خۆی دەنووسێت؛ نەک بە پێنووس، لە کتێبی "گەنجینەکانی وێژە"ی "سەیید ئەحمەد هاشمی"؛ جۆری جیاجیای نامە دەبینین، نامەی تامەزرۆیی، نامەی یەکتر ناسین، نامەی گلەیی... بێبەش نین لە زمانی بەهێز و هەستی پەنهان و هێماگەلێک؛ شکاندنیان سەردەرچوونی دەوێت لە شیعر و ڕەوانبێژی، "هاشمی" نامەی بۆ دۆستێکی خۆی ناردووە و بەمە دەستی پێ کردووە: "ئەم نووسراوەی لەبەر دەستتدایە؛ تامەزرۆییمت بۆ باس دەکات و نایشارێتەوە، لەو دەمەیڕا لێم دابڕاویت؛ شادی و هەناسەم و بگرە گیان و لاشەمت لێ لە یەک ترازاندووم"... دواتر کۆتایی پێ هێناوە: "سەیرێکی تێدا نییە بۆ بینینت زۆر تامەزرۆ بم، چونکە وەک دەڵێن؛ لە

دلۆڤانیی مرۆڤە تامەزرۆی نیشتمانی خۆی و براکانی بێت".

نامەیەک ڕەخنەی لە تەکنەلۆژیا گرتبوو، خاوەنەکەی بەوە تۆمەتباری کردبوو: هەستەکانمانی تووشی گەوجی کردووە، وەک دەیگوت: "نووسینی ئەلیکترۆنی بوارمان دەداتێ: خاڵەکانی لاوازی و دوودڵییەکانمان بسڕینەوە و لایان ببەین"، ئەم قسانەی لە دەستنووسەکانی "جوبڕان" زۆر بەڕوونی دەبینم، خۆ خەریکە نەخوێندرێنەوە لەبەر زۆر گۆڕینی وشەکان و دووبارە هێڵهێنانەوە بە ڕستەکان و سەرلەنوێ داڕشتنەوەیان، ئەمانە کەسایەتییە ڕاڕاکەیمان بۆ دەردەخەن؛ کە بەدەستییەوە ناڵاندوویەتی، خۆ لەوانەیە دوودڵییەکەی یەک لە نهێنییەکانی داهێنانەکانیشی بووبێت.

هەندێک لە نامەکان: بەبێ ڕێکەوت و ناونیشان بوون، وای بۆ دەچم خاوەنەکانیان ویستوویانە نەمر بیانهێڵنەوە و لەدەست کات و شوێنەکان هەڵێن، تاکو یادیان لەودیوی بەرزەخی خواستەکانەوە بمێنێتەوە، بەمە نە دەزانیت کەنگێ دەستیان پێ کردووە و نە کەییش کۆتاییان دێت.

خاوەنی پارچە کاغەزەکانی ڕۆژنامە دانەیەکیانی بۆ هاوپێچ کردبووم؛ هی هەشتی کانوونی یەکەمی ٢٠١١، لەسەری نووسرابوو: "هەموو تاوێک لەگەڵ خەڵکیدا یەک دەبینین، بەڵام بەدەگمەن لەگەڵ خودی خۆماندا دیدار دەبەستین"، دانیشتم بە درێژایی گەشتێکی فڕۆکەییم بیرم لە وتەکە کردەوە؛ کە شازدە کاتژمێری خایاند، بۆم دەرکەوت زۆر کەم لەسەر کاغەز دەنووسم؛ تا مەودای دووریی خۆمم لە خۆم بۆ دەرکەوێت، چەند سەختە دوانی خۆمان لە خۆمان لەسەر کاغەز تۆمار بکەین! چەند دژوارە لەسەر پەڕە ئەوین بنوێنین، لەسەر پەڕە تامەزرۆ بین، لەسەر پەڕە چاوەڕێ بین و یاد بکەینەوە و پاشان بگرین!

نامەکان پەڕەکانت بۆ دەکەنە ژیانێکی تەواو، بۆندار بە وردەکاریی هەر کێیەکی حەز دەکەیت، یاخود دەیکەنە مەرگێکی تەواو، تامەزرۆیی ئەوان دەپرژێنن، ئەو پیتانەی بە دەستی خۆمان دەیاننووسینەوە؛ چەندە خۆمان دەگێڕنەوە! لەوەی بووین، لەوەی دەمانەوێت ببین و نەبین، پەڕەکان زیاتر ڕاماندەگرن؛ تاوەکو زیاتر بیر بکەینەوە، ئەم کارەش هانمان دەدات لەگەڵ خۆماندا پەیوەست ببین و بە ناخماندا ڕۆ بچین، دواتر بەر لە نیشتنەوەی فڕۆکەکە گەیشتمە ئەوەی نووسین لەسەر پەڕە؛ یەکێکە لەو شوێنانەی تێیدا دەگەینە دیداری خۆمان.

دادەیەک سەبارەت بە هەوڵە شکستخواردووەکانی خۆکوشتنی خۆی نامەی نووسیبوو، پاشان لە بارەی مەودای خۆشەویستیی خۆی بۆ ژیان؛ دوای ئەوەی بۆی گەڕاوەتەوە، بۆیە حەزی کردووە نامەیەک بە دەست و خەتی خۆی بنووسێت و هەڕەمەکییانە بۆ کەسێکی بنێرێت، گرنگ ئەوەیە بگاتە دەست یەکێک و بیخوێنێتەوە، بەڵام جوانترین نامەیەک بۆم هاتبێت لێی نووسرابوو: "هەندێک لە نامەکان بۆ خۆمانی دەنووسین پێش ئەوەی بۆ کەسانی تری بنووسین، بەمەش پێمان چۆنیەکە پوولێکی پێوە بلکێنین؛ یان فڕێی دەینە یەکەمین زبڵدانی لەسەر ڕێ تووشی دەبین".

# خۆشەویستیی شەونمدار

کە خۆی فڕێ دەداتە ئاوەوە؛ چاوەکانی لێک دەنێت، لە دەریا ناترسێت، بەڵکو هەڵێک دەداتە دڵی خۆی ببینێت، چاو توانستی سنووردارە، تەنیا لە ڕۆشناییدا دەبینێت، وەلێ دڵ خاوەنی توانستێکی لەسروشتبەدەرە، لە شەوەزەنگ و بگرە لەژێر ئاویشدا دەبینێت، هێشتان پێکانی بەر ئاوەکە نەکەوتوون؛ گەشتی بە گەردووندا کردووە، باپیرم بەم شێوەیە باسی دەریای دەکرد، "لە دەریادا خەونەکانت دەسازێنیت؛ هەر وەکو چۆن ڕاوچی لە کەنارەکانیدا تۆڕەکانی دەسازێنێت، هی ئەویان هێزی بازووەکانی توندی دەکات و هی تۆش قەبارەی سییەکانت، دەریا و گەردوون یەک چەشنن، بۆ هەوا فراوان نابن، بەڵکو بۆ خەونەکان فراوان دەبن".

کاتی خۆی پیاوانی ناوچەی کەنداوی عەرەبی بۆ دەرهێنانی مرواریی بنی دەریا؛ هاوینان بۆ چوار مانگ گەشتیان دەکرد، ژیان بەو شێوەیە سەخت نەبووە کە باسی دەکەن، بەڵکو ویستوویەتی پیاوانێکیان لێ دەرچووێنێت؛ ئایندەیان پێ دروست بکرێت.

ئەم پیشەیە ڕۆڵەی شارە پەرت و بڵاوەکانی لێوار کەنداوی عەرەبیی یەک خستبوو، هیچ شتێک نییە هێندەی مەینەتی و خۆشەویستی خەڵک یەک بخات، دەریا ببووە گەڕەکی گەورەیان، کەشتییەکان ببوون بە ماڵ؛ بەرامەی خوێ و تامەزرۆیی و قاوەیان لێ دەهات، عەرەب پێیان وایە کاتێک لە خواردنی خوێدا هاوبەشی دەکەن؛ دەبنە برا، کاتێکیش لە خواردنەوەی قاوەدا هاوبەشی دەکەن؛ نامۆیی لەناو دەبەن.

باپیرەم دەیگوت:

بۆ گەڕان بە دوای مرواریدا بە ئاودا ڕۆ دەچووین، دوای وەرزی ژێراو؛ خاوەنی کەشتییەکەی کارمان لە کنی دەکرد؛ مرواریيە خڕکراوەکانمانی دەفرۆشت و بەشی خۆمانی لێ دەدایێ، ئەو پارچە بچکۆڵانەی لە دەمی گوێچکەماسییەکاندا زیندانی بوون و لە قووڵایی دەریادا لەبیر کرابوون؛ دارایی و سەرچاوەی بژێویمان بوون، بەهای کانزاکان لە پتەوییان و لە توانستیاندا نییە بۆ بەرگەگرتنی گرانیی کات، تەنیا لە جوانیشیاندا نییە، بەڵکو لە دژواریی گەیشتنە پێیان، مرواری و زێڕ لە گرانبەهاترین کانزاکانی زەمینن، یەکەمیان لە ناخی دەریا دەردەهێنرێت و دووەمیان لە ناخی زەویدا، هەموو ئەمانەش هەتاوەکو خەڵکی لە شادی و جەژنەکاندا خۆیانیان پێ برازێننەوە، کەسانێک بۆ بە شادی زیندووکردنەوەی ئەوانی دیکە دەمرن، ژیانە ئیدی، کەسێک هەیە شایەنی ئەوەیە کە نییەتی، کەسێکیش خاوەنی ئەوەیە کە ناشایەنیەتی.

ڕۆژێکیان چوومە ژێر ئاو؛ ئاو تەزی بوو، کە لە بنی دەریا نزیک بوومەوە؛ لمی بڵاو و پەرشەوەبوو شوێنەکەی پڕ کردبوو، هیچم نەدەبینی، هەوڵم دەدا بە دەستم ڕێی خۆم بدۆزمەوە و هەر گوێچکەماسییەکم بەر دەست بکەوێت؛ بیخەمە ناو ئەو سەبەتەیەی بە ئەستۆمەوە هەڵمواسیبوو، لەو دەمەدا دەستم کەوتە سەر گوێچکەیەکی گەورە، هەستم کرد مرواریيەکی گرانبەهای تێدایە، وەلێ لە بەدبەختیم یەکێک لە هاوپیشەکانم پێشم کەوتبوو، کاتێکیش دڵنیا بوومەوە دەستی ئەوی لەسەرە؛ دەستی خۆم لێ هەڵگرت و ڕێی خۆمم گرتەوە بەر.

چووینەوە سەر ڕووی کەشتی و دەستمان بە کردنەوەی گوێچکەکان کرد، دەستم بردە سەبەتەکەم؛ بینیم هەمان گوێچکەماسییە گەورەکەی

تێدایە؛ کە لە بنی دەریادا دەستم لێیدا، بەسەختی کردمەوە، هێشتا چینی سەرەوەیم لا نەدابوو؛ مرواریيەکی گەورە لەناویدا بریسکایەوە، دەریاوانان "دانە"ی پێ دەڵێن، سەیری هاوڕێکەمم کرد؛ بزەی کرد، ئاماژەیەکی بە سەر بۆ کردم و گەڕایەوە بۆ کردنەوەی ئەو گوێچکەماسییانەی لەناو سەبەتەکەی خۆیدا کۆی کردبوونەوە.

من زۆر هەژار بووم، بەڵام لەبەر ئەوەی دانەکە لە سەبەتەکەی مندا دۆزرایەوە؛ خاوەنی کەشتییەکە بڕیاری دا بڕێکی زیادەم بە خەڵات بداتێ، کەشتییەکی بچووکی گواستنەوەی شتومەکم پێ کڕی و دوای ماوەیەک بوومە خاوەن چەند کەشتییەک، دواتر نەوت دەرکەوت و چوونە ژێراو بۆ مرواری کۆتایی هات، ڕۆژێک گەیشتمە دیداری ئەو دۆستەی گوێچکەکەی خستە ناو سەبەتەکەمەوە، لە هۆکاری ئەو کارەیم پرسی، گوتی:

- لەبەر ئەوە ئەو کارەم نەکرد؛ بزانم تۆ هەژاریت، بەڵکو پەیم بەوە برد چارەنووست دەوڵەمەندییە و خۆشت لە هەلی شیاودا دەگەڕایت.

- چۆن بەمەت زانی؟

- ئەو ڕۆژەی لە بنی دەریا بووین؛ سەبەتەکەم لە گوێچکە پڕ کردبوو، هەر چەندی گوێچکە گەورەکەم دەخستە ناوییەوە؛ بەردەبووەوە، چەند جار هەوڵم دا؛ هیچ سوودی نەبوو، بڕیارم دا لێی گەڕێم، چونکە بەشی من نەبوو، کاتێکیش دەستت بە دەستم کەوت و بەرزت کردەوە بۆ دانانی بەوەی گوێچکەکە مافی منە؛ زانیم خوداوەند بۆ تۆی نووسیوە، چونکە ئەوەی ڕێز لە مافی ئەوانی تر بگرێت؛ شایستەی هاوبەش لەگەڵ کردنە، بۆیە خستمە سەبەتەکەی تۆوە؛ بەو هیوایەی ژیانت بگۆڕێت، "ئەوەی شادی لە دڵی دەوروبەریدا بچێنێت؛ بەختەوەری دەدوورێتەوە"، باوکم وای

دەگوت، بڕوا ناکەیت ئەگەر بڵێم: ئەمڕۆکە خاوەنی ژمارەیەک فرۆشگەی بەهاراتم، هەندێکیان لە هندن و هەندێکیشیان لە دوبەی.

باپیرەم قاوە ماوەکەی ناو فنجانەکەی فڕ کرد و سندووقێکی بچووکی کردەوە، دانەکەی دەرهێنا و لە دەستی دانام، پێی گوتم: "تەنیا وەفایە زەنگینمان دەکات".

# بەرلە خەوتن

لەگەڵ دوو دۆستی لە خۆم گەورەتر لەناو ئۆتۆمبێل بووین، خوێندن و ئامادەکاریم بۆ تاقیکردنەوە گشتییەکانی ناوەندی گەلێکیان شەکەت کردبووم، پێیانم گوت: "تاقیکردنەوە تەواو بکەم: شاخێک لەسەر شانم لا دەکەوێت، ڕۆژانی دادێن هەر چەندە گران بن؛ بەقەد گرانیی ئەم ڕۆژانە نابن"، یەکێکیان پێکەنی و گوتی: "بڕوا بکە؛ هەر چی دێتن لە ڕۆژانی ئێستا قورسترە"، بە پەنجەکانم ئاماژەیەکم لێ فڕێ دا و گوتم: "بڕۆ بابە".

کەچی ئەمڕۆ هیچ ساڵێک تێناپەڕێت و ئەو گفتوگۆیەم بیر نەکەوێتەوە، پێشبینییەکانی ڕاست دەرچوون، ڕۆژانی ناوەندیی گشتی بەبەراورد لەگەڵ ژیانی ئێستام؛ بێخەمتر و بێبەرەنگاریتر بوون، ئەو دەمە خوێندن ئابلۆقەی گشت خەمێکی دابووم، دەتوانم ڕاڕایی ئەوکاتم بە وشەی "بێبەها" کورت بکەمەوە و ڕوونکردنەوەی زیاتر نەدەم.

کاتێک لە خوێندنگە بووم خوێندنگەم خۆش نەدەویست، ناشخوازم بۆ ئەو ڕۆژانە بگەڕێمەوە، هەر قۆناغێکی ژیان چێژی تایبەت بە خۆی هەیە و لە زاڵبوون بەسەر ئاستەنگەکان و لە سەرکەوتنی ساکارەوە دروست دەبێت، وەلێ جاروبار خوازیارم بگەڕێمەوە هەوەسی بیرکردنەوە سادەکەی ئەوکاتم؛ کە خۆم و ئازاکانم خۆمانمان پێ ڕازاندبووەوە.

دەستبەرداری خوێندنەوەی چیرۆک و ڕۆمانان نەدەبووم، دەستم کرد بە خوێندنەوەی کتێبەکانی عەلی تەنتاوی، جا مەنفلووتی، ڕافعی، نەجیب مەحفووز، تەها حوسێن... تەنیا بەر لە خەوتن دەمخوێندەوە، هەر تەنیا بەر لە خەوتنیش بۆ پرسیاری شتێک پەیوەندیم دەکرد بە هاوڕێکانمەوە.

ددانیش بەوەدا دەنێم تا ساڵی ٢٠٠٠ تامی جوبڕانم نەکردبوو، تا ئەو کاتەی "عارف"ی برام لێم تووڕە بوو، سەرزەنشتیی کردم لەوەی چێژ لە وێژە نابینم، ئیدی وازی لێ نەهێنام لەوەی چیرۆکی "باڵە تێکشکاوەکان" بخوێنمەوە و بەرەو ئەوینی جوبڕانی بردم، ساڵی ٢٠٠٤ کاتێک گەشتێکی لوبنانمان کرد؛ پێش هەموو شتێک لەگەڵ عارفی برام چووینە سەردانی مۆزەخانەکەی جوبڕان و سەرجەم بەرهەمەکانیمان کڕی، دوای جوبڕان بە میخائیل نەعیمەوە وابەستە بووم، لەگەڵ عارفی برام کتێبەکانیمان دەگۆڕییەوە، کاتێک یەکێکمان شتێکی ئەومان دەخوێندەوە یان شتێکی جوبڕان؛ بەر لە خەو بە کورتە نامەیەک یەکمان ئاگادار دەکردەوە.

پاشان و ئێستاشی لەگەڵدا بێت؛ دیوانە شیعرییە دڵخوازەکانم لەپاڵ سەرمدا هەڵدەگرم؛ موتەنەبی، ئەبوو فەڕڕاس، ئەبوو نەوواس، ئەبوو تەممام، بوحتەری، فەرزدەق، نزار، نانووم هەتا شیعرێک یان زیاتریان لێ نەخوێنمەوە، زۆربەی بەدوادا چوون و خوێندنەوەکانیشم هەر بەر لە خەوتن ئەنجام دەدەم، کە سەیری فیلمێک دەکەم؛ هەر بەر لە خەوتن تەماشای دەکەم، کاتێک کەسێکی خۆشەویستم بەبیر دێتەوە؛ هەر بەر لە خەو یادی دێتە سەردانم، تەنانەت کاتێک گوێ لە ژەنینی خوازراویشم دەگرم؛ ئەویش بەر لە خەوتنە، خودای من، وا دیارە شتە قەشەنگەکان ڕاستەوخۆ پێش خەوتن دەستلەملانێمان دەکەن!

ڕەشنووسی بابەتەکانم ڕێکەوت و کاتی نووسینیان لێ دەنووسم، کاتێک دەیانخوێنمەوە دەبینم زۆربەیان بەر لە خەوتن نووسراون، ئەو دەمەی سەرگوزەشتەی وێژەوان و شاعیرانیش دەخوێنمەوە؛ وشەی "بێداری"یان زۆر تێدا دووبارە دەبێتەوە، ئەم بابەتەشم هەر بەر لە خەو نووسیوە، بۆیە

وای لێ کردم قسەکانی ڕێک نەخەم و هیچیشی لێ قوت نەکەم، بەبێ هیچ هۆکارێک عەوداڵانە خۆشم ویست، چونکە لە کاتژمێر دووی شەو هاتە دنیا، نازانم بۆچی دەڵێن دووی بەیانی، نووسینی شەوانە؛ خۆشەویسترین کارێکە لە ژیانمدا ئەنجامی بدەم.

سەبارەت بەو کەشە نامۆیانە شتم دەمخوێندەوە؛ کە نووسەران بەر لە دەستکردنە نووسین ڕاهێنانی تێدا دەکەن، هەیانە بۆنی سێو دەکات، هەیانە قاپ و قاچاخ دەشوات، هەیانە تەماشای پەنجەرەی ژوورەکەی دەکات و بەپێوە دەنووسێت، لە هەمووشی نامۆتر؛ هەیە جل دادەکەنێت و بەسەر درەخت دەکەوێت، گوایە نیگای بۆ دێت! دەڵێن ڤیکتۆر هۆگۆش یەکێک بووە لەوانە، بەڵام نازانم هەتا چەند ڕاستە.

وەلێ زۆر لە نووسەران ئێواران نووسیویانە و زۆرینەی هاتنە دنیاکانیش ئێوارانن، زۆربەی هەرە زۆری بووک گواستنەوەکانی وڵاتی ئێمەش شەوانە ئەنجام دەدرێن، ئێوارە چەندە دڵگیرە! چۆن ئەو شتانە لە یەکتر جیا دەکاتەوە کە بەڕاستی خۆشمان دەوێن و ئەو شتانەی وا دەزانین خۆشمان دەوێن؟

تکا دەکەم ئێستا بیر لەو شتانە بکەیتەوە؛ کە بەر لە نوستن ئەنجامیان دەدەیت، ئەو کەسانەی یادیان دەکەیت، پاشان لە تێنووسێکی بچووکدا تۆماریان بکە و هەرگیز نەهێڵیت ئەو شت و ئەو کەسانەت لەدەست بچن! چونکە هەر ئەو شتانەن و هەر ئەوانن دوای تێپەڕینی ساڵانی تەمەن بۆت دەمێننەوە، گرەوت لەگەڵدا دەکەم بەر لە نوستن ئەم کارە دەکەیت! وا دیارە بەیانییان شتە پێویستەکان ئەنجام دەدەین و ئێواران لەگەڵ شتە قەشەنگەکاندا هەڵدەکەین.

## ئاخۆ چارەیگە کە بەتاڵ بێت؟

چارەیگی بەتاڵ؛ دەکەوێتە یەکێک لە گەورەترین و بگرە سەختترین بیابانەکانی جیهان؛ لە باشووری نیمچە دوورگەی عەرەبیدا، هەندێک بە درندەترین شوێنی سەر ڕووی زەمینی دادەنێن، لەپاڵ دووپشک و مارە سامناکەکانی؛ پڕە لەو لمە جووڵۆکانەی ڕێبواران لووش دەدەن، سەرکەشی ئینگلیزی "ویڵفرێد ثیسیجەر" ناسراو بە "موبارەک بن لەندەن"؛ کە بڕیاری داوە لەگەڵ کۆچەرییەکاندا بەوێدا تێپەڕێت؛ پرسیاری بیابانی چارەیگی بەتاڵی لێ کردوون، تێنەگەیشتوون مەبەستی چییە، یەکیان پێی گوتووە: "مەبەستت هێڵی ڕەشە؟"، وەڵامی داوەتەوە: "بەڵێ"، وا دیارە کۆچەرییەکان ئەو ناوەیان نەزانیوە.

باپیرەم بەسەرهاتی بیابانەکانی بۆ دەگێڕاینەوە، کە چارەیگی بەتاڵی بیر دەکەوتەوە؛ تاوێک دەنگی لێ دەبڕا و سەیری زەمینی دەکرد، سەری بەرز دەکردەوە و دەیڕوانییە ئاسۆ، وەک بڵێیت ڕابردوویەکی دوور وێنا بکاتەوە، دەیگوت: "هەندێک بەسەرهات پێویست بە شاردنەوە ناکەن"، چونکە شوێنەکان سەربوردەکان دەدرکێنن؛ گەرچی نیشتەجێکانیشیان بێدەنگ بن.

ئەو کاتەی بۆ یەکەمین جار سەردانی چارەیگی بەتاڵم کرد؛ هەمان ئەو کڕبوونەی باپیرەمم تووش هات، هەستم دەکرد چیرۆکانێک لەو شوێنەدا هەن نەگێڕدراونەتەوە، ئەو شوێنە لە لم زیاتر هیچی تری لێ نییە، تەنانەت باش لەوێدا وەکو شوێنەکانی دیکە بەشەو لوورە ناکات، بیابان شکۆیەکی هەیە؛ تەنیا ئارامگری دەیشکێنێت.

ژیان جاروبار خۆبەزلزانیت لێ دەستێنێت، بیابانیش پێتی دەبەخشێت، بیابان نیگاری گیانت دەکێشێتەوە، لەگەڵ کەسانی تردا خۆشەویستتر و تەباترت دەکات، جارێک باپیرەم پێی گوتم: ئەوەی کەسێک بیابانی لەگەڵدا بەڕێ دەکات: دەبێت ئەوەی هەیەتی لەگەڵیدا بەشی بکات، بیابان شوێنی پاراستنی شتە گرانبەهاکان نییە، تاکە شوێنە هەر چەندی زیاتری تێدا ببەخشین: هەست بە دڵخۆشیی زیاتر دەکەین.

بەسەرهاتی چوار پیاوی بۆ گێڕامەوە: چارەیگی بەتاڵیان بڕیبوو، دوای ئازووقە بڕان برسێتی لێی توند کردبوون، بەڵام ڕۆیشتنیان لە ملکەچی بۆ هیوابڕاوی بە باشتر زانیبوو، دەمی ڕۆیشتن: کۆمەڵێک خانووی خورییان دیوە: لەپاڵ بیرێکی ئاودا لە لمەکەدا چەقێنرابوونە، کە لە چادرەکان نزیک بوونەتەوە: کۆچەرییەک پێشوازیی لێ کردوون و بانگێشتی ماڵی خۆیانی کردووە، ڕوخساریان ڕەنگی ماندوویێتی داپۆشیبوو، کابرا چۆتە دەرەوە و مەڕێکی سەر بڕیوە، لێی ناوە و پاشان چێشتەکەی لەپێش داناون، دوای ئەوەی هیچیان لە خواردنەکە نەهێشتۆتەوە: لێیانی گەڕاوە پشوو بدەن و لە خێوەتەکەدا چۆتە دەرەوە، پیاوێکیان بە هاوڕێکانی گوتووە:

- دەزانن کابرا دوو مەڕ زیاتری نییە؟

یەکیان وەڵامی دایەوە:

- چۆنت زانی؟

- بڕوانە ئێرە، دوو مەڕەکەی لەپاڵ ئەم وشترەدا بە تەنیشتی چادرەکەوە بەسترابوونەوە، ئێستاش تەنیا یەک دانەی لێیە.

پیاوەکان کڕ بوون و لەسەر پشت ڕاکشان و سەرخەوێکیان لێ شکاند، ڕۆژی دواتر هەستانەوە: بینییان وا مەڕەکەی تریش لێ دەنێت، گوتیان

ئەوان خوانی دوێنێ ئێوارەیان بەس بووە، بەبێدەنگی درێژەی دایە چێشت لێنان، کە لە خواردن بوونەوە؛ کابرا مۆڵەتی خواست بۆ نیو ڕۆژێک بڕواتە دەرەوە و بە میوانەکانی گوت؛ هاوسەر و کوڕە بچووکەکەی لە چادرەکەی تەنیشتیانن، ئەگەر شتێکیان پێویست بوو لە خزمەتیاندان، کاتێک دڵنیا بوونەوە دوور کەوتۆتەوە، هاوسەری کابرایان بانگ کرد و بڕە پارەیەکیان دایێ؛ هێندەی نرخی چەندین مەڕ بوو، پاشان ڕۆیشتن و ڕێی خۆیان گرتە بەر.

دوای ڕۆژێک ڕێ بڕین؛ لای بیرە ئاوێک بۆ پشوودان دانیشتن؛ کۆمەڵە دارێکی سایەدار دەورەیان دابوو، لەو کاتەدا تراویلکەی پیاوێکیان بینی لە دوورەوە نزیک دەبێتەوە، کاتێک گەیشت؛ هەمان کابرای کۆچەریی ڕۆژی پێشوو بوو؛ کە میوانداریی کردن، لە وشترەکەی دابەزی و برژانگەکانی مۆڕ کردبووەوە و بە دەموچاوی گرژەوە پێی گوتن:

- کوڕە ئێوە لە کاری وا شەرمەزار نابن؟ چۆن بەر لە گەڕانەوەم دەڕۆن؟ ئەی بۆچی ئەو پارەیەتان جێ هێشتووە؟

یەکیان وەڵامی دایەوە:

- کە زانیمان لەو دوو مەڕە زیاترت نییە؛ نەمانویست بە مێوانداریمان بارگرانترت بکەین، ویستمان یارمەتیت بدەین؛ مەڕی دیکە بکڕیت.

کابرای کۆچەری قسەکانی پێ بڕین:

- بەخشین هیچ بەرامبەرێکی نییە، ئەگەر هەر دانیشتووێکی بیابان لەبەرامبەر مێوانداریدا نرخەکەی وەرگرێت؛ بیابان دەبێتە چۆڵەوانییەکی تەواو، خودا منی خستە ڕێگەی ئێوەوە، ئەم هۆکارەش بەسە تا خزمەتتان بکەم.

پاشان پارەکەی بۆ گەڕاندنەوە و پێی گوتن:

- جێم هێشتن بە دوای شوانی مەڕەکانمدا بگەڕێم، لە گەڕانەوەیدا دوا کەوتبوو، من مێگەلێک مەڕم هەیە، هەر کاتێک مەڕێکم بۆ میوانێک سەر بڕیبێت؛ مەڕێکی تر لەدایک بۆتەوە، کاتێک دەبینە ئامرازێک لە ئامرازەکانی گەردوون؛ خوای گەورە شتێکمان پێ دەدات؛ لە بەجێهێنانی ئەرکەکانمان هاریکارمان دەبێت.

لە شوێنێکدا و لە نەبووندا؛ چارەیگی بەتاڵ لەوێدایە، باپیرەم دەڵێت: "چارەیگی بەتاڵ بەتاڵ نییە، هەردەم کەسێک لە چاوەڕوانیتدایە، تەنیا هێندەت لەسەرە ڕێگەکە تەواو بکەیت؛ تاوەکو پێی بگەیت".

# فڕۆکە چی پێ کردین؟

دەمی منداڵیم کوڕە پوورێکم لە ئەمریکا دەیخوێند، لەبەر ئەوەی تاکە نەوە بوو لەو ڕۆژگارەدا سەرەڕۆیی بکات و بە گۆی زەویدا گەشتی خوێندن بکات؛ ڕۆیشتن و گەڕانەوەی لە ژیانی تەواوی خانەوادەکەی ئێمەدا دوو ڕووداوی لەبیرنەکراو بوون.

لە ڕۆژی ڕۆیشتندا؛ بۆ ماڵاوایی لە ماڵی پوورەکەمدا خڕ دەبووینەوە، ئافرەتەکان ماچیان دەکرد و لە باوەشیان دەگرت و دەگریان و نزایان بۆ دەکرد، پیاوانیش بە ماشێنەکانیان بە کۆڕەوێکی گەورە بەدوایدا ڕێیان دەکرد.

لە ڕۆژی گەڕانەوەشدا؛ تاکەکانی خانەوادەکەمان هۆڵی پێشوازییان لە فڕۆکەخانەکە پڕ دەکرد، پووریشم لە ئامادەکردنی خوانێکی قەشەنگ درێغی نەدەکرد؛ بۆ پێشوازیکردن لە کوڕەکەی خۆی و تەواوی تاکەکانی خانەوادەکەمان؛ کە بۆ پیرۆزکردنی بەسەلامەت گەڕانەوەی دەچووینە سەردانیان.

لە هەشتاکاندا گەشتکردن بۆنەیەکی خێزانی و کۆمەڵایەتی بوو، ئەوەی گەشتی کردبا؛ گەرچی بۆ سەیرانیش بووایە؛ دەبووایە بەر لە گەشتەکەی بۆ خواحافیزی سەردانی کەسوکار و هاوڕێکانی خۆی بکات، یان وەکو دەگوترێت؛ بۆ "ماڵاوایی" لە دیمەنێکی درامایی پڕ فرمێسک، وەک بڵێیت بچێتە جەنگێکەوە دەرباز‌بوونی نەبێت، بەزۆریش ئەمە لە کاتی گەشتی فڕۆکەیی دەهاتە ئاراوە، ئەگەر بە ئۆتۆمبێل بووایە؛ بە گەشتێکی وەهایان دانەدەنا.

فرۆکە زۆر سینەتەنگم دەکات، سەرەڕای زۆریی گەشتەکانم من لەوە خۆم دانابڕێنم بیر لە لایەنی زانستی و سەرسوڕهێنی فرۆکە بکەمەوە: کە پێشکەشی ئێمەی مرۆڤی دەکات، تەنیا وەک ئامێر نەماوەتەوە، بەڵکو بۆتە هێمای پێشکەوتنی ژیاری مرۆڤایەتی و توخمێکی زیندوو، ڕوانینی نوێ بۆ گۆشەنیگای مرۆڤ دروست دەکات لە ژیان و پێویستییەکانی.

بەڵام فرۆکە هەتاوەکو ڕاددەیەکی گەلێک دوور بیرۆکەی سەرچڵیی هەڵوەشاندۆتەوە، دەکرێت خوێنەری ئەم کتێبە تا دەگاتە دوا پەڕە بگاتە جەمسەری بەستەڵەکی باکوور، بۆیە وامان لێ هاتووە هەست بە دابڕان نەکەین، لەتەک ئەمەشدا؛ کتێبێک لە کۆمپانیای ئەمازۆن داوا دەکەیت؛ کە کەوتۆتە شاری "سیاتڵ": لە ماوەی دوو ڕۆژدا بە فرۆکە پێت دەگات، یانی کڕینی کتێبێک لە سیاتڵ ئاسانتر بووە لەوەی بچیتە کتێبخانەیەکی شارەکەت، بەتایبەتی ئەگەر شەقامەکانی زۆربەی کات قەرەباڵغ بن.

فرۆکە وای لێ کردووین کەمتر بایەخ بە هەست بدەین، من ئەم بابەتە دەنووسم و لە دەرەوەی وڵاتم، ڕەنجی هەواڵدانی خوشک و براکانمم بەم گەشتە نەداوە، ماڵی برام لەپشت ماڵی ئێمەیە و کەسمان ئاگاداری یەکتر نین: کەینێ گەشت دەکەین و کەینێ دەگەڕێینەوە، ئەوەی گرنگە ڕۆژانی هەینی بۆ خوان لە ماڵی خانەوادەکەمان خڕ بینەوە.

چیدی پێ بەوەدا ناگرین لە گەشتەکاندا ماڵاویی لە یەکتر بکەین و سەلامەتی بۆ یەکتر بخوازین، لە ڕاستیدا چیدی ئەوە خەمی ئێمە نەماوە یەکمان دوور بکەوێتەوە یان نزیک ببێتەوە، سوورم لەوەی فرۆکە هۆی سەرەکییە لەم ساردوسڕییە کۆمەڵایەتییەی زۆربەی کۆمەڵگەکانی جیهانی گیرۆدە کردووە.

فڕۆکە زۆر جار تووشی داڕووخان و بێزاریمان دەکات، سەرەڕای ئەوەی جاروبار شتێک لە گەرموگوڕیمان پێ دەدات، وەلێ گەرموگوڕییەکی کاتییە و جارێکی تر داناگیرسێتەوە؛ کاتێک بۆ دووەم جار دەگەڕێینەوە سەردانی هەمان شوێن، گەرچی فڕۆکەکەش خافڵێنەری زیاتری تێدا بێت و خێراتر بێت لەوەیان کە بەر لە چەند مانگێک ئێمەی گواستۆتەوە بۆ ئەوێ، بە هۆی فڕۆکەوە وامان لێ هاتووە لە بۆنە و جەژنەکاندا زیاتر لە پابەندییە کۆمەڵایەتییەکانمان هەڵێین، کورتە نامە ساردەکان بوونەتە سەروو زیاد بۆ گوزارشتکردن لە هەستە ساردوسڕترەکانمان بەرامبەر کەسوکار و خۆشەویستانمان.

بە هۆی فڕۆکەوە لە پێشووتر کەمتر سەرسامین، چیدی بۆ گفتوگۆ بەبێداری نامێنینەوە؛ هەر کەسە و باسی گەشت و دۆزینەوە جوگرافییە تازەکانی بکات، ڕەنگە باسی سەردانی شارێک بکەیت؛ دەبینیت زۆربەی ئەوانەی لەگەڵت دانیشتوون بەر لە ماوەیەک سەردانیان کردووە، وا بۆم دەردەکەوێت لە ڕێی گەیشتن بە شتە قەشەنگەکانەوە زۆرێک لە هەستە جوانەکانمان لەدەست داوە، لەبیری دەکەین لە ڕاستیدا ئەو کاتە جوانن؛ کە هەستیان پێ دەکەین، نەک ئەو دەمەی پێیان دەگەین.

لەناو فڕۆکەدا و لە ئامێری ئایفۆنەکەمدا ئەم بابەتەتان بۆ دەنووسم، ئێستاکە چەندە گاڵتەم بە خۆم دێت؛ کاتێک بیرم دەکەوێتەوە بەری چەند ساڵێک داوای کاغەز و خامەیەکم لە میواندارێک کردووە؛ تاوەکو دەقێک بنووسم، هەستێکی ناوازە بوو ئەوکات کە لە نووسین تەواو بووم، هەستم کرد نووسەرێکی تاکم، لە هەر شوێنێک و لە هەر بارێکدا بێت دەنووسم، ئای لە گەمژەیی! تەماشا، ئێستاش لە ئامێرێکی هۆشمەندی خاوەن تەختە

کلیل: کە لە تاریکیدا ڕۆشن دەبێتەوە، وەلێ چیدی هەست بەو شادمانییە ناکەم، ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت وەک ئەوەی بۆی دەچووم تاک نەبم، یان لەبەر ئەوەی فڕۆکە چەشنی سالانی پێشوو بەدەنگەدەنگ نییە.

بڕوانە گەشت دەکەین و دەگەڕێینەوە؛ بەو چەشنەی کوڕە پوورەکەم دەیکرد، بەڵام بەبێ ئەوەی کەس ماڵاواییمان لێ بکات و پێشوازیمان لێ بکاتەوە، لەبەر ئەوە نییە کەس بایەخمان پێ نادات، بەڵکو لەبەر ئەوەیە گەشت وەکو پێشوو نەماوە؛ کارێک بێت پەژارە بنێتەوە و ئەو دابڕان و پێک گەیشتنەوەی تێیدایە؛ هەست بزوێنێت.

من سەرزەنشتیی فڕۆکە ناکەم، ژیانی بۆمان ئاسانتر و خێراتر کردووە، سەرزەنشتیی مرۆڤایەتیش ناکەم، چونکە هەر چەندی زیاتر دابهێنێت؛ زیاتر دەژیێت و زیاتر گەشە دەکات، چیدیش داوا ناکەم لە فڕۆکەخانەدا پێشوازیم لێ بکەن، تەکسییەکانیش شاریان پڕ کردووە، وەلێ خوازیارم ئەو ڕۆژە دانێت؛ مردوو بە ترۆمبێلی تەکسی ڕەوانەی گۆڕستان بکرێت و بە کورتە نامەیەک سەرەخۆشی لە کەسوکاریان بکەین و باسەکە ببڕێتەوە.

# سایەی خودادۆستان

ئێستاش ماڵ نییە لە نیمچە دوورگەی عەرەبی دارخورمای تێدا نەبێت، حەوشەکان دەڕازێننەوە و وەک سەرباز بە درێژایی ڕۆژ پاسەوانی دەکەن، خەڵکی ئەو ناوچەیە لەمێژە خوانەکانیان بە خورما دەڕازێننەوە، دارخورما لە گەلێک ڕووەک زیاتر بەرگەی سەختی و دژواریی بیابان دەگرێت و بەو خورمایانە بەرەنگاری ئەو سەختییە دەبێتەوە؛ کە گەروو شیرین دەکەن و لاشە پتەو دەکەن.

دارخورما لای عەرەبەکان ئارامگەیەکە؛ لەدەست تەنگ و چەڵەمەی گوزەران و سەختیی ژیان هانای دەبەنە بەر، هەر هێندە نییە خورمایان پێ ببخەشێت؛ بەڵکو بە چەشنی پەناگە و بەلەم و سێبەر؛ فریایان دەکەوێت و پلەی گەرمیی سەختی زەمینەکەیان بۆ دەپارێزێت، دارخورما و وشتر لە بیابان کۆڵەگەی دارایی عەرەبەکان بوون، چەشنی سووتەمەنی و ترۆمبێلی ئەم سەردەمەمان.

داپیرەم ئەم چیرۆکەی بۆ گێڕامەوە:

ڕۆژێک باپیرەت کێڵگەیەکی بچووکی پڕ لە دارخورمای کڕی، جوانترین ساڵەکانی ژیانمان لێ بەسەر برد، وێڕای گەشتە بەردەوامەکانی باپیرەت؛ هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان هەستم بە تەنهایی نەکردووە، دارخورماکان کەس و دۆست و دراوسێی من بوون، چەشنی ناوی منداڵەکانم ناوم دەزانین، گفتوگۆی هەموو شتێکم لەگەڵدا دەکردن، ڕۆڵەکەم! دارخورماکان لە مرۆڤ دەگەن و هێمن لەگەڵیدا دەدوێن، هێمن گەورە دەبن، هێمنیش خورما شین دەکەن، درەختەکان لە کاروبارەکانیاندا پەلە نین، بۆیە لە چاو

ترووکانێکدا هەموو شتێک نالێن، زیاتر گوێ دەگرن لەوەی دەیلێن، تەنیا ئارامگر دەتوانێت لە زمانەکەیان بگات، ڕۆڵەکەم! دارخورما درەختێکی دانایە، بەردەوام ڕادەمێنێت و گوێگری دەکاتە خوو، بۆیە مێرگەکانی بیابان پڕ لە دارخورما دەبینیت، لە بیابان هیچ شوێنێک بۆ هەڵمەتبەران نییە، چونکە بێ هیچ گومانێک بە مەرگی خۆیان دەگەن.

دوای دە ساڵان باپیرەت بڕیاری دا لەو مێرگە بچووکە بۆ کار کۆچ بکاتە شار، دەستبەرداری کێڵگەکەمان بووین و فرۆشتمان، لە پاشی ساڵێک چارەنووس وای هێنایە پێش: لە ڕێگەماندا بە مێرگەکەدا تێپەڕین؛ بەرەو یەک لە گوندە ناوخۆییەکان بۆ سەردانی دایکی باپیرت، کە لای کێڵگەکە وەستاین؛ بینیمان هەندێک لە دارخورماکان سەریان شۆڕ کردۆتەوە و بەر زەوی کەوتوون، هەموو شتێکی ئەو پارچە زەوییە قەشەنگە ببووە ڕەنگی خۆڵەمێشی، ئەو پیاوەی کێڵگەکەی کڕیبوو؛ پێمانی گوت شوێنەکە دەستی بە گۆڕان کرد چەند ڕۆژێک دوای ڕۆیشتنمان، ڕەنگی سەوز دەستی کرد بە دەردەدار بوون، قەدی دارخورماکان تۆزتۆز سیس و ژاکاو بوون؛ سەرەڕای دابینکردنی ئاو، کاتێک لە هۆکارەکەی لێم پرسی؛ گوتی:

"دارخورماکان چەشنی مرۆڤ گیانیان هەیە، چەشنی مەش بیرگەیان هەیە، کاتێک دارخورما وابەستەی کەسێک دەبێت؛ ژیانی هۆگری ئەو دەبێت، دوای ئەوەی ئێوە ڕۆیشتن؛ دارخورماکان نەیانتوانی بمێننەوە، ئەوانیش بڕیاری ڕۆیشتنیان دا، یادەوەریی شوێن هەندێک جار سەختتر دەبێت لە خودی دابڕان".

- تۆش گریایت داپیرە؟

- نا، ڕۆڵەی من! تەنیا ئەو کەسە دەگریێت؛ کە لەبیر دەکات و پاشان

لەناکاو بیری دێتەوە، وەڵێ من لەو دەمەیرا لە مێرگەکە دابڕاوم؛ لە دڵی خۆمدا دارخورماکانم هەڵگرتووە، تۆزێک خەم دایگرتم، بەڵام پەیم بەوە برد دارخورماکان بە قەشەنگترین شێوە بە ئەرکی سەرشانیان هەستاون، خۆراک و هێمنی و چیرۆکیان پێ داوم، کاتێکیش ڕۆڵیان کۆتایی هاتووە؛ سادە ڕۆیشتوون، ئەو ژیانەی ڕۆڵی ئێمەی تێدا نییە؛ شوێنی ئێمەی تێدا نییە.

- داپیرە، بۆچی دارخورمات هێندە خۆش دەوێت؟

- لەبەر ئەوەی ڕۆڵەکەم؛ دارخورما کۆشیار و ئارامگرە، پەیامێکی پیرۆز لە ژیاندا هەڵدەگرێت، سوورەتی مەریەمت خوێندۆتەوە؟

- بێگومان.

- لە سوورەتی مەریەمدا؛ کاتێک ئەو پاکیزەیە دەترسا لەو گیانەی خودا بێ هاوسەر پێی دابوو؛ هانای بردە بەر دارخورما و دەستی بە قەدەکەیەوە گرت، دەزانیت بۆچی؟ تاکو هەست بە باوەڕ و هێز بکات، قەدی دارخورما چەشنی ئەو کۆڵەگە زەبەلاحانە وان؛ کە پەرستگە و شوێنە پیرۆزەکان ڕادەگرن، خەڵکی لە گەڕان بە دوای باوەڕدا هانایان بۆ دەبەن، یاخود لە گەڕان بە دوای یەزدانی مەزن، وەڵێ خورما لەخۆیەوە بەسەر مەریەمدا نەکەوت، بەڵکو خودا فرمانی کرد؛ بۆ ئەو مەبەستە قەدی دارخورماکە بهەژێنێت.

- بەڵام قەدی دارخورما ناهەژێت، چۆن خورمای بەسەردا دەکەوێت؟

- ڕێک وایە، قەدی دارخورما ئەستوورە و ناهەژێنرێت، بەڵام ئاماژەیەکە بۆ مەریەم و تەواوی خەڵکی؛ ئەگەر دەیانەوێت بگەن بە بژێوی؛ دەبێت ڕەنج بدەن، ئەگەرچی هێماییش بێت، یەزدانی مەزن کارەکانیانی گەرەک

نییە بۆ بژێویدان، وەلێ دەیەوێت دڵسۆزییەکەیان ببینێت، دڵسۆزبوونیش بە هەوڵدان دەبێت نەک تەنیا بە نزا.

ڕۆڵەی من! هەر جارێک ژیان ماندووی کردیت و بینایی لێڵ کردیت؛ لە دووی دارخورمایەک بگەڕێ و لەژێریدا دابنیشە، چاوانت لێک نێ، سەرت بە قەدەکەیەوە بنێ، بیرت بێتەوە ئەوەی مەریەم و پەیامبەر عیسا دیویانە؛ دژوارترە لەوەی پێیدا دەڕۆیت، وەلێ ئەوان لە خەونی سبەینەیەکی گەشتر نەوەستان، لەپێناو بەختەوەرکردنی خەڵکی لە کارکردن دوودڵ نەبوون، ئەرکی مرۆڤ لە پێدانی بەختەوەریدایە، بەڵکو لە ڕێنیشاندانی خەڵکییە بەرەو ڕێگەی گەیشتن بە بەختەوەری، کاتێک گەورە بوویت؛ سوور بە لە چاندنی دارخورما لەناو ماڵەکەت، دارخورما سایەی خودادۆستان و پەیامبەرانە.

# هێلکه چۆن دەکوڵێنرێت؟

که خوێندکاری زانکۆ بووم؛ مامۆستایەکی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان پێی گوتین؛ بۆ توێژینەوە لە زانکۆیەکی تایبەتی تەکنەلۆژیا بڕیارە کۆچ بکاتە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پێشنیارەکانی لە بارەی ژێرپی دەستکرد سەرنجی زانکۆکەیان ڕاکێشابوو؛ کە چەند ساڵ بوو خووی بە کارکردن لەو بوارەدا گرتبوو، گوتبوویان تاقیگەیەکی دەوڵەمەند بەو ئامێرانەی پێ دەدەن؛ کە بۆ تەواوکردنی توێژینەوەکەی گەرەکیەتی.

کۆمەڵێک خوێندکاری دکتۆراشیان بۆ یارمەتیدانی تەرخان کردبوو، وەلێ وەک دەیگوت؛ پێی وا نییە بگاتە ئەو ئامانجەی لە ژیانیدا دەیخوازێت، چونکە حەفتای تێپەڕ کردووە، لەو کاتەدا نەمتوانی خۆم لە دۆشدامان بدزمەوە، دەیگۆ: "زانکۆکە دەزانن پێش تەواوکردنی توێژینەوەکەم دەمرم، بۆیە هەشت فێرخوازیان بۆ هاوکاریم داناوە؛ تا دوای مردنم لێکۆڵینەوەکە تەواو بکەن".

ئەوکات پرسیم: بۆچی ئەو ناوەندی لێکۆڵینەوانە لە هەوڵدان هیوایان نابڕێت؟ چۆن لەگەڵ پیاوێک بەم تەمەنەوە سەرکەشی بە سامانەکانیان دەکەن؟ دوای ساڵانێک لە بەدوادا چوون و بیرکردنەوە؛ گەیشتمە ئەو ئەنجامەی بە کورتییەکەی؛ زانین لە کۆمەڵگە زیندووەکاندا بەهایەکی باڵایە، گەلێکیان پێ ئاساییە تەواوی ژیانیان لە توێژینەوەی بابەتێکدا بەسەر ببەن، ئاکامی توێژینەوەکان ناکرێت وەک ئەنجامی بانکەکان پێوانە بکرێن، ئەو کۆمەڵگانە چەندە جوانن تێیاندا گەڕان لە زانیاری دەبێتە ئامانجێک لە خودی خۆیدا!

لە کۆمەڵگە عەرەبییەکانماندا ئەم پەرۆشییەمان گەلێک لێ بزرە، بە هەمان چەشنی بزریی ڕۆشنبیریی ڕێزگرتن و نرخاندنی دانست، بەتایبەتی کاتێک دەکەوێتە دەرەوەی بایەخدانەکانمان، جارێکیان لە پێشانگەیەکی کتێب بووم، کتێبێکم گرتە دەست لە بارەی "مێژووی جیهانیی چوکلێت" و پەڕەکانیم هەڵدەدایەوە، یەکێک بەبەردەمم تێپەڕی و گوتی: "کاتی خۆت بە خوێندنەوەی زانستێکی بێسوود بەسەر مەبە"، وەڵامم نەدایەوە و خۆم لێی لە گێلی دا، چوومە لای فرۆشیارەکە؛ کتێبەکەی لێ بکڕم، بەڕاستی کارەساتێکی ڕۆشنبیرییە ئەو شتەی نەیزانین و خۆشمان نەوێت؛ لەژێر ناونیشانی "زاستی بێسوود"دا پۆلێنی بکەین، ئا لەوەش کارەساتتر ئەوەیە لە ژیاندا بە شتێکی بەسوود هەڵنەستین؛ هەتاکو بەسەر ڕۆشنبیرییەوە ببینە سابات، ڕۆژنامە و ماڵپەڕە هەواڵییەکان چاوگی زانیارییەکانمانن، هێندە بەسە لە دانیشتنە گشتییەکاندا لەسەر هەندێک دۆزی ڕامیاری بدوێین و ببینە جێی سەرسامیی ئامادەبووان و بە ڕۆشنبیر ناوزەندمان بکەن.

بەڕاستی بە سووک ڕوانینمان لە زانین؛ هەر چەندە بچووکیش بێت؛ نەزانییەکی شارستانی و تاوانێکی مێژووییە لەڕاست نیشتمان و نەوەکانی دواڕۆژدا پێی هەڵدەستین، کاتێک لە کۆمەڵگەکانی ئێمەدا بیری قسە و قسەلۆک تەشەنە دەکات؛ نابێت دۆش دابمێنین، لەو کاتەدا تێگەیشتن واز لە مێشکی مرۆڤ دەهێنێت، سەرپێیی شوێنی دەگرێتەوە و خەڵکی دەبنە کاسەلێسی زانست، هێندەی لەدەست دێت؛ خۆی لە قسەی گشتی هەڵبقورتێنێت، پەل لە ناموسی خەڵکی بکوتێت، بە وردەکاریی ژیانیاندا ڕۆ بچێت.

نامۆ ئەوەیە زۆرێک بە ڕەفتار و گوفتاریان لە پایەی زانین دادەبەزێن، دواتریش شەرم ناکەن کە لە گۆڕەپاندا پرسیاریان لێ دەکرێت؛ بانگەشەی زانست دەکەن، خەجاڵەت نابن لەوەی بەردەوام بەشداری لە هەموو قسەیەکدا بکەن؛ بەو هەواڵانەی بەبیریان دێتەوە کە لە شەوی ڕابردوو دیویانە.

بۆیە لە ئاستی هزریدا کورتهێنان دەبینین، کەسێک نابینین بەر لەوەی لە بابەتێکدا قووڵ ببێتەوە؛ بایەخ بە خوێندنەوەی بدات، زۆر کەمتریش کەسێک دەبینین باوەڕی بە بیری پسپۆڕی هەبێت لە تەنیا بوارێکدا، لێرەدا دەپرسم: ئێمە گەلێکین شەرم لە نەزانی ناکەین؟ یان لە نەزانیمان خۆ لە گێلی دەدەین؟

ئەم ئەقڵیەتە گشتییەی حەز دەکەم وا ناوی بنێم؛ توانستی کۆمەڵگە بۆ داهێنان لەبار دەبات، بەسەر داهێنەراندا سەختی دەکات: ئاکامیان هەبێت و لە کۆمەڵگەیەک درێژە بە داهێنان بدەن؛ پەی بە بایەخی زانیاری نەبەن، جا داهێنەران توانستیان نامێنێت، ئەگەر بمانزانیبایە سەرکەوتنی یەکێکمان سەرکەوتنی هەموومانە؛ دەستمان لەسەر دەستی یەکتر دادەنا داهێنەران پێیدا هەڵگەڕێن، لە کۆمەڵگەی شکستخواردوودا سەرکەوتن بەهایەکی نییە، کاتێک داهێنان دەکوژین لەو بەهرەمەندانەی لەناوماندا دەژین؛ گشت دەرفەتێکی خۆشمان بۆ داهێنان لەبار دەبەین.

داهێنان کۆمەڵگەیەکی دەوێت؛ دانست بنرخێنێت، تاکەکانی لەنێوان خۆیاندا لە هاوبەشکردنی بایەخدان و زانیاری و ئەزموونەکانیان دوودڵ نەبن، کاتێک ئەمەش ڕوو دەدات؛ داهێنان دەبێتە ڕۆشنبیریی کۆمەڵگە و تێیدا گەڕان بە دوای زانیاریدا دەبێتە سیمایەکی شارستانی.

بۆچی ناوی داهێنەران لە ڕۆژئاوا زیاتر دەبیستین وەک لە ڕۆژهەڵات؟ چونکە سیستەمی فێرکاری و بناغەی زانستییان تێدا لەسەر داهێنەری ڕاگیر بووە؛ کە ڕۆشنبیریی بەدوادا چوون و پەڕۆشیی لا دروست کردوون بۆ زانینی نوێ، ئێستاش لەبیرمە هەر جارێک بەپێش پاسەوانی ئەو تەلارەدا ڕۆیشتبام کە لە واشنتۆن لێی دەمامەوە؛ دەمبینی گۆڤار دەخوێنێتەوە، جارێکیان لێم پرسی چی دەخوێنێتەوە؛ پێی گوتم: "هەر چییەک بخوێنمەوە لە خەوتن باشترە".

کاتێک لە بارەی داهێنانەوە لە ستیڤ جۆبزیان پرسی؛ گوتی: "داهێنان لەو کەسانەوە دێت کە لە تاریکاییدا دەچنە لای یەک و کاتژمێر دە و نیوی شەو پەیوەندی دەبەستن، بیرۆکەی نوێ دەخەنە ڕوو، هەڵە لە ڕێگەی بیرکردنەوە لە پرسێکی دیاریکراودا دەدرکێنن، ئا ئەو دیدارانە یەکێکیان داوای گرێدانی کردووە؛ هەتاوەکو ڕای ئەوانی تر بزانێت لە بارەی ئەو دۆزینەوەیەی پێی گەیشتووە، یان لە بارەی ئەو بیرۆکەیەی بە مێشکیدا هاتووە".

جارێکیان لە تویتەر خوێندمەوە؛ کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان بە سووک لە هیچ زانیارییەک ناڕوانن، گەرچی لە بارەی کوڵاندنی هێلکەشەوە بێت، کاتێک لە یووتیووب بەئینگلیزی گەڕام؛ هێلکە چۆن دەکوڵێنرێت؛ هەشت سەد هەزار ڤیدیۆی زیاتر دۆزییەوە، پاشان بەعەرەبی لێی گەڕام؛ چم نەدیتەوە، لە عەرەبم ناوێت فێری کوڵاندنی هێلکە بن، بەڵکو خوازیارم بە کەم لە کەسێک نەڕوانن؛ فێرکردنی خەڵکیی گرتبێتە ئەستۆ، با شتێکی ساکاریش بێت، خۆ لە دەمی تەمبەڵیی کەسانی تردا ڕەنجی کێشاوە.

# ئاوێکی لەوان لێوانلێو

ژیارەکان بە درێژایی سەردەمەکان نەشونمایان کردووە و کاتێک مرۆڤ فێری ئەندازیاری و فەلسەفە بووە؛ گەیشتوونەتە چڵەپۆپە، کاتی خۆی لەسەر فێرگەکەی ئەفلاتوون نووسیبوویان: "تەنیا ئەوەی ئەندازیاریی خوێندووە بێتە لامان"، ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت؛ ئەندازیاری بناغەیەک بۆ تێگەیشتنی ژیان دادەڕێژێت بە وێنەیەکی ڕێکخراوتر.

بەری ١٥٠٠ ساڵ؛ خەڵکی لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا جۆگەڵگەلیان داهێناوە، کۆمەڵێک ڕێڕەوی ئاون، بە ڕێگەیەکی ئەندازیاریی سەرسوڕهێن نەخشەیان بۆ کێشراوە، بۆ ئاودێری بەکار دەهێنرێن، ئەو جۆگەڵانەی کە مرۆڤ دروستی کردوون؛ بە کەلێنێکی بەردین دەگەن و ئاوەکە پەرش و بڵاو دەکاتەوە، چەشنی ڕووبارێکی ئەمازۆنی بچووک بەنێوان کێڵگەکاندا بۆ چەندین میل درێژ دەبنەوە و ڕووەکەکانی تەنیشتەکانیان ئاو دەدەن، بەتایبەتی عومانییەکان لە کۆندا جۆگەڵگەلیان بە قوڕ دروست کردووە و ئێستاش بە چیمەنتۆ دروستی دەکەن، داهێنانەکانیان لە سیستەمی ئەندازیاریدا تەنیا لەو بنیادنانە کورت نابێتەوە، بەڵکو سیستەمێکی وردی ڕێساییان داهێناوە؛ هەر کێڵگە و بە پێی ژمارەی درەختەکانی و شوێنەکەی بڕی ئاوی پێویستی بۆ دەچێت.

تا ئێستاش ئەو جووتیارانەی لە گوندەکانی نیمچە دوورگەی عەرەبیدا ئەو جۆگەڵگەلانە بەکار دەهێنن؛ لە تەواوی جۆرەکانی دیکەی ئاودێریی کێڵگەکان بە باشتری دەزانن، چونکە خۆشەویستی و هۆگرییان لەنێواندا بڵاو دەکاتەوە، ئەوەی ژیان بەش دەکات؛ پەی بە نرخەکەی دەبات.

جۆگەڵە جۆبارێکی دەستکردە، خواستەکانی مرۆڤ لەنێوان قەدی دارخورماکاندا هەڵدەگرێت، بەناو ڕیشەی درەختەکاندا ڕۆ دەچێت؛ بە ئومێدی سبەینەیەکی ڕەنگین پڕاوپڕیان بکات، بەسیەتی دابنیشیت و لێی ڕابمێنیت؛ هەتا هەست بکەیت ژیان سوورە لەسەر ئەوەی بەرەو پێشەوە بڕوات، ژیان هەرگیز بەرەو دواوە ناڕواتەوە، تەنیا ئێمەین سوورین لەسەر گەڕانەوە بەرەو دواوە و سواری کەری یادەوەرییەکان دەبین.

دەگێڕنەوە جووتیارێک خاوەن ڕەزێکی قەشەنگ بووە، لە دارخورما جۆربەجۆرەکان پڕ بووە، درەختی هەنار و لیمۆشی لێ بووە، بەو بەری ڕەزەی زیاد لە پێویستیی خۆی بووە؛ بەختیار بووە، بەتایبەت لەبەر ئەوەی خاوەنی خێزان نەبووە، وەلێ ڕەزی دراوسێکەی بەرهەمی کەمتر بووە، هەر چەند هەوڵی زیادکردنی ژمارەی درەختەکانی داوە؛ بەر لە گەورەبوونیان مردوون، کاتێک بۆ هۆکارەکەی لە پسپۆڕەکانی پرسیوە؛ پێیان گوتووە زەوییەکەی ئاوی زیاتری پێویستە، بەڵام ئەو نەیتوانیوە داوای ئەوە لە هاوسێکەی بکات، لەبەر ئەوەی هەر یەکەیان بە گوێرەی درەختەکانیان ئاویان لە جۆگەڵەکە وەرگرتووە.

ڕۆژێکیان بە هۆی کەمیی ئاوەوە ناوچەکە تووشی وشکی هات و بووە هۆی نزمبوونی ئاوی هەڵچۆڕاوی کانگەی جۆگەڵەکان، ئیدی تۆزتۆز سەوزایی گوندەکە بەرەو زەرد هەڵگەڕان ڕۆیشت و خەڵکی دەستیان بە ناڵاندن کرد بەدەست کەمیی خۆراک و پارەوە، شەوێکیان خاوەن ڕەزەکە لە ڕێگەی خۆیدا بۆ ماڵەوە؛ گوێی لە هاوسێکەی بوو لەگەڵ هاوسەرەکەی قسەی دەکرد و پێی دەگوت؛ ناچارە ئەویش لەگەڵی کار بکات، تا خۆراکیان بۆ منداڵەکان پێ دابین بکرێت، چونکە بەرەکەیان چیدی بەشیان ناکات،

کەمێک وەستا و بەپەلە چووە ناوچەی ڕەزەکان، کە لە ڕەزی هاوسێکەی نزیک بووەوە؛ ئەو دەرچەیەی فراوان کرد کە ئاوی لێ دەڕژا و هی خۆی لەگەڵی کردە یەک، پاشان بۆ ماڵی خۆی گەڕایەوە، چەند هەفتەیەک دوای ئەوە درەختەکانی هاوسێکەی دەستیان بە بەرگرتن کرد و درەختەکانی خۆشی دەستیان کردە سیسبوون، هاوسێکەی شادمان بوو بەو گۆڕانەی بەسەر ڕەزەکەیدا هاتووە؛ بێ ئەوەی خۆی بۆ زانینی هۆکارەکەی ماندوو بکات، کاتی لێکردنەوەی بەرهەمیش؛ بە دەستکەوتەکە کامەران بوو، بگرە هاوسەرەکەشی ناچاری کارکردن نەبوو.

پاش ماوەیەک دراوسێکەی لەبەر چاوان دیار نەما، چوو لە دەرگەی ماڵیانی دا؛ لەوێ نەبوو، پرسیاری لەبارەوە کرد: گوتیان بۆ کار ناچاری ڕووکردنە شار بووە، چونکە ڕەزەکەی ئەوساڵی بەرهەمێکی وای نەبووە، بەوەی بیستی نەهاتە ڕا و زیاتر پرسیاری کرد، یەک لە جووتیارەکان ئەوەی پێ ڕاگەیاند کە لەو شەوەدا لە هاوسێکەی بینیبووی، ڕایکردە شار بە دوای دراوسێکەیدا بگەڕێت، وەلێ نەیدۆزییەوە، چەند ساڵ لە شارەکەدا هات و چوو، تاکو ڕۆژێکیان دۆزییەوە؛ وەک بارەبەر لە دەربەندێکدا کاری دەکرد، لێی نزیک بووەوە و ئەو فەردەیەی بەسەر پشتییەوە بوو؛ وەریگرت و فڕێی دایە سەر زەوی، لە باوەشی گرت، کابرای خاوەن ڕەز تێگەیشت بە کارەکەی ئەوی زانیوە و پێی گوت:

- پێویست ناکات دۆستی من، تۆ زیاتر لە من پێویستت بە ئاو بوو، ماڵ و منداڵت هەبوو، بەڵام من هیچ ماڵ و منداڵێکم نییە بەخێویان بکەم.

- ئێستا لەگەڵم دێیەوە گوند، بەو چەشنەی بەشی خۆتت لە ئاوەکە لەگەڵ مندا دابەش کرد؛ ئاوەها منیش بەشی خۆم لە بەرهەمی ڕەزەکەم

لەگەڵتدا دابەش دەکەم.

بەیەکەوە گەڕانەوە و لەسەر ئەوە پێک هاتن دوو زەوییەکەیان بکەنە یەک ڕەز و بەرهەمەکەی بەیەکسانی دابەش بکەن، دوای تێپەڕینی ساڵان تەواوی ڕەزەکانی گوندەکە دەرگەیان لە یەکتر کردەوە و خەڵکی بەروبووم و خۆشەویستییان لەگەڵ یەکتری دابەش کرد، ڕەنگی کشتوکاڵ دەیان هێندەی جاران لە گوندەکەدا زیادی کرد، بووە یەکێک لە گەورەترین ناوچە کشتوکاڵییەکانی نیمچە دوورگەی عەرەبی، ئەو گوندەش ئەمڕۆکە بە "عوممان" ناو دەبرێت.

# خۆزیـ پێتـ دەچووم ڕۆسۆ!

لە مێژووی وێژەی ئیسپانیدا؛ بێگومان ماوەیەک هەر هەیە لە ململانێی نێوان ئەو فەیلەسووف و وێژەوانانەی تێیدا ژیاون، لە مێژووی عەرەبیی ئێمەشدا؛ بەتایبەتی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا؛ کە ئەوکات مەیدانی میسر دەروازەی مەزنی ڕۆشنبیریی عەرەبی بووە؛ پڕاوپڕە لە دەیان شەڕ و داشۆرینی نێوان کەسە دیارەکانی وێژەی عەرەبی، عەبباس عوققاد و تەها حوسێن لە هەمووان زیاتر فەرتەنەیان ناوەتەوە، دوو ڕەخنەگری گەلێک توند بوونە، شیعر و نووسین و چیرۆکیان تێنەپەڕاندووە؛ بە ڕەخنەیەکی وێژەیی لاقەی نەکەن، هەروەها ناکۆکیی عوققاد و ئەحمەد شەوقی زیاتر دیارە، هەندێک توێژەر باسیان کردووە؛ کە عوققاد ئیرەیی بە شەوقی بردووە، نەک لەبەر ئەوەی لە چینی ئەرستۆقراتی بووە؛ بەڵکو لەبەر ئەوەی لەو ڕەوانبێژتر بووە.

من لێرە بەراوردی نێوان ئەو دوو کەڵەپیاوەتان بۆ ناکەم، ڕەخنەگران بەتێروتەسەلی لەم بابەتەیان کۆڵیوەتەوە، بەڵکو من لە ڕووداوێک لەنگەر دەگرم؛ بیست ساڵ دوای کۆچی شەوقی ڕووی داوە، ئەنیس مەنسووڕ باسی کردووە، کاتێک عوققاد لە وتارێکی زانکۆی ئەمریکی هێرشی کردۆتە سەر شەوقی؛ لەوبارەوە لێیان پرسیوە، گوتوویەتی: "بارودۆخی من باشترە لەوانەی بەرگری لە شەوقی دەکەن، ئەوان بە مردووی دەبینن و منیش بە زیندوو". من لەم وتانەیدا ڕێزێکی زۆر بۆ شەوقی و داننانێکی فەلسەفیانەی ناڕاستەوخۆ بە پلە و پایە وێژەییەکەی دەبینم.

وێڕای ئەوەی کێبڕکێی وێژەوانانی ئەو قۆناغە؛ لە هەندێک جنێو بێبەش

نەبووە؛ وەلێ ئاکامی کۆتایی نووسراوگەلێکی مەزنی کۆمەڵێک وێژەوانی باڵا بووە، لە ناکۆکییەکانی نێوانیاندا زیاتر لە هاوڕاییەکانیان فێریان کردووین.

ڕەخنەی دانەمەزراو لەسەر بناغەی زانستی؛ واتە دامەزراو لەسەر ڕەوتی تاکەکەسی؛ زۆر هۆکاری هەیە، گرنگترینیان ئیرەیی و نەزانییە، لە باری کۆبوونەوەشیان؛ دیاردەی دەمارگیریی هزری پەیدا دەبێت، لەم ڕۆژگارەی خۆماندا ئەم دەمارگیرییەمان گەلێک بەرچاو دەکەوێت، ئیرەیی زانیار بەرەو کاری زیاتر هان دەدات؛ گەرچی تاوێکیش بە کەموکوڕییەکانی ڕکابەرەکەیەوە سەرقاڵ بێت، لە ڕەنجی بەردەوامدا دەبێت؛ لەو بەرزتر بێتەوە؛ نەک تێکی بشکێنێت، بەڵام کەسی نەزان؛ پەلاماری جوێندان و کەمکردنەوەی پایەی نایەرەکەی دەدات و شتانێکی دەداتە پاڵ؛ لەودا نین و لە کەسایەتیی ڕەخنەلێگیراوەکەدا ڕۆ دەچێت؛ نەک لە هزریدا.

"سادق نیهۆم"ی نووسەری لیبیی کۆچکردوو سەبارەت بەمە دەڵێت: "دەمارگیری دیاردەیەکی بیردواکەوتوویە، جۆرێکە لەو ململانێ هزرییەی ئەو بیرە تێیدا دەژیێت و بۆ بەرگریکردن لە خۆی پشتی پێ دەبەستێت دژی هەموو جۆرە بزاڤێکی دەرەکی، مێشکی تاریکبیر بەرگەی گفتوگۆ ناگرێت، چونکی بێدەرەتانە لەوەی بڕوا بە توانستە سنووردارەکانی خۆی بکات، تاکە چارەی بە مێشکدا هاتووی ئەوەیە؛ چاوەکانی بنووقێنێت و چەشنی بەرانێک کەللە بهاوێت؛ مەشقی قۆچوەشێنیی کردبێت".

گەلێک ڕووناکبیری ئەمڕۆ بەم شێوەیەن، هیچ ئەستێرەیەکی نوێ نییە دەربکەوێت؛ خەڵکی ڕەنجی تێکشکاندن و خامۆشکردنی ڕۆشناییەکەی نەدەن، گەر لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکانیش سەیری بکەن و لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش کاردانەوەی بەرامبەر بنوێنن، هێشتا هەڵەیەکی

سادە و ساکاری نەکردووە؛ کردوویانەتە یەکەمین دوژمنی سەرسەختی گەل و نەتەوە.

هەندێک پێیان وایە ڕۆشنبیر پەیامبەرێکی بێسووچە، هەر چییەکی بانگەشەی بۆ دەکات؛ دەیکات، ئەمەش هەڵەیەکی زلە، هەندێک ڕۆشنبیر ئەوە دەنووسن کە دەیانەوێت لەسەری بن، داوای شتگەلێک دەکەن؛ ڕەنگە خۆیان نەتوانن بەدییان بهێنن، وەلێ ئەمە لە بانگەشە بۆ کردنیان ڕێگرییان لێ ناکات، ئەمەش گیر نابێت لەگەڵ ئەم ئایەتە پیرۆزە: "فرمانی چاکە بە خەڵکی دەکەن و خۆتان لەبیر دەکەن؟"[١]، بەڵکو زیاتر لەم گوتەیەی خوداوەندەوە نزیکە؛ کە لەسەر زاری باوەڕدارانەوە دەیڵێت: "پەروەدگارا؛ لێمان مەگرە ئەگەر لەبیرمان کرد یان هەڵەمان کرد"[٢]، لە ساویلکەیی کۆمەڵگەیە؛ داواکار و خەوبینی ڕۆشنبیرانێک بێت؛ تۆماریان لە هەڵە و لە سنوور دەرچوون بێبەش بێت.

جارێکیان گوتەیەکم بەرچاو کەوت، نازانم خاوەنەکەی کێیە، بەڵام سەرنجی ڕاکێشام: "کێ لە ئێوە هەڵە ناکات؟ با دەستی خۆی هەڵبڕێت و بەسەر خۆمانەوە بیکەینە پێغەمبەر!".

لە قەشەنگترین ڕکابەرایەتییەکانی تۆماری مێژوو؛ ئەوەی نێوان دوو فەیلەسووفەکەی سەردەمی ڕووناکخوازانی فەڕەنسایە؛ ڤۆڵتێر و ژان ژاک ڕۆسۆ، یەکەمیان ئەرستۆقراتییەکی پەسند بووە لای دەسەڵات، ئەگەرچی ڕەخنەشی لێیان گرتووە، دووەمیشیان چەپڕەوێکی هەژار بووە، ئەو کاتەی

١. أَتَأْمُرُونَ النَّاسَ بِالْبِرِّ وَتَنسَوْنَ أَنفُسَكُمْ ﴿البقرة: ٤٤﴾.
٢. رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَا إِن نَّسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا ﴿البقرة: ٢٨٦﴾.

ڕۆسۆ ناوی دەرکرد و خەڵکی پێی سەرسام بوون؛ ڤۆلتێر ئیرەیی پێ برد و نامەیەکی بۆ نارد: "کتێبە نوێکەتم پێ گەیشت؛ ئەی ئەو گەورەیەی هێرشی تێدا دەکەیتە سەر شار و زانست و وێژە، بۆ ناردنی سوپاستان دەکەم، کەس بە چەشنی ئەمە هەوڵی نەداوە بمانکاتە وەحش و حەیوان"، بەڵام نووسیبووشی: "خۆم لە وشەیەکیشی گوتووتە هاوڕات نیم، وەلێ تا مردن بەرگری لە مافی قسەکردن و ئازادیی دەربڕینی هزرەکانت دەکەم"، دوای ئەوەی چەند جارێکی دیکە تەنگی پێ هەڵچنیوە؛ ڕۆسۆ بۆی نووسیوە: "بە کورتییەکەی من ڕقم لێتە، چونکە خۆت وات ویست، بەڵام بە هەستی مرۆڤێک ڕقم لێتە؛ هێشتا دەتوانێت خۆشی بوێیت؛ ئەگەر خۆت حەز بە خۆشەویستیی من بکەیت، هیچ یەکێک لەو هەستانەشم نەماوە کە لە بەرامبەرتدا دڵیان پڕ کردبووم؛ جگە لە سەرسامیم لەئاست بلیمەتییە ناوازەکەت و خۆشەویستیم بۆ نووسراوەکانت".

کە ڤۆڵتێر بە تەمەندا چوو؛ کتێبێکی بە خامەیەکی نەناسراو دانا، ناوی نا "هەستی هاونیشتمانییان"، ئا لەو کتێبەدا ڕۆسۆی خراپ سووک و ڕیسوا کردووە و ناموسی لەکەدار کردووە، ڕۆسۆش تەنیا بۆی نووسیوە: "کاتێک دەگەمە سەرەمەرگ؛ پێم باشترە ئەوانەم کردبێت کە دانەرەکەی پێیان تاوانباری کردووم و ئەو کەموکوڕییانەی باسی کردووە تێمدا هەبن؛ لەوەی ببمە نووسەری ئەم کتێبە"، کاتێک خەڵکی جنێوت پێ دەدەن؛ گرنگ نییە بەرگری لە خۆت بکەیت، بەڵکو گرنگ ئەوەیە باوەڕت بە خۆت بمێنێتەوە.

# بازاڕی ژیان

کەشتییە ماسیهەڵگرەکان بەهێواشی لە بەندەرە بچووکەکە نزیک دەبنەوە و کۆمەڵێک دەلال لە ڕۆخیدا لە چاوەڕوانییان وەستاون، هێشتا نەوەستاون؛ هەڕاج دەستی پێ کردووە، ئەو دەلالانە ڕەواجدانە شتومەکی بەلەمە وەستاوەکانی بەردەمیان دەگرنە ئەستۆ. لە کاتێکدا ڕاوچییەکان لە بەلەمەکانی خۆیاندا دادەنیشن؛ بەبێ ئەوەی خۆیان بڕیاری نرخی ماسیی فرۆشراویان بدەن، هەندێک هەموو باری سەر گەمیەکانیان بە نرخی کۆ دەفرۆشن، هەندێکیش پێیان باشترە ماسییەکان بە پێی جۆرەکانیان لە کۆمەڵەی جیاجیادا بفرۆشن، کەچی هێشتاکەش ڕاوچییەکان لەو ناوە دەڕوانن؛ بەبێ ئەوەی هیچ بڕیارێک لەسەر نرخ و شێوازی فرۆشتن بدەن، خەڵکی ئەو شوێنە جەنجاڵتر دەکەن، بۆن و بەرامەی ماسیی تازەش دێت؛ هەر چەندی هەندێکی لێ لە گەمیەکان دەردەهێنن و لەسەر ڕۆخەکەی دادەنێن.

جارێکیان سەردانی یەکێک لەو بەندەرە بچووکانەم کرد؛ کە لەسەر کەناری ڕۆژهەڵاتیی وڵاتی ئیماراتدا بەربڵاون، زۆرینەی دەلالەکان لەو ڕاوچییە خانەنشینانەن؛ کە جگە لەو پاڵپشتییە کۆمەڵایەتییەی دەوڵەت پێیان دەدات؛ خاوەن هیچ بژێوییەکی تر نین، دەلالی سەرچاوەی سەرەکیی بژێوییان بوو، ئەوەی شایەنی باسیشە؛ هەندێکیان هیچ پەیوەندییان لەگەڵ ئەو ڕاوچییانەدا نەبوو؛ کە ماسییەکانیان بۆ دەفرۆشتن، ئەمە ببووە نەریتێکی نەنووسراویان، ڕاوچی تەنیا بە ڕاو پابەند دەبێت، پاشان دەلالەکان ماسییەکانیان دەفرۆشتە دوکاندارەکان؛ کە هەر هەموویان لە

هەمان بەندەردا بوون، ئەوەی جێی واقوڕمانی تەواویش بوو: دوکانەکان ڕاستەوخۆ لەسەر ڕۆخی دەریاکە درێژ ببوونەوە، چەند مەترێک زیاتر لێکی جیا نەدەکردنەوە، وەلێ خاوەنەکانیان دەلالەکانیان هەڵنەدەقۆستەوە؛ ڕاستەوخۆ ماسی لە ڕاوچییەکان بکڕن، هێشتا دەلالەکانیان ڕاوەکانیان نەفرۆشتۆتە دوکاندارەکان: کڕیاران ڕوویان تێ کردوون، ڕێی وانیشیان نەدەدا ڕاستەوخۆ لە دەلالەکان و ڕاوچییەکان شت بکڕن، چوومە لای هەندێک لە ڕاوچییەکان و هەوڵم دا بیانهێنمە ڕا؛ ڕاوەکانیانم پێ بفرۆشن، هەموویان ڕەتیان کردەوە، دواتر یەکیان کۆتایی پێ هێنام و گوتی: "چاوەڕێ بکە تا بژێویی تۆش دێت" و ئاماژەی بۆ کردم لەکن دوکاندارەکان چاوەڕێ بکەم.

تا بژێویم دێت! دەبێت مەبەستی ئەوە بووبێت دواتر هەندێک ماسیم بەخۆڕایی دەداتێ؟ وام بە خەیاڵدا دەهات، پیرێکیش لەنزیک دانیشتبوو؛ چاودێریی هەوڵە هیوابڕاوەکانی دەکرد، من خۆم کارەکەم بۆ کڕینی ماسی نەدەکرد، هەر تەنیا دەمویست بزانم بۆچی هەموویان ڕەتی دەکەنەوە شتێکم پێ بفرۆشن؛ بەر لەوەی شتومەکەکان بگەنە خاوەن دوکانەکان، لێم نزیک بووەوە و گوتی:

- پێ دەچێت نامۆ بیت؟

- بەڵێ، من خەڵکی شارێکی ترم.

بزەی کرد و داوای کرد لەسەر کورسییە دارینەکانی ڕۆخ بەندەرەکە قاوەیەکی لەگەڵدا بخۆمەوە، ڕۆیشتین و لە شوێنی دانیشتنەکە نزیک بووینەوە، کەمێک پەلەی کرد و کتریی قاوەکەی گرت و کەمێکی لێ کردە ناو فنجانەکە، پاشان پێی داگرت سێ فنجانان بخۆمەوە، دوای ئەوەی

تەواو بووم؛ گوتی:

- باشە گوێت لەم پەندە نەبووە: "مەنجەڵ تەنیا لەسەر سێ بەردان ڕادەوەستێت"؟

پێکەنین و دانیشتین، درێژەی دایێ:

- گوێ بگرە ڕۆڵەی من، لەم گوندەدا؛ لە تەواوی گوندۆکە کەنارییەکانی تریشدا هەمان بارودۆخە؛ سەرچاوەی زۆری بژێوی لە گۆڕێدا نییە، دەریا سەرچاوەی سەرەکیی بژێوییە، بۆیە ژیانمان لێرەدا بەندە لەسەر ئەوەی ڕۆژگار پێمانی ڕەوا دەبینێت، ڕەنگە هەبوونی دەلالت بۆ فرۆشتنی ماسی پێ سەیر بێت، چونکە ڕاوچییەکان دەتوانن ڕاستەوخۆ ماسییەکانیان بە دوکاندارەکان بفرۆشن، بگرە دەکرێت هەر ڕاوچییەک دوکانێکی بچووک دروست بکات و خۆی ماسییەکانی خۆی بفرۆشێت، بەڵام ئەوە بژێویی ئەو نییە.

- چۆن دەزانێت بژێویی ئەوە یان ئەو نییە؟

- بژێویی تۆ ئەوەیە کە پێداویستییەکانت پڕ دەکاتەوە، هەر چییەکیشی لێ زیادە؛ بژێویی کەسێکی ترە، ڕەنگە ڕوانینی شاری ئێوە جیاواز بێت، بەڵام ئێمە لێرەدا ئاوا بیر دەکەینەوە، ئەو دەلالانە دەبینیت؟ هەندێکیان ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕاوچی بوونە، بەڵام چیدی بەرگەی سەختیی دەریاکان ناگرن، لەسەریشیانە خێزانەکانیان بژێێن، ئەو ڕێژە کەمەشی سبەینان لە ماسی فرۆشتن دەستیان دەکەوێت؛ هاریکاریان دەبێت، خۆ ئەگەر ڕاوچییەکە ماسییەکانی خۆی بەبێ دەلال بفرۆشێت؛ زیاتر قازانج دەکات، بەڵام ماڵ چ نرخێکی هەیە؛ دەوروبەرتی پێ بەختەوەر نەکەیت؟ دوکاندارەکانیش بە هەمان شێوە، بێنە بەر چاوت لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانەی ماسی کە لە شارە

گەورەکانەوە دێن؛ ڕکابەرایەتییان کردبایە لەسەر کڕینی ئەو ماسییانەی ڕۆژانە ڕاوچییەکان دەیهێنن! پێیان نەدەکرا شان لە شانیان بدەن و دوکانەکانیان دادەخست، بۆیە ڕاوچییەکان سوورن لەسەر ئەوەی تەنیا بفرۆشنە دەلال، دەلالەکانیش پێداگرن لەسەر ئەوەی تەنیا بفرۆشنە ئەو دوکاندارەی پاش وان دەفرۆشێتە خەڵکانی دی، هەر کەسە و بەشی خۆی هەیە لە ژیان، گرنگ ئەوەیە ئەو ئەمە بزانێت.

- بەڵام ئەم زنجیرە فرۆشتنە دوکاندارەکان دەوڵەمەندتر ناکات؟

- نەخێر، هیچ شتێک زامنی ئەوەیان بۆ ناکات تەواوی ئەوانە بفرۆش کە دەیکڕن، بگرە هەندێک جار ناچارن خۆیان لێیان ڕزگار بکەن و بەرگەی زیان بگرن، ژیان بەم شێوەیەیە، هەموو کەسێک بەشی خۆی هەیە لە بردنەوە و دۆڕان، لە ئازار و ژان، لە پێکەنین و گریان، بڕی چاکە و خراپە گرنگ نییە لە ژیانمان، گرنگ ئەوەیە مرۆڤ بەوەی لێیان پێی دەگات؛ بێتە ڕا، بەختەوەریی بەردەوام لە خەمگینیی بەردەوام دەچێت، ئەگەر درێژەیان خایاند؛ کاریگەرییان نامێنێت.

پیاوێک لێمان نزیک بووەوە و سندووقێکی بچووکی ماسیی هەڵگرتبوو، دایە کابرای پیر، ئەویش هەڵیگرت و ویستی بڕوات، لێم پرسی: "تۆ لێرەدا چ کارێک دەکەیت؟"، بەپێکەنینەوە وەڵامی دامەوە: "ڕۆخ بەندەرەکە پاک دەکەمەوە، ئەی پێم نەگوتیت هەر کەسە و بەشی خۆی هەیە لە ژیان؟".

# یەکەمین ڕۆژ

یەکەمین ڕۆژی قوتابخانە ناخۆشترین ڕۆژی ژیانم بووە، پێم وایە لە ژیانی زۆربەی ئەوانەشی ئەم بابەتە دەخوێننەوە هەر وا بووە، هەستی پێ دەکەم، کاردانەوە لەناکاوە دەروونی و زەینییەکان یەکجار کاریگەرن؛ ڕوخساری نامۆ، ڕێڕەوی تاریک، وەرزی سارد و سڕ، شوێنێکی نوێ؛ کە هەستەکانمان تێیدا چەشنی دەریای باکوور شەپۆلی سەخت دەدەن، وەلێ یەکەمین ڕۆژی پشووی خوێندن؛ خۆشترین ڕۆژی ژیانی هەر هەموومان بووە، بە یاری دەستمان پێ دەکرد و بە ژەمێکی چەور کۆتاییمان پێ دەهێنا، پاشان خەوێکی قووڵ و خەونی خۆش و بەتاڵ لە هەموو پیلان دانانێک، هەندێک جار پێم وایە تەمەنی ڕاستەقینەمان ئەو ماوانەن؛ کە لە پشووەکاندا بەسەری دەبەین.

نازانم لەبەر چی هەندێک کات مرۆڤ سەرەتاکانی خۆش دەوێت، ڕەنگە لەبەر ڕوونتربوونیان بێت لە کۆتاییەکان، لە شەوی سەری ساڵی نوێدا؛ هەمووممان دووبارە دەبینەوە منداڵ، کەناڵەکانی تەلەفزیۆن دەگۆڕین، لە کایە ئاگرینەکان دەڕوانین، نەوسنانە شیرینی دەخۆین، بەهاتوهاوارەوە پێدەکەنین، شەیدای هەموو شتێک دەبین، هێشتا ڕۆژەکەی دی هەڵنەهاتووە؛ وەک مۆبایل هەڵدەستینەوە، پەنجەنانێکمان پێویستە بە دوگمەی دووبارە هەڵکردنەوە؛ تا لە کەشەنگبوونەکانی ساڵی ڕابردوو دەربازمان بێت و بەئاسانی و بەوپەڕی خێراییەوە پێشوازی لە ساڵی نوێ بکەین.

چەند ساڵە وازم لەوە هێناوە پیلانی وردەکارانە بۆ ژیانم دابنێم، وێڕای

ئەو هەموو خولە کارگێڕییەی بەشداریم تێیاندا کردووە؛ ئەمڕۆکە بڕوام وایە هەر چەندە زیاتر پیلان بۆ ژیانمان دابڕێژین؛ پاکانەکەی تێکوپێکتر دەدەین و دەیکەینە خەپسە، پێش نۆ ساڵ بڕیارم دا ڕستەیەک بنووسم لە یەکەمین ڕۆژی ساڵی نویێ؛ هەتاکو ناسنامەکەی بۆ خۆم دیاری بکەم و پاشانیش هەڵبژاردنەکەی بۆ خۆم جێ بهێڵم؛ بە چ ڕێگەیەک ئامانجەکەی تێدا جێبەجێ بکەم.

بەبیرم دێتەوە لە دەستپێکی ساڵی ٢٠٠٥ نووسیم؛ "ساڵی فەلسەفە"، بە درێژایی ساڵەکە خووم دایە کتێبە فەلسەفییەکان، بە "چیرۆکی فەلسەفە"ی ویڵ دیورانت دەستم پێ کرد و بە کتێبی ئاژاوەگێڕانەی "ئا ئەمەیە مرۆڤ"ی نیچەی دێوانە کۆتاییم پێ هێنا؛ سەرەوبنی کردمەوە، هەتا ناچار بووم جوێنیشی پێ بدەم؛ "ئەوەی خۆشی دەوێت؛ جوێنت پێ دەدات".

ساڵی ٢٠١٠ درووشمم "ساڵی تەندروستی" بوو، بۆ ساڵێکی تەواو بە بەرنامەیەکی وەرزشی و خۆراکی پابەند بووم، سوپاس بۆ خودا توانیم تەندروستیم و کەمێک پتەویی لاشەم بسازێنم، خەریک بوو سوێند بخۆم ڕێ بە تەمبەڵی نەدەم بەسەرمدا بدات و چەوری تەنگم پێ هەڵچنێت، دواتر بۆم دەرکەوت لە ژیانمدا ڕێکوپێکتر بووم، لە ڕاهێنەرەکەمەوە فێر ببووم؛ ڕاهێنانی هزر لە مەشقی لاشە گرنگترە.

سەرەتای ساڵی ٢٠١١ نووسیم "ساڵی نووسین" و سوپاس بۆ خودا توانیم چەندین کتێب و ڕەشنووس بنووسم، سێ دانەیانم بڵاو کردەوە و چوارەمینیان ئەمەی بەردەستتە؛ لە کۆتاییەکەی لە ڕەشنووسەوە بووە کتێب، چەندین کتێبیشم لە بارەی هونەری نووسینی وێژەییەوە خوێندەوە

و زانیارییەکانم لە بارەی ڕێزمان و ڕەوانبێژی نوێ کردەوە.

دۆستێک بەری چەند ڕۆژێک گوتی؛ دەیەوێت لە بارەی پیلان دانان بۆ ژیان بابەتێک بنووسێت، یارمەتیی خەڵک بدات ئامانج بۆ ساڵی نوێ دیاری بکەن، بەڵام دوودڵ بوو، چونکە وەک خۆی دەیگوت؛ لەو بوارەدا پسپۆڕ نییە و دەترسێت پێی بڵێن فەلسەفە لێ دەدات، گوتم ڕاستە پسپۆڕ نییە، بەڵام مرۆڤە و ئەزموونی هەیە، بە زۆر سەرکەوتندا ڕۆیشتووە، گەلێک شکستیشی خواردووە، مافی خۆیەتی سەربوردەی خۆی بۆ ئەوانی دی بگێڕێتەوە، هەموو مرۆڤێک چیرۆکێکی هەیە؛ شایەنی گێڕانەوەیە و مافی هەموو مرۆڤێکیشە فەلسەفە لێ بدات.

تام لە کەسێک نابینم پیتی زۆر لەپێش ناوی خۆی دابنێت؛ "م. د. پ."، قڵس دەبم کاتێک یەکێک بە "مامۆستا یاسر" بانگم دەکات، چینایەتی کاتی بەسەر چووە، هەر کێیەکیش پێی وایە لەوانی تر شایستەترە؛ با گوێ لەو کچ و کوڕانە بگرێت؛ کە لە زانکۆکاندا لەسەر کورسییەکانی خوێندندا دادەنیشن، ئەوکات دەزانێت دانانی پیتی "خ."ی لەبەردەم ناوەکەی خۆیدا گەرەکە.

دەزانم لام دایە بابەتێکی تر، بەڵام ویستم ئەمڕۆ بەو چەشنەی بیر دەکەمەوە بۆتان بنووسم، نەک بەو شێوەیەی دەمەوێت بیر بکەمەوە، ئێستاکە دەنووسم و هەمان لاوی یەکەمین ڕۆژم لە ناخە، ئەوەی بۆ ڕۆژێکیش لێم دانابڕێت، عەوداڵە، وەلێ من وێڵییەکەیم خۆش دەوێت؛ کە لە داوەرینی گەڵاکانی پاییز دەچێت بەسەر زەمینێکی بەردەڵانی کۆندا.

دەزانم ئێستا دەپرسن: چیت بۆ ساڵی نوێ نووسیوە؟ هیچ، بەڵام بیر لەوە دەکەمەوە "ساڵی ڕاگەیاندن" بنووسم، ڕووم کردۆتە ئامادەکردنی

دوو پڕۆژەی ڕاگەیاندن؛ وێڕای ئەوەی حەزیشم زۆر لە دەرکەوتن نییە، هەندێک جار خوازیارم لە ساباتێکی دارینی بچکۆڵانەی ڕووەو دەریاچەی ئینتەرلاکنی سویسرا بژیم، بەو مەرجەی ئینتەرنێتێکی زۆر خێرا و ئامێرێکی نیسبەریسۆی قاوەی لێ بێت، "هەیا"ی هاوسەریشم، نازانم بۆچی بڕوام وایە ئەو هۆکارە لەوەی بوومەتە نووسەر.

بەر لەوەی ساڵی نوێ دەست پێ بکات؛ بڵێنە پیلانڕێژی: "کەر و بارگەت تێک نێ"، شتێکی سادە بنووسن و خۆشەویستی بڵاو بکەنەوە، چێژ لە ژیانتان ببینن، بەختەوەری لەوە بەنرخترە بۆ ڕۆژێکی تر دوای بخەین.

# بیلالی وشتر

هەر جارێک دۆستەکەی بینیبای مەشق بەو وشترە دەکات؛ دەیگوت: "تەنیا وشتری ڕەسەن دەیباتەوە".. دوای نوێژی بەیانی ڕاستەوخۆ دەیبردە دەرەوە، دە کیلۆمەتری بە ڕاکردن پێ دەبڕی، دەبووایە بە کەمتر لە دە خولەکیش تەواوی بکات.

"ناڕەسەنە، نایباتەوە".. کە هاوڕێکانی ئەم قسانەیان دەکرد؛ بێزاریان دەکرد، ئەوکات عەرەب پێیان وا بوو لە پاڵەوانێتییەکانی پێشبڕکێی وشتردا؛ تەنیا ئەو وشترە ڕەسەنانەی سەر بە نەژادی گوانی پڕ لە شیرن؛ شایەن بە بردنەوەن.

پێشبڕکێی وشتر لەمێژە وەرزشێکی بەربڵاوی نیمچە دوورگەی عەرەبییە، پێش ئەوەی ئایینی ئیسلامیش دەربکەوێت، ئەوکات و ئێستاشی لەگەڵدا بێت؛ هەندێک هۆز شانازی بە ڕەسەنایەتی و جۆری وشترەکانیان دەکەن، خاوەن وشترە ڕەسەنەکان سوورن لەسەر ئەوەی لەو پێشبڕکێیانەدا زستانان بەشدارییان پێ بکەن، جگە لەو خەڵاتە ماڵییانەی سەرچاوەی بژێویی پێشبڕکێکارانن؛ بردنەوە لە پێشبڕکێ شەرەفە بۆ خاوەن وشترەکان و هەندێک جار بۆ هۆزە براوەکانیش.

ڕۆژانە بە پێچەوانەی ڕاهێنەرەکانی تر؛ دوو جار لەگەڵ بیلال دەچوونە دەرەوە، ئەودەم نەریت وا بوو ڕۆژانە جارێک لە ڕۆژدا مەشق بە وشتری پێشبڕکێ بکرێت، بەڵام ئەو لەسەر بردنەوە پێداگریی دەکرد.

"ئەو لەڕ و لاوازە نایباتەوە".. کە یەکێک لە مەشقی ئێواران بەلایدا دەڕۆیشت؛ گاڵتەی پێ دەکرد، بیلال سیسەڵە و لنگ و گەردەن کورت

بوو، ئەمەش هەلی بردنەوەی کەم کردبوو، بەڵام یەک لە چاکییەکانی ئەوە بوو؛ لە وشترەکانی دیکە نەدەترسا. شەوێکیان ڕاهێنەرەکەی لەسەر تەپۆلکەیەکی لمین دانیشتبوو، لەگەڵ وشترەکەیدا چاویان بڕیبووە چاوی یەک، دەیگوتە وشترەکەی خۆی: "خۆت دەزانی سبەینێ هەلی یەکەم و کۆتاییمانە". بیلال بەردەوام بوو لە چاوتێبڕینی، وەک بڵێیت: مەبەستی "دەزانم" بێت.

"ئەوپەڕی گەمژەییە بەم وشترە زەبوونەوە بەشداری بکەیت و ناوبانگی خۆت وەک ڕاهێنەرێکی پیتۆڵ لەکەدار بکەیت".. باوکی وەهای پێ دەگوت، بەڵام ئەو گوێی بۆ ڕانەدەگرت، "شتێکی جیاواز لەم وشترەدا هەیە". ناخی ئاوای دەگوت، سووربوونی وشترەکەی دەبینی لە هەستانەوە بۆ ڕاهێنان بەر لە کاتی خۆی، سەری دەسوڕماند کاتێک دە کیلۆمەتر زیاتر لەسەر غاردان پێداگر دەبوو، داپیرەی دەیگوت: "ئەوەی بەر لە ڕۆشنایی خۆر لە ماڵ بچێتە دەرەوە؛ ئێوارە بە دەستی بەتاڵ ناگەڕێتەوە".

"گرنگ نییە لە پێشبڕکێکە براوە بین، گرنگ ئەوەیە لەگەڵ پێشبڕکێکارە باڵاکاندا لە هەمان گۆڕەپان بین و بەربەستی ترس بشکێنین"، ڕاهێنەرەکە وای بە بیلال دەگوت و چاوەڕێی ئاماژەی دەرچوونی پێشبڕکێکەیان دەکرد، بەر لە بوونەوەی دەرگەکان؛ گەردەنی دەماڵی و بە گوێیدا دەچرپاند: "هەر چەندی یەکێکمان لە سەرکەوتن نزیکتر ببینەوە؛ ترسی دۆڕانمان کەمتر دەبێتەوە".

وشترەکان وەک فڕۆکەی جەنگی دەرپەڕین؛ کاتی هاوێشتنی مووشەک، بیلالیش وەک گوللەی تفەنگ دەرپەڕی و لەنێوان مووشەکەکاندا ڕێگەی خۆی دوولەت دەکرد. لە سەرەتادا وشترەکان لە یەکتر نزیک دەبوونەوە،

تەپوتۆز بەری وشترەکانی دواوەی گرتبوو، تووشی هەناسەبڕکێی کردبوون، بیلالیش بە هەمان جۆر، وشترەکان بە لەشی گەورەیان پاڵیان بە بیلالەوە دەنا، خێرایی خۆی تاو دەدا و خەریک بوو بکەوێتە بن پێیان.

لەتەنیشت گۆڕەپانەکەدا ڕێگەیەک سازدرابوو؛ خاوەن وشترەکان بە ئۆتۆمبێلەکانیان بۆ هاندانی ڕاهێنەرەکان بەکاریان دەهێنا؛ هەتا خێراتر ڕێ بکەن، بیلال و ڕاهێنەرەکەشی ئۆتۆمبێلێک نەبوو هانیان بدات، تەنیا خەونەکانیان بەم کارە هەڵدەستان، ڕاهێنەرەکان بە گۆچانێکی پتەو لە وشترەکانی خۆیان دەدا؛ تاکو خێراتر غار بدەن، تەنیا ڕاهێنەرەکەی بیلال بەبێ گۆچان سواری ببوو، جۆش و خرۆشی سەرکەوتن وەک گۆچانەکەی مووسا وا بوو، بێسڵکردنەوە ڕێگەکەی بەردەمیانی دوولەت دەکرد.

توانی لەنێوان گشت وشترەکاندا دەرچێتە پێشەوە، هەموویان لەگەڵ نزیکبوونەوەیان لە هێڵی کۆتایی ماندوو ببوون، تەنیا وشترێکی ڕەسەن توانی لە هاوسەنگبوون بەردەوام بێت و پێش هەمووان بکەوێت، کاتێک هەستی کرد بیلال لێی نزیک دەبێتەوە؛ خۆی لە بیلال دا و بە ڕوویدا کێشا، تەپوتۆزی لەبەردەم نایەوە، بیلالیش خەریک بوو هێواش ببێتەوە، باش نەیدەبینی، ڕاهێنەرەکە خۆی لە گوێی نزیک کردەوە و پێیدا چرپاند: "بیرت بێتەوە؛ ئێمە لە شەودا مەشقمان دەکرد، پێویستت نەبوو هیچ شتێک ببینیت، هەموو ئەوەی ئێستاکە گەرەکتە بیبینیت: براوەکەی ناختە"، هەنگاوە کورتەکانی خێرا کرد، لە وشترە ڕەسەنەکەی پێشی نزیک بووەوە، کەمێک پێشی کەوت و لە گەیشتنە هێڵی کۆتایی نزیک بووەوە، وشترە زلەکە لێی نزیک بووەوە و گەردەنە درێژەکەی درێژ کرد؛ هێڵی کۆتایی پێ ببڕێت، بیلالیش گەردەنە کورتەکەی خۆی درێژ کرد.

دوای ساڵێک وشترە نارەسەنەکان پێشبڕکێکانییان پڕ کرد، هەموویان چوونەوە سەر بیلال، وشترە ڕەسەنەکانیش لەوەودوا ڕۆژانە دوو جار مەشقیان پێ دەکرا، ڕێک وەکو ئەوەی بیلال دەیکرد.

# ئەو شتانەی پێماندا تێدەپەڕن

"پرد دەچێتەوە سەر کام لای؟ یا دەچێتەوە سەر خۆی؟"، ئەم پرسیارە فەلسەفییەم لە تویتەر خوێندەوە، لەو کاتەدا لەسەر پردێکی دوبەی ترۆمبێلەکەمم لێ دەخوڕی، لە تەنیشتێکی ڕێگەکەدا وەستام و بۆ چەند خولەکێک لەسەر پردەکە ڕامام، گەیشتمە ئەنجام: پردەکە دەچێتەوە سەر ئەو کەسانەی پێیدا دەڕۆن، ئامانج لە بوونیدا: ئاڵوگۆڕی مرۆڤەکانە لەنێوان دوو لاکەیدا، ئەگەر ئەوان نەبان: پردەکە پێویست نەبوو، دەڵێن مرۆڤ دەچێتەوە سەر ئەو کەسانەی پێویستیی پێیانە، بەڵام جاروبار دەچێتەوە سەر ئەو کەسانەی ئەوان زیاتر پێویستییان پێیە، بۆ نموونە دایک: کە هەست و سۆزی لای منداڵەکانیەتی، چونکە ئەو زیاتر لەوان ئەم هەست و سۆزەی پێویستە.

کاتێک شتەکان پێماندا دەڕۆن: هەست بە بێسەنگییەکی زۆر دەکەین، چونکە شتێک لەو قورساییەی فشار دەخاتە سەر شانمانەوە: لەگەڵ خۆیانی دەبەن، بۆیە تەمەنێکی درێژتر و ڕەنگە بێمەینەتیتریشمان پێ ببەخشن.

هەندێک لە شتە هەمیشەییەکان بەسەنگن، بۆیە مرۆڤ لە گەشتدا هەست بە حەوانەوە دەکات، خۆی هەر دەبێت دابڕانی خۆشەویستان ببینین: تاکو فێری تامەزرۆبوونیان ببین، تامەزرۆیی خواستێکی ویژدانییە، تەنیا کاتی کەڵەکەبوون گران دەبێت، هەمان چەشنی پەمۆیە، سەرەڕای بێسەنگیشی: بە بڕی زۆر گرانی پێک دێنێت، بەڵام شتە هەردەمییەکان: لە ئاسن دەچن، گرنگ و زیندەیین، بەڵام بە بڕێکی کەم دەتوانن پشتمان

بشکێنن.

سەرکەوتن وەک پرد وایە، لەنێوان دوو لادا هەڵواسراوە، دیمەنی سەر ڕووی ناوازە دەردەکەوێت، وەلێ درێژەدان بە وەستان لەسەریدا؛ شتە جوانەکان دەکاتە شتی ئاسایی، بۆیە مرۆڤ لە گەڕانی بەردەوامدایە بە دوای پردی دیکەدا، پێویست ناکات سەر لە دیمەنە جوانەکان بدات، بەڵکو بەسیەتی شادیی وەستان و ڕامانی پێ بدات، وەستان لەنێوان دوو لاکاندا؛ کەمخایەنترین و کاریگەرترین کارێکە لە ژیانتدا.

پردە ڕووەو ئاسۆ دوورەکان جوانترین پردن، شوێنە بۆشەکان زۆرمان لێوانلێو دەکەن، تاکە شتێ تەنیا پێماندا تێناپەڕن؛ بەڵکو ناخیشمان ڕێک دەخەنەوە و لەسەر بەردەوامی هانمان دەدەن، لەبەر ئەوەیە جادووی بیابان لە مێرگەکانیدا نییە، بەڵکو لە توانستەکەیدایە بۆ پاڵنانمان بەرەو کۆچ.

ژیانی ڕاستەقینە لەسەر ڕەفەی فرۆشگە بازرگانییەکاندا نییە، بۆیە شیرینترین جۆرێکی شادمانی؛ ئەوەیانە کە بەبێدەنگی پێماندا دەڕوات؛ بەبێ شتومەک، بەبێ دەنگی ئامێرەکانی ژماردن و کریدت کارتی جلفرۆشی دەوڵەمەندەکان، کاتێک ژیان جوان دەبێت؛ پێشبینییەکانمان لێی سادە بن و هیواکانمان پێی گەورە بن، ئەوکات ژیان دەبێتە ڕێگەیەکی لادێیی چۆڵ و ناجەنجاڵ.

جارێکیان لەگەڵ کۆمەڵێک ڕامیار و بڕیاردەرانی سەر جیهان دانیشتم، سەبارەت بە چارەنووسی گەلانی زەمین دەدوان و گوتەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنیان دووبارە دەکردەوە، یەکیان ڕای منی پرسی و گوتم: "دەکرێت یەک لە ئێوە ئەم قسانە لەماڵەکەی خۆیدا بکات و لەگەڵ خێزانەکەیدا

لەسەر خوانی ئێوارە دانیشتبن؟"، گوتی نەخێر، پرسیاری هۆکارەکەم لێ کرد، گوتی: "چونکە ئەمە پەیوەندیی بەوانەوە نییە"، پێم گوت: "ڕێک وایە، ئەو شتانە پەیوەندییان بە ئێمەوە هەیە؛ کە لە دەمی لەبەرکردنی پۆشاکی خەوتندا باسیان دەکەین".

شتە نەمرەکان ئەوانە نین کە بۆ هەمیشە دەمێننەوە، بەڵکو ئەوانەن کە بۆ هەمیشە لەیاد دەمێننەوە، هەندێک شتی جوان هەن کە درێژە دەکێشن دەمانخنکێنن، پێکەنین بە نموونە، جادووەکەی لەوەدایە کە لەناکاو دێت، پێکەنین پشووێکی کورتە لەنێوان دوو ژیاندا.

جارێکیان پزیشک پێمی دەگوت: هەندێک کەس دەزانن چ خواردنێک شیاوە بۆیان و چی دەبێتە هۆی هەستیارییان و چیش لە گەدەیان ئازار دەنێتەوە، چونکە جوان چاودێریی ژیانی خۆیان دەکەن، بێئاگا نین لە کاریگەریی شتەکان لەسەریان، پێم وا بوو باش لە قسەکانی گەیشتووم، بەڵام لێی نەگەیشتبووم؛ هەتا هەستیارییەکی پێستم تووش هات و لە چارەسەریدا دەستەوەستان مام؛ لەگەڵ هەموو ئەو دەرمانانەشی بۆ تیمارکردنی بەکارم هێنان، قسەکانیم هاتەوە یاد؛ دەستم بە چاودێریی خواردنەکانم کرد و لە جۆری ئەو تایتەشم دەپرسی؛ کە ماڵەوە بەکاریان دەهێنا، وای لێ هات؛ شارەزای هەموو وردەکارییەکانی ژیانی ماڵەوەم بووم؛ کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بە گرنگم نەدەزانین.

لەو کاتەدا خوێندمەوە سۆفیگەران پەرۆشی خوێندنەوەی ئاماژەکانی دەوریانن، نەمدەزانی ئاماژەکان مەبەستیان چییە، دەبێت بروسکەی ئاسمان بن؟ یان دەنگی ناوەوەم؟ یان کەوتنی گوڵدانی سەر ڕەفەیەک؛ کاتێک بیر لە شتێک دەکەمەوە؟ هیچ یەکێک لەوانە نەبوون، بەڵکو ئەو

شتانەن دەمی ڕاڕایی لە ئایندە سەرقاڵمان دەکەن، هۆشمان بڵاو دەکەن و دەمانگەڕێننەوە سووڕی ئێستا و نقوومبوون لە تاوی ئێستا بە ناخۆشی و خۆشییەکانییەوە، چەشنی پێکەنینی منداڵەکەم، هەڵبژاردنی تایتی نوێ، ئەو هەستیارییە پێستییەی بەدەستییەوە ئازارم چەشت، هەموو ئاماژە بوون، بەرەو پەیوەندیی زیاتریان بردم لەگەڵ خێزانەکەم، بەتایبەتی دایکم، سەردانم کرد و ئازارەکانی خۆمم بۆ باس کرد، دەرمانێکی باوی بۆ ئامادە کردم، خەڵاتەکەم لەو دەرمانە نەبوو، بەڵکو لەو گفتوگۆ قەشەنگەدا بوو؛ کە لەو شەوەدا لەنێوانماندا ڕووی دا، ئەو گفتوگۆیە لە باتی گەڕانەوەم بوو بۆ باوەشی دایکم، کە بۆ یەکەمین جار بوو دوای ساڵانێک هەست بە ئاسایشێکی تەواو بکەمەوە.

نازانم بۆچی گفتوگۆی ئەو شەوەی دایکم هانی دام بگەڕێمەوە سەر نووسینی وێژەیی؛ دوای قەپاتبوونێکی هزری و هەستی، وەلێ ئێستاکە پەی بەوە دەبەم؛ ئەو شتانەی پێماندا تێدەپەڕن؛ جوانترین و قەشەنگترین ساتەکانی ژیانمانن.

## شاهەڵمات

بەسەر لمی دەریاوە پاڵ دەکەوتن؛ بەبێ ئەوەی گرنگییەک بەو هاژەی شەپۆلانە بدەن؛ کە لەنزیک وانەوە هەڵدەوەشانەوە، دەتگوت دەیانەوێت بەشداری لە یارییەکەیان بکەن، لایان لە گەرمیی لمی ژێریان نەدەکردەوە، هەموو تیشکێکی خۆیان خستبووە سەر گۆیە شووشەییە بچووکەکانی لە چاوی پشیلان دەچوون، شەوی ڕابردوو نەخەوتوون، لە ماڵەکانیاندا ڕاهێنانیان کردووە لەسەر هاوێشتنی گۆیە بچووکەکان بە لێزانییەکی زۆر؛ تاکو لەوەکانی تری بدەن، وەلێ مەشقی لاشەیی بەس نییە تاکو یەکمان فێری کارامەییەک ببێت، دەبێت زەینی خۆشی ڕابهێنێت؛ تا لە ڕۆژی کێبڕکێکەدا ئەویش لەگەڵیدا ئامادە بێت، پیرەژنێکی گوندەکەیان وای دەگوت، بە درێژایی ڕۆژ لە ماڵە خنجیلانە و ئارامەکەیەوە لەسەر لمی کەناراوەکە چاودێریی دەکردن.

منداڵێکان ماتەکەی لەپێش خۆی دادەنا و لەدوایەوە لەسەر ئەژنۆ دادەنیشت، سەری خۆی نەوی دەکرد؛ تا یەکێک لە چاوەکانی دەگەیشتە ئاستی ماتەکە، پیرەژنەکە پێش دەستپێکی کێبڕکێ لە بارەی منداڵەکانەوە دەیگوت: "ناتوانن لەبەردەم یەکێکیان بوەستن و لافی ئەوەی لەلا لێ بدەن؛ چەشنی ئەو جیهان دەبینن".

ئەرکی هەر منداڵێک لەوە خۆی دەدۆزییەوە؛ ماتەکەی خۆی بەسەر لمەکەوە بهاوێژێت و کەللای ئەوانی تر بپێکێت، بەر هەر ماتێکیش کەوتبا؛ ئەو دەبووە خاوەن ماتەکە، یاسای یارییەکە ئاوا بوو، کێ زۆرترین ژمارەی کەللای چنگ خستبایە؛ دەیبردەوە، منداڵەکان بایەخی زۆریان بە ژمارەی

کەللا دەستکەوتووەکان نەدەدا، ئەوەی گرنگیان پێ دەدا؛ ئەوە بوو بە جوانترین دانەوە بگەڕێنەوە ماڵ؛ بە گەورەکەیانەوە کە "شاهەڵمات"یان پێ دەگوت.

کەللا بۆ منداڵ لە خەونەکانی دەچێت، ڕوون و ڕەوان، بەبێ ترسی هەڵە دوور دەهاوێژێت، منداڵەکان کاتێک لە گیرفانیان هەڵیاندەگرتن؛ گەلێک وریا دەبوون، کاتێکیش یەکێکیان ماتی هاوڕێکەی دەبردەوە؛ لە هەمان بەرکی دانەدەنا کە کەللاکانی خۆی تێدا بوو، نەبادا خەونەکانی تێکەڵ بە خەونی کەسانی تر ببن و لەناو بچن، پیرەژنەکە بەمە ئامۆژگاریی دەکردن.

کاتێک منداڵێک ماتی یەکێک لە دۆستەکانی دەبردەوە؛ ڕۆژی دووەم دەهاتەوە و پێی دەدایەوە، چونکە ئەوەی دەست بەسەر خەونی کەسانی دیکەدا بگرێت؛ کەسی دەست ناکەوێت لە خەونەکانیدا بە پێی پەتی لەگەڵیدا ڕێ بکات، لە کۆمەڵگەیەکی شکستخواردووشدا سەرکەوتن بەهایەکی نییە.

یەکێک لە منداڵەکان ماتەکەی خۆی بە پەنجەی دۆشاومژە هاوێشت، ڕێی دەکرد بەبێ ئەوەی لا بکاتەوە لە ناهەمواریی لمەکە و وردەبەرد و هاژەی شەپۆڵەکان، کاتێک یەکێکمان بە دوای بەدیهێنانی خەونەکەیەوە دەبێت؛ تەنیا گوێی لەو دەنگانە دەبێت؛ کە لەپێشییەوە دێن، گشت دەنگێکی تری دەوری دەبێتە ئارامییەکی قووڵی گەردوونی؛ چەشنی بیرێکی مەنگ.

ماتەکە بەسەر لمەکەوە خێرا و بەنەرمی ڕێی دەکرد؛ چەشنی مارێک؛ ئەوە بزانێت بردنەوە لە خێرایی گەیشتن نییە، بەڵکو لە گەیشتنە لە کاتی گونجاو، کەللاکەی یەکەمی تێپەڕاند و بەری نەکەوت، لاوەکە چاوانی

داخست؛ بەو هیوایەی بەر دووەمیان بکەوێت، وەلێ ماتەکەی لەویشیان هەڵەی کرد، ئیختیارەکە بە لایەکی گۆچانە کۆنەکەی لێی دا و گوتی:

"چاوانت بکەوە و مەترسە، کاتێک گۆیەکەت دەردەچێت: لە دەستی تۆدا نییە، ئێستاکە لە دەستی خودای مەزنە، ئەرکی تۆ ڕاهێنانی مات هاوێشتنە، چونکە تەنیا بە هاوێشتن دەتوانیت هەڵیبسووڕێنیت، کاتێک ماتەکە دەستت جێ دەهێڵێت؛ دەچێتە دەرەوەی دەسەڵاتی تۆ، لێرەوە ئەرکی تۆ تەواو دەبێت، دەبێت بڕوات بەمە هەبێت؛ تا ئاسوودە بیت، دەبێت بشزانیت؛ هەموو مرۆڤێک ئەرکێکی هەیە لەم ژیانەدا، ئەگەر هەوڵی ئەنجامدانی ئەرکی یەکێکی دی بدات؛ ماندوو دەبێت و بێگومان شکست دەهێنێت، بردنەوە موڵکی باشترین نییە، بەڵکو کێ هەوڵ بدات؛ ماڵی ئەوە، ئێستاکە چاوانت بکەوە و خەندە بخە سەر لێوانت، چونکە خوداوەند هەلی پێ داویت کەللاکە بهاوێیت، زۆرێکمان هێشتا خاوەن هیچ ماتێک نین، هەشە خاوەن ماتە و نازانێت چۆنچۆنی بیهاوێت و کاتێک نادۆزێتەوە وەکو ئێمە یاری بکات، چاوانت بکەوە و لەگەڵ کەللاکەت بدوێ، پێی بڵێ تۆ ڕازیت بەوەی ئەمڕۆکە بەدەستی دەهێنێت، چونکە ئامانجی یاریکردن هاوبەشکردنی بەختەوەرییە لەگەڵ کەسانی تر، ئامانج زاڵبوون نییە بەسەریاندا".

لاوەکە چاوانی کردەوە، بزەیەکی کرد کاتێک بینی ماتەکەی لە هەموو کەللاکان هەڵەی کردووە؛ تا بەرەو شاهەڵماتی ڕەنگین و نەخشین بڕوات، باوەڕی نەدەکرد تا ماتە بچکۆڵانەکەی بەر هەسارە زەبەلاحەکە کەوت و لەقاندی، "قەبارەی ئەو خەونەی بەدوایەوە دەڕۆیت گرنگ نییە، گرنگ قەبارەی ئەو جۆشەیە کە بەرەو ئەو هانت دەدات".. گوتەی ئیختیارەکەی

هاتەوە یاد، بەرز بازی دا و لە خۆشییان پڕ بەدڵ هاواری کرد، منداڵەکانی تریش لەگەڵیدا بازیان دا، چونکە یەکەمین جاریان بوو یەکێکیان شاهەڵماتەکە بباتەوە؛ کە موڵکی ئیختیارەکە بوو.

پیرەژنەکە پێکەنی و گوتی:

"کاتێک خەونەکانت نایەنە دی؛ بزانە شیاوی تۆ نین".

# هەبوو نەبوو

ئەو کاتەی کارمەندی میری بووم؛ جارێکیان داوایان لێ کردم لە بارەی خزمەتگوزارییەکانی دامەزراوەکەمانەوە نمایشێک پێشکەشی کۆمەڵێک میوان بکەم، منیش زۆر پێداگر بووم لەوەی نمایشەکە جیاواز و جوان بێت، بەڵام پەشۆکابووم و دەترسام وەک ئەوە نەبێت کە دەمەوێت، کە بەڕێوەبەرەکەم بەم بارەمی زانی؛ گوتی تەنیا هێندەم لەسەرە چیرۆکێک بگێڕمەوە!

وام خەیاڵ کرد ئەو شوێنەی کاری تێدا دەکەین مێرگێکی بچووک بێت، کارمەندەکانیش کاروانێک بن بە بیاباندا بڕۆن، دوای ئەوەی ڕێ ماندووی کردوون و گەیشتوونەتە مێرگەکە؛ بڕیاریان داوە لێی بگیرسێنەوە و شارێک بنیاد بنێن، بەردەوام بووم لە گێڕانەوەی چیرۆکی شوێنەکەمان و چۆن توانیومانە بیکەینە شوێنێک؛ شیاوی ژیان بێت، پاشان دەستمان کردووە بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانمان بۆ کاروانەکانی پێیدا دەڕۆن؛ لەو بارەدا میوانەکان و پشکنەرەکانن، دوای تەواوبوونی نمایشەکە و ڕۆیشتنی ئامادەبووان بەکەیفخۆشی؛ تێگەیشتم بەڕێوەبەرەکەم چی مەبەست بوو، خەڵکی زیاتر لە ژمارە و ڕاستی حەزیان لە چیرۆکە، با ناقۆڵاش بێت، چونکە ئەو کاتەی چیرۆک دەگێڕینەوە؛ نزیکترین شتێکین لە ڕاستیی خۆمانەوە.

بەسەرهاتەکان زمانێکی جیهانین، بەربەستە ڕۆشنبیرییەکان دەشکێنن، بۆشایی تەمەن پینە دەکەن و سنوورە ڕامیارییەکان تێدەپەڕێنن، پردن بە مێژوومان دەگەیەنن، بیرگەکانیشمان ئەو ڕاگرانەن کە لە ڕێی کاتەوە

هەڵیاندەگرن، کاتێک دەگێڕینەوە لەگەڵ ساڵەکاندا گەشت دەکەین؛ بێ بارگە و بێ پیلان، بەبێ ئاراستە و بەبێ وادەی هەڵفڕین و نیشتنەوە، بەبێ ئەوەی شوێنێکیشمان بۆ حەوانەوە پێویست بێت، چونکە ئەو کاتانە لە باخچەی ئەو کەسانەدا دەحەوێینەوە کە گوێمان بۆ دەگرن، ناترسین لەگەڵ فرمێسکەکانیان بکەوین، چونکە دەمانگەڕێننەوە زەوی؛ کانگەی سەرگوزەشتە ڕاستییەکان.

کاتێک چیرۆکی کەسانی دیکە دەگێڕینەوە؛ ناویان لەسەر دیواری کات هەڵدەکەنین، لە بیرگەدا شوێنی حەوانەوەیان بۆ دەگرین، وەلێ هەمیشە دەپرسم: مرۆڤ بۆچی دەیەوێت کەسانی تر یادی بکەنەوە؟ دەبێت بۆ بەردەوام گێڕانەوەی چیرۆکەکان بێت بۆ نەوەکانی دادێن؟

ژیانی مرۆڤ چەندە جوانە ببێتە چیرۆکێک؛ بگێڕدرێتەوە! کەسانێک بەسەرهاتی قارەمانێتی دەخوێننەوە، کەسانێک دەیگێڕنەوە، کەسانێکیش دەینێننەوە، یەکەمینیان خۆی خۆش دەوێت، دووەمینیان کەسانی تر، سێیەمینیشیان چاوگی هەڵقووڵانی ئەو خۆشەویستییەیە.

چیرۆکەکان درێژبوونەوەی گیانەکانن، بەرامەکانیان پەخش دەکەن، وەلێ فرمێسکەکانیان قەتیس ناکەن، لە دەستی ئەو دایکە دەچن؛ کاتی گریانی منداڵەکانی سینەیان دەماڵێت، نەک بۆ وەستاندنی ژان؛ بەڵکو هەتا بتوانن بەرگە بگرن.

ئێستا لە خودی خۆت بپرسە: دوا جار کەی بووە چیرۆکێکت تاکو کۆتاییەکەی گێڕاوەتەوە؛ بەبێ ئەوەی هیچ کەسێک بتبچڕێنێت؟ ئایە سەرگوزەشتەکان بەهایان کەم بۆتەوە؟ یان لەبەر ئەوەی ئاگادارتر بووین لەوەی لە دەورمان هەڵدەسووڕێت لە زانست و تەکنەلۆژیا و هەواڵ و

دەنگوباسەکان؛ بۆیە گێڕانەوە لامان بۆتە کارێکی دێرین؟ بۆچی وەستاوین لە گوێگرتن لە چیرۆک و چێژ لێ وەرگرتنیان؟ دەبێت کات هێندە تەنگی پێ هەڵچنیبین؟ یان خۆمان دەمانەوێت زیاتر بڵێین لەوەی گوێی لێ دەگرین و زیاتر بکەین لەوەی تەواوی دەکەین؟

ئایە تا ئێستاش چیرۆکەکانی قارەمانێتی و ئەویندارى و مەینەتییەکان شتێک لە ناخمان دەبزوێنن؟ بۆچی هەندێک کەس دەڵێن خۆشەویستیی ڕاستی بوونی نییە؟ بۆچی خەڵک گومان لە چیرۆکی قارەمانێتی دەکەن؟ ئەوانەی ئەگەرچی هەندێکیان زیادەڕەویشیان تێدایە؛ بەڵام متمانەمان پێ دەبەخشن بەوەی دەتوانین گۆڕانکاری بنێینەوە، ئاخۆ ئومێد شایەنی ئەوە نەبێت جارێکی تر ڕەنجی لەپێناو بدەینەوە؟

من وای بۆ دەچم ئێمە چیدی شت بۆ یەکتری ناگێڕینەوە؛ تاوەکو مێژوو خامۆش بکەین، بەڵام ئەم کارە مافی ئێمەیە؟ ئایە مافمان هەیە لەبیری بکەین؟ هیچ تاوانێک لە شاردنەوەی ڕاستی گەورەتر نییە؛ لەبیرکردنی نەبێت، بۆیە هەرگیز چیرۆکەکانی سەرکەوتن بە ترۆپکی ڕاستی ناگەن؛ مەگەر بەزێنراوان بیانگێڕنەوە.

داپیرەم خودا بەزەیی پێدا بێتەوە؛ شەوانە بەر لەوەی بخەوم چیرۆکی بۆ دەگێڕامەوە، لە دەمی منداڵیشمدا؛ لەگەڵ باوکم بە دیداری نەجیب مەحفووز بەخت یاوەرم بوو، دوای دیدارەکە لەبارەیەوە لێم پرسی، باسی ژیانیی بۆ کردم، پاشان خوێندنەوەی چیرۆکەکانی نەجیب لە دەمێکی زووەوە بوونە هۆکارێکی شەیدایی من بە وێژە، ئێستاکە دەپرسم: "کاتێک داپیرەم و نەجیب مەحفووز منداڵ بوونە؛ کێ چیرۆکی بۆ گێڕاونەتەوە؟"، تا ئەم چرکەیەش؛ بڕوا ناکەم هەرگیز منداڵ بووبن، کێ شەوانە "هەبوو

نەبوو"ی بە گوێدا چرپاندوون؟ منداڵان گەورە دەبن، وەلێ چیرۆکەکان هەر وەکو خۆیان دەمێننەوە، هەر چەندی گەورەکان بیانگێڕنەوە؛ زیاتر منداڵ دەبنەوە.

داپیرەم و نەجیب مەحفووزم خۆش دەوێت، لەبەر ئەوەی فێریان کردم خەیاڵ پارچەیەکە لە ڕاستی: گەر بتوانین باوەڕی پێ بکەین، گرفتەکانیش بەشێکن لە چارەسەر؛ ئەگەر ڕقمان لێیان نەبێتەوە، فێریان کردم لە چیرۆکی هەموو مرۆڤێکدا شتێک لە چیرۆکی خۆم بدۆزمەوە و لە شادیی کەسانی تریشدا شادییەک بۆ خۆم، جیهان لە تەنگیی سینەی ئێمە زۆر بەرفراوانترە، لە ژیاندا بەختەوەرییەکی زیاتر لە نەهامەتیی ئێمە هەیە، هەموو ئەوەی لەسەرمانە؛ بەردەوامیمانە لە گێڕانەوەی چیرۆکەکان، تاکو داڕووخاو بزانێت تەنیا نییە و کۆتاییەکان هەمیشە کامەرانین؛ ئەگەر وەک خۆیان پەسندیان بکەین؛ نەک بەو جۆرەی ئێمە دەیانخوازین.

# ڕۆچوونە شاخ

وەکو نەریتی جارانی لە دەمی وەستانی با لە پاڵنانی گەمیەکان بەرەو پێشەوە؛ لەسەر لێواری کەشتییەکە دانیشتبوو، پێکانی شۆڕ کردبووەوە سەر ئاو، کاتێک ئێواران کەش وای لێ دەهات؛ ژیانی سەر ڕووی گەمیەکە دەوەستا؛ هەتا دەریاوانەکان چێژ لە ژیانێکی دیکەی ژێرەوەیدا ببینن، بەڵام تەنیا ئەو وەڕس ببوو لەگەڵیاندا دابنیشێت، جاروبار مرۆڤ پێویستی بە چێژ بینینە لە ئارامی و ئەو دەنگی بەتاڵییەی تەنیا لە کاتی تەنیابوونمان دەیبیستین.

هێمنی باڵی بەسەر شوێنەکەدا کێشاوە، دوای وەستانی کەشتییەکە؛ خەونەکانی سەعیدی لاویش لە دەریاوانی وەستان، دانیشتبوو؛ سەیری دەریای دەکرد، باوکیشی لێی نزیک بووەوە و لەپاڵی دانیشت؛ بێ ئەوەی هیچ شتێک بڵێت، ڕێزگرتنی تەنیایی مافێکی دەروونیی مرۆڤە، سەعید سەرنجی شتێکی پڕشنگداری بنی دەریای دا؛ هاواری کردە باوکی: "بابە گیان ئەمە چییە؟ پەریی دەریایە؟"، وەڵامی دایەوە: "تیشکدانەوەی تریفەی مانگە لە بنی دەریا".

- بەڵام لم چۆنچۆنی ڕۆشنایی مانگ دەداتەوە؟
- لم نییە، زێڕە.
- زێڕ؟
- بەڵێ، چیرۆکێکی زۆر کۆنە، پێش دوو سەدە کەشتییەکی کۆمپانیای ڕۆژهەڵاتیی هند نقووم بووە، کەس شوێنەکەی پێ دەستنیشان نەکراوە، زێڕ و زیو و گەوهەری هەڵگرتووە و ڕووەو هندستان ڕۆیشتووە.

سەعید قسەی پێ بڕی:

- مادەم با بچینە ژێر ئاو و گەنجینەکە دەربهێنین، خودا بۆمانی ناردووە.

- دەزانم خودا بۆمانی ناردووە، بەڵام من پێشتر دەستم کەوتووە.

سەعید لەو ڕستەیە خۆی لە گێلی دا و لە پێداگری بەردەوام بوو:

- با سندووقەکان لە دەریا دەربهێنین و بگەڕێینەوە شوێنی خۆمان، لە گەشت و کاروان وەڕس بووین، بێگومان شتەکانی ناو ئەو سندووقانە بۆ هەمیشە دەوڵەمەندمان دەکەن.

باوکی سەیری ئاسۆی کرد و چاوەکانی بە پێڵووەکانی کەمێک گوشی و گوتی:

- "پێترا"ت بیستووە کوڕی خۆم؟

- نەخێر!

- دەمی منداڵیم لەگەڵ باوکم گەشتێکی "شام"مان کرد، کە گەیشتینە باکووری نیمچە دوورگەی عەرەبی؛ بە شارێکی هەڵکەندراو لە شاخدا ڕۆیشتین، ئەو ڕێبەرەی لەگەڵماندا بوو؛ بۆی باس کردین ئەو خانووە شاخییانە عەرەبە نەبەتییەکانی نیشتەجێی ئەو ناوچەیە؛ بەر لە هەزاران ساڵ هەڵیانکەندووە، نەبەتییەکان دەرگە دەرەکییەکانیان هەڵدەکەند و دواتر ڕێڕەوە سەرەکییەکانیان لەت دەکرد، جا ژوورەکانیان هەڵدەکەند و ئیدی بەم شێوەیە تاماڵەکانی ناخی شاخەکانیان تەواو دەکرد، ئەوەی جێی سەرسوڕمانە؛ هەرگیزیش لەو خانووانەدا نیشتەجێ نەبوونە، لە خانووە مووەکان و چادرەکاندا نیشتەجێ دەبوون، دەزانیت بۆچی؟ چونکە بڕوایان وا بووە ئەگەر عەرەب لە کارکردن بوەستێت؛ ئارامگرتن لەدەست دەدات، ئەگەر ئارامگرتنیش لەدەست بدات؛ خۆڕاگرییەکەی لەدەست دەدات و

لەو بیابانە وشکەدا دەمرێت، بۆیە ڕۆژانە شاخیان هەڵدەکەند.

- ئەمە چ پەیوەندیی بە گەنجینەکەوە هەیە؟

- کاتێک بەر لە بیست ساڵ باوکم ئەم گەنجینەیەی نیشان دام؛ پێی گوتم بەشێکی بۆ خۆی لێ بردووە و ئەوەی تری بۆ من جێ هێشتووە خۆم دەریبهێنم، پێم گوت من جارێکی تر ڕێگەکەی پێ نازانمەوە، پێکەنی و گوتی دەبێت لە ڕاو و گەڕان بە دوای مرواریدا بەردەوام بم؛ هەتا گەنجینەکە دەدۆزمەوە، ڕۆژێک لە ڕۆژان؛ کە چاوەڕوانی هەڵکردنی با بووین؛ بینیم، یەکسەر چوومە ژێر ئاو و هەندێکم لێی هێنا و ئەوەی ترم هێشتەوە، وازم لێی هێنا، چونکە من دەمەوێت جاری تریش بچمەوە ژێر ئاو، دەمەوێت دوور بکەومەوە، گەشت بکەم و جیهان ببینم، ویستم تۆش بچیتە ژێر ئاوەوە، زۆر شت هەیە لە دەریاوە فێری ببیت، نامەوێت ئارامیت لەدەست بدەیت، بەبێ ئارامی ژیانت بەهایەکی نابێت.

وەک ئاماژەیەک بۆ کۆتایی شەو؛ گۆنای ئاسۆ دەستی بە سووربوونەوە کرد، سووکە بایەک هەڵیکرد و چارۆگەکان باڕێژ بوونەوە و سەرلەنوێ دڵەکان لە خەونەکان پڕ بوونەوە، باوکەکە دەستی لەسەر دڵی ڕۆڵەکەی دانا و پێی گوت:

- با دەست بکەینەوە کار، گەنجینەکەت ئا لێرەدایە.

# چی لە بارەی خۆتەوە دەزانیت؟

کە لە زانکۆ دەمخوێند؛ چوومە لای پسپۆڕێکی پەرەپێدانی مرۆیی؛ بۆ وتاردانی گشتی لە بۆنەکان هاوکاریم بکات، سوور بووم لەسەر نواندنی وڵاتەکەم لە ئاهەنگە جۆربەجۆرەکان.

دەستمان بە گوتوبێژ کرد، لە گرفتەکەمی پرسی، گوتم هەست بە پەشێوی دەکەم کاتێک ڕادەوەستم لەبەردەم جەماوەر قسان بکەم، گوتی: "بە خەیاڵ سەر بکەوە سەر تەختی شانۆ گوتار بدەیت، هەست بە چی دەکەیت؟"، گوتم: "هەست بە شڵەژان دەکەم"، گوتی: "وا وەستاویت و دەست بە ئاخاوتن دەکەیت، چیت بە مێشکدا دێت و دەچێت؟"، وەڵامم دایەوە: "دەترسم شتێکی هەڵە بڵێم"، گوتی: "ئەوە هەڵەت کرد، ئێستا هەست بە چ دەکەیت؟"، گوتم: "شڵەژان"، لێمی پرسی: "دوای شڵەژان؟"، گوتم: "لەبەردەم خەڵکیدا زۆر بەسەر خۆمدا دەشکێمەوە"، لێی پرسیم: "پاش شکانەوە؟"، بیرم لە پرسیارەکەی دەکردەوە، چونکە پێشتر شتی وام بە خەیاڵدا نەهاتبوو، گوتم: "هیچ!".

بزەی کرد و گوتی: "بێگومان هیچ! شکست بهێنین و نەهێنین؛ ژیان ناوەستێت، هەڵەکانت ماڵپەڕ و هەواڵەکان ناتەننەوە، بگرە من وای بۆ ناچم هیچ یەکێک لە ئامادەبووان بیری خۆی بەلایدا ببات، تۆ ئەم کارەت خۆش دەوێت، بەڵام ترسەکەت بەسەر ئەم خۆشەویستییەتدا زاڵ بووە، تەواو، شتەکە کۆتایی هات، ئێستا دەتوانن بڕۆن".

ڕۆیشتم و تا ئەم چرکەیەشی لەگەڵدا بێت؛ بیر لە مەودای ساویلکەیی مرۆڤ دەکەمەوە؛ کە تێڕوانینی لە سنووری لاوازیی خۆیدا تێناپەڕێت،

بیری چووە توانستەکانی سنوورێکیان نییە، هەر جارێک خەفەتم بێتە بەر و لەتەک ئاکامە نەرێنییەکان بوەستم، یان نەتوانم تێیانپەڕێنم؛ گوتەکەی ئەوم بیر دێتەوە: "شکست بهێنین و نەهێنین؛ ژیان ناوەستێت".

پێش چەند ساڵێک بەشداریی خولێکی ڕاهێنانم کرد لە بارەی برەودانە توانستەکانی تاک، هەفتەیەکی تەواوم لەگەڵ ڕاهێنەرێکی ئافرەتدا بەسەر برد، سەری بە قژی سپی و دانایی لێوڕێژ ببوو، زۆر شتی لێوە فێر بووم، گرنگترینیان بۆ یەکەمین جار بە دەروونی خۆمی ناساندم، هەموو ئەو شتە پەنهانانەی بۆ ئاشکرا کردم؛ کە بێ ئەوەی هەست بکەم؛ حاشام لێ دەکردن، بەڵام زۆر لەسەر خاڵە لاوازەکانم لەنگەری نەگرت، بەڵکو هاریی کردم خاڵە بەهێزەکانم بناسم و چۆن بتوانم بۆ برەودانە خۆم گەشەیان پێ بدەم.

دوایین ڕۆژ پێی گوتم: "زۆربەی خەڵکی لە خاڵە لاوازەکانیان دەگەڕێن؛ تا بەهێزیان بکەن و بە تێپەڕینی کات برەودانە خاڵە بەهێزەکانیان لەیاد دەکەن، تا وای لێ دێت لاوازی و بەهێزییان لەلا وەک یەکی لێ دێت، دەبێتە کەسێکی ئاسایی و هیچ شتێک جیای ناکاتەوە، ئەگەر دەتەوێت بگۆڕێیت؛ تیشک بخەرە سەر بەهێزکردنی خاڵە بەهێزەکانت و خاڵە لاوازەکانت لەبیر بکە، چونکە لەگەڵ کاتدا باش دەبن".

من حەوت ساڵ وام دەکرد، تا گەیشتمە ئاکام؛ یەک لە گرفتەکانمان ناسینی لاوازییەکانمانە زیاتر لە بەهێزییەکانمان، شکستەکانمان زیاتر لە سەرکەوتنەکانمان بەبیر خۆمان دەهێنینەوە، پەی بەو شتە دەبەین کە توانستی ئەنجامدانیمان نییە زیاتر لەوەی پەی بەوە ببەین کە دەتوانین پێی هەڵبستین، ئەو شتانە دەناسین کە تێیاندا شکست دێنین و ئەو شتانەی

تێیاندا سەر دەکەوین؛ خۆمانی لێ لە گێلی دەدەین.

زۆرم بڕوا بە بایەخی زاڵکردنی مێشکە لە بڕیارەکانی ژیانماندا، بەڵام لە تەنگانەکاندا زیاتر باوەڕم بە ڕۆڵی دڵ هەیە، چونکە دەروازەی هاتنی وزەی گەردوونییە بەرەو لامان، بوون لێوڕێژە لە وزە و ڕۆشنایی. بەڵام ئەوان لە دەرگە داخراوەکان نادەن، دڵ قسەی خۆش و دووڕوویی نازانێت، بگرە کاتێک مێشکیش زلترین درۆ دەکات؛ دڵەکان وەک هەڵەکار دەماندوێنن، ئەوەی فێری زمانی دڵی بووبێت؛ ناکرێت لەسەر هەڵە بێت.

جارێک خوێندمەوە ئێمە ئەو ناوانە نین کە هەڵیاندەگرین، نە ئەو ماڵانەشی تێیاندا نیشتەجێ دەبین، نە ئەو سامانانەشی خاوەنیانین، نە ئەو پلە و پایانەشی لەملیان دەکەین، ئەم شتانە ناوزەندمان دەکەن، بەڵام دروستمان ناکەن، بۆیە ئەوان ڕاستیی ئێمە نین.

ئێمە گەلێک لەو ڕەوشتە سەرپێییانە گەورەترین و گیانەکانمان لە پێویستی و شتەکانی ژیان قوڵترن، پەندێک دەڵێت: "مرۆڤی لاواز لە ئارادا نییە، تەنیا کەسانێک هەن خاڵە بەهێزەکانیان ناناسن"، خراپتر لەوانیش کەسانێکن لەبیری بکەن بەدوایاندا بگەڕێن.

کاتێک دەروونمان باش ناناسین؛ لە برەودان و گەشەپێدانی بێدەرەتان دەبین، دەبێتە تۆزی بەر بای ساکارترین بەرەنگاریی ژیان، ئەوەی خۆی ناناسێت؛ پێی نامۆیە، نرخی شایستەی بۆ دانانێت، بۆیە نازانێت چۆن لە قەیرانەکانیدا دەربازی بکات و هاوکاری بێت.

سەرکەوتووان ئەو کەسانەن دڵنیان لەوەی شایستەی سەرکەوتنن، ئەم بیرۆکەیەشیان بەسە وزە ناوەکییەکانی خۆیانی پێ پاڵ بدەنە ئەوپەڕی لوتکە، ئەوەی دەروونی خۆی وەکو خۆی بناسێت؛ لەپێش خەڵکدا ناچاری

نواندن نابێت، بۆ شاردنەوەی کەموکورتییەکانی دەمامک لەسەر نانێت، پەی دەباتە ئەوەی قەشەنگترین باری مرۆڤ کاتێکە لەسەر خۆڕسکی خۆی بێت، پەشۆکاو بێت یان داگیرساو، دڵتەنگ بێت یان بەختیار، لاواز بێت یان بەهێز، خەڵکی دەمامکدارانیان خۆش ناوێت، چونکی ئەوکاتی نە دەبێتە مرۆڤ و بگرە نەدەبێتە هیچ شتێک.

# تەلاری خەلیفە

لە ناوەڕاستی شاردا گەردەنکەشانە وەستاوە، جیهانی وەک منداڵێکی گەورە گرتۆتە خۆ، چەشنی شەیدا و دێوانەیەکی سەرکەوتن بە گوێچکەی هەورەکاندا دەچرپێنێت، هەندێک لە باڵاخانەکانی دنیا دەڕواننە ڕابردوو، هەندێکیشی داهاتوو، وەلێ تەلاری خەلیفە؛ لەپێناو تێگەیشتنی ئایندە دەڕوانێتە ڕابردوو.

کاتێک سەر دەکەویتە سەر لوتکەی تەلارێکەوە؛ دەتوانیت دنیای لێوە ببینیت، وەلێ لە ترۆپکی تەلاری خەلیفەدا؛ دەتوانیت جیهان بخەیتە نێوان دوو پەنجەی دۆشاومژە و ئەسپێکوژەت، دانیشتووانی دوبەی وەها دەڵێن، شتەکان لەسەر بەرزترین چڵەپۆپەیەک هەتاکو ئێستا مرۆڤ لە مێژوودا دایبەستبێت؛ زۆر بچووک دەردەکەون، بە هۆی بەرزیی ماوەکەوە نییە، بەڵکو بە هۆی بەرزیی ورەوەیە.

مرۆڤ لەبەر چی تەلار دەسازێنێت؟ پرسیارێکە لەگەڵ سەردانی هەر شارێکی هەوربڕدا دێتە مێشکم، دەبێت بەرتەنگیی ڕووبەری شارەکە بێت؛ مرۆڤی ناچار کردبێت بەستوونی فراونی بکات؟ ڕەنگە، بەڵام گومان لەوەدا نییە مرۆڤ دەقی بە بڵندبوونەوەوە گرتووە، ئاڵوودەی بەرزفڕی بووە، بۆ ئەوە نا نیشتەجێ بێت و کار بکات، بەڵکو لەبەرەوەی ئاڵوودەی بەدیهێنانی خەونەکان بووە، خەونە ڕاستەقینەکان دانابارنە سەر مرۆڤ، بەڵکو ئەو بەرەو ڕوویان هەڵدەفڕێت.

کاتێک یەکێکمان بەسەر شاخێکدا هەڵدەگەڕێت؛ دەزانێت کەس لا لە سەرکەوتنەکەی ناکاتەوە، مەگەر تەنیا شاخەکە "ئیڤرێست" بێت،

تەنیا لەبەر سەختیی پێدا هەڵگەڕانەکەیدا نییە، بەڵکو ناوبانگەکەشی هۆکارە، لە زەویدا شاخی لە ئیڤرێست دژوارتر هەیە؛ پێیان نازانرێت و نەمانبیستوون، وەلێ هەندێک کەس پێداگرن لەسەر ئەوەی بەسەریاندا هەڵگەڕێن و هەستیش بە سەرکەوتن دەکەن، تەنانەت دەشزانن کەس پێیان نازانێت، سەرکەوتنی ڕاستەقینە لە ناخماندا بەدی دێت، ڕستەیەکی باوە، ڕەنگە وا بێت، وەلێ من دەپرسم: سەرکەوتن چییە؟

سەرکەوتن لای بە چیادا هەڵگەڕان؛ زاڵبوونی مرۆڤە بەسەر خۆیدا، چونکە باوەڕیان وایە ئەوەی بتوانێت بەسەر دەروونی خۆیدا زاڵ ببێت؛ دەتوانێت بەسەر هەموو شتێکی دیکەیدا زاڵ ببێت، دەروونی دەڵێت؛ زۆربەی جار بە چیادا هەڵگەڕ دەگاتە خاڵێک: توانستی سەرکەوتنی تێدا نامێنێت، سەیری دەوروبەر و سەرەوەی خۆی دەکات؛ چاڵێکی شیاو نادۆزێتەوە دەستی یان پێی تێدا بچەقێنێت، لەو کاتەدا بیر لە دابەزین دەکاتەوە، پاشان بیری دەکەوێتەوە: "سەرکەوتنی ڕاستەقینە لە ناخماندا بەدی دێت" و چاڵێکی بچکۆڵەی بەر چاو دەکەوێت: پەنجەیەک زیاتر ناگرێت، کێشە تەنیا لە قەبارەی چاڵەکەدا نییە، بەڵکو سەرەتا دەبێت بەسەر کەلێنێکی قووڵدا باز بدات، تەنیا یەک هەوڵدانیشی هەیە، تەنیا جارێکە و ژیانی کۆتایی دێت، یاخود سەرلەنوێ دەست پێ دەکاتەوە.

بازدانی باوەڕتان بیستووە؟ هەنگاوێکە مرۆڤ بۆی دەچێت و دەزانێت دواینە، "من کەسانێک دەناسم بازیان داوە و کەوتوون"، بە شاخدا هەڵگەڕ ئەمە بە دەروونیدا دێت و دەڕوات، دڵی دێتە وەڵام: "کەوتوون، چونکە چاوەکانیان نووقاندووە و پێیان وا بووە فریشتەکان بەسەر باڵەکانیانەوە دەیانگرنەوە"، دەروونی دەڵێت: "بڵێ فریشتە بۆ پارێزگاریمان

لە دەورمان نین!"، دڵی پێدەکەنێت و دەڵێت: "ئەوان تەنیا ئاماژەدانیان لەدەستە بەرەو ڕێگەی ڕاست، ئیدی نزا دەکەن ئێمە پێی بگەین"، چاوانی دەکاتەوە و باز دەدات و کەلێنی گومان بە باوەڕ دەبڕێت، هەموو شتێکی بەردەمی بزر دەبێت، هەڵمەت دەباتە سەر مەرگ و شاخەکە ڕووتەخت دەبێت، تەنیا دەرچە بچووکەکە لەبەر چاوانی دەمێنێتەوە، پەنجەی بەبێچاوەڕوانی دەچەقێنێت، دوای ئەوە درێژە بە سەرکەوتنەکەی دەدات و پێدەکەنێت، سەری وەکو ڕێزێک دەچەمێنێتەوە بۆ ئەوانەی ڕێگەیان نیشان دا، بزەکەی دەپێچێتەوە و بەردەوام دەبێت.

ئەوانەی لە قۆناغی بنیادی تەلاری خەلیفە ژیاون؛ بڕوایان وایە کۆمپانیا بەڵێندەرەکان بنیادیان نەناوە، بەڵکو بنیادنراوی ئەو خەونبینانەیە کە لە شارەکەدا ژیاون، ئەوانەی کە هەفتانە نهۆمێک بەرز بۆتەوە؛ ژماردوویانە، هەر چەند تەلارەکە بەرزتر بۆتەوە؛ ئاسۆی شارەکە فراوانتر بووە.

یەکێک لەوانەی کاری لەوێ کردبوو؛ ئەم چیرۆکەی بۆ باس کردم:

کاتێک کرێکارەکان لە بنیادنانی تەلارەکەدا کاریان دەکرد؛ لە نهۆمێکی دوای سەد وەستان، چونکە ترۆمپای چیمەنتۆکە لەوە زیاتر پاڵ پێ نەنرایە نهۆمی بەرزتر، پێشتر هیچ ترۆمپایەک لەم بەرزاییە کاری نەکردبوو، دەبوو چیمەنتۆ لە تێکەڵکەرەکانی دامێنی تەلارەکەوە بباتە لوتکە، بۆ چارەی گرفتەکە ئەندازیارانی سەرپەرشتیاری پرۆژەکە خڕ بوونەوە، دوای دوو ڕۆژی تەواو لە وەستانی کار؛ بەرپرسی کرێکارەکان هەمووانی کۆ کردەوە و پێی گوتن: "ناتوانین لەمە زیاتر دوای بخەین، دەبێت بە خشتەکەوە پابەند بین، تەواوی جیهان چاوی لێمانە و دەبێت بەڵێنی خۆمان ببەینە سەر و لە وادەی دیاریکراودا تەلارەکە تەواو بکەین، با ترۆمپاکە چیمەنتۆ بگەیەنێتە

دوایین نهۆمی دەتوانێت و ئەوەی دیکە ئێمە خۆمان بە دەستی خۆمان دەیگوازینەوە و دەیگەیەنینە نهۆمە بەرزترەکان؛ تاوەکو ئەندازیارەکان چارەسەرێک بۆ گرفتەکە دەدۆزنەوە".

تا کرێکارەکان خشتەی تەواوبوونەکە بپارێزن؛ خۆیان دابەشی چەند کۆمەڵەیەک کرد، بە درێژایی ڕۆژ شوێنیان دەگۆڕییەوە، دوای چەند هەفتەیەک گرفتەکە چارە کرا، یەک لە کۆمپانیا بەڵێندەرەکان بەرزترین تڕومپای چیمەنتۆی لە جیهاندا دروست کرد، دوای تەواوبوونی بنیادی تەلارەکە؛ ئەندازیارەکان شتێکی نامۆیان بۆ دەرکەوت، تەلارەکە کەمێک لە بەرزیی نەخشە بۆ کێشراوی بڵندتر دەرچووبوو، کە پشکنییان؛ بینییان ئەو دوو نهۆمەی کرێکارەکان بە دەستی خۆیان دروستیان کردووە؛ سێ مەتر بەرزترن، هۆکەیان لە سەرۆکی کرێکارەکان پرسی، پێکەنی و گوتی: "یەکێکمان شتێکی خۆش بوێت؛ بە دەستی خۆی دروستی دەکات، کاتێکیش مرۆڤ بە دەستی خۆی دروست دەکات؛ زیاتر دروست دەکات"، نازانم ئەم بەسەرهاتە چەندە ڕاستە، بەڵام ئەوە دەزانم تەلاری خەلیفە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ وەک بەرزترین دەستکردی مرۆڤ دەمێنێتەوە، هەتا ڕۆژی کۆتایی کەس بەرزیی ڕاستەقینەی تەلارەکەی نەدەزانی، نادیاری پێداگرمان دەکات لە داواکردنی شتەکان، نەک لەبەرەوەی جوانن، بەڵکو لەبەرەوەی هیوا وایە جوان بن.

ئەو خەونەی لێک دەدرێتەوە بەدی نایەت، بۆ بەدیهێنانی خەونەکەت؛ پێویست ناکات لێی بگەیت، هێندە بەسە بڕوای پێ بکەیت؛ تاوەکو پێی بگەیت، سەرۆکی کرێکارەکان وەهای دەگوت، خەڵکی دوبەی پێیان وایە؛ ئەگەر ویستت شتێک بنیاد بنێیت؛ سەرەتا پێویستە خەونی پێوە ببینیت.

# سەربوردەی شۆستەکان

چاوەڕوانیی سەر شۆستەیەکی کۆن: بە خەڵکی و هەستەکان جەنجاڵ بێت، لەسەر ڕووەکەیدا جێپێی ڕێبواران و باڵداران ئاوێزان بێت: تام و چێژێکی تر دەبەخشێت، وای بۆ دەچم هەندێک لە شارەکان تەنیا لەپێناو شۆستەکانیاندا دروست کراون، شۆستە پەناگەیەکە: مرۆڤ لەدەست ئاستەنگەکانی ژیان و سەنگایی بەرپرسیارێتییەکان هانای بۆ دەبات.

لەو شارانە شۆستەکان بە خواستەکان دەڕازێنەوە، کەشیان بە بۆن و بەرامەی ئەو قاوانە پرژاوە: کە لەگەڵ یەکەمین و دوایین هێڵی خۆرەتاودا پێشکەش دەکرێن: لەژێر سێبەری ئەو لقوپۆپانەی بۆنی ژیانیان لێ دێت، یەکێک لە قەشەنگترین هەستەکانی هۆشمان دەڕفێنن: دەمی ئاوێتەبوونی بەرامەی قاوەی بەیانییان و بۆنی گەڵا شەونمدارەکانە بە بارانی شەوی ڕابردوو.

شۆستەکان بەسەرهاتانێکیان هەیە: چاوەڕێی گێڕانەوەن، سەربوردەی سواڵکەران، چیرۆکی شەیدایان، ڕۆمانە مەزنەکان شۆستەیەکیان هەر دەبێت تێدا بێت: ڕووداوی گەورەی تێدا ڕووی دابێت، هەمەچەشن لەنێوان دیدار و دابڕان، لەنێوان بۆمب باران و پشکووتنی گوڵان.

شۆستەکان لای چاوەڕوانان شوێنێکی تایبەتیان هەیە، چاوەڕوانیی خۆشەویستان شۆستەکانیش دەکاتە خۆشەویستانێکی تر، هەتا لێیان دانەبڕێین: نرخیان نازانین، زۆر یادگاری لەبیر دەکەین، وەلێ ئەو شۆستانە نا ڕۆژێک لە ڕۆژان لەگەڵ خۆشەویستانماندا کۆیان کردووینەتەوە، بیر لە شارێک بکەوە شۆستەی تێدا نەبێت، ئای لە سادەیی چاوەڕوانی ئەوکات!

ئای لە تەنگیی ئەو شوێنە!

شۆستەی بەندەران شانۆیەکی ژیانن، حەمباڵان پاڵەوانە بەزیوەکانن، زۆربەی کاتیش کاپتنی کەشتییەکان؛ زۆردارەکان، تاکە جەماوەری سەر شۆستەی بەندەرەکانیش؛ کەشتییەکانن، بەڵام نە دەزانن بگرین و نە دەشزانن چەپڵە لێ بدەن، وەلێ دەزانن چۆن ژەنگ هەڵبهێنن و چۆنیش بقلیشێن.

بارەبەرێکی هەژارم بینی لە بەندەرێکدا لەناو زبڵدانەکاندا خەریکی گەڕان بوو، وەستام و ویستم هەندێک پارەی بدەمێ؛ ڕەتی کردەوە، کاتێک لێم پرسی بۆچی؛ پێمی گوت کاپتنی کەشتییە دارینە ڕزیوەکەی لێیەوە هاتووە؛ ناهێڵێت هیچ یەک لە تاکەکانی دەستەکەی بەخشین وەربگرن، پرسیم: "مادەم بۆچی هێندەتان ناداتێ؛ حەوجەی کەس نەبن؟"، گوتی: "تا هەمیشە چاومان لە دەستی ئەو بێت"، ئەگەر بۆ شانۆنووسێک ڕەخسابا ماوەیەک لەسەر ئەو شۆستەیە بەسەر ببات؛ شانۆنامەی ناسۆریی وای دەنووسی؛ ڕەنگە کارەکانی شکسپیریشی تێپەڕاندبا.

کاتی گەشت؛ شۆستە دەبێتە پەڕەیەکی بەفرین و بە هەنگاوەکانمان ئەوەی خوازیارینە لەسەری دەنووسین، جا پاش ساڵێک دەگەڕێینەوە؛ تا لەسەر هەمان شۆستەدا بنووسینەوە، نەک بۆ ئەوەی خەونەکان بەدی بێن؛ بەڵکو هەتا ڕەنگیان تێک نەچێت، خەڵکی وا گومان دەبەن بەردی شۆستەکان لە یەکتری دەچن، وەلێ وا نین، وەک مۆری پەنجەکان وان، لە نەزانیمانەوەیە وای بۆ دەچین وەک یەکن، جیاوازیی نێوان پەنجەمۆرەکان و بەردی شۆستەکان تەنیا لە شێوەدا نییە، بەڵکو لە قورسایی ئەو ئازارانەشدایە؛ کە چەندین ساڵە ئارامیان لەسەر گرتووە، شۆستەکان

زمانلووسی نازانن، لە هەمان کاتدا قسەش نازانن، بۆیە نزیکترین شتن لە خەونەکان، زۆرمان خۆش دەوێن؛ وەلێ نازانین بۆ کەسانی تر گوزارشتیان لێ بکەین.

هەندێک شۆستە چەندە لە مێشکی ڕەشبینان دەچن، ڕەش و سپی زیاتر هیچی تر نایانپۆشن، هێندە بەسە سەریان بەرز بکەنەوە؛ تا ئەو ڕەنگە قەشەنگانە ببینن؛ کە ژیانی دەوریانیان ڕازاندۆتەوە، وەلێ کارێکی وا لەبیر دەکەن، خوازیارم دەسەڵاتی بۆیەکردنی ئەو شۆستانە بە دەستی من بایە، فڵچەم دەخستە دەستی هەموو ڕێبوارێکەوە و هەڵبژاردنی ڕەنگەکانم بۆ ئەوان جێ دەهێشت.

شۆستەکان ناسنامەی شاران و پێوەرێکی شارستانیی دانیشتووانیانن، شارە شۆستەدارەکان گەلێکم دڵ دەفڕێنن، ئەوانەی هێندەی بەکارهێنانی بیرت؛ پێت دەڵێن پێکانت بەکار بهێنە، شۆستەکان چەندە بۆ ڕۆیشتن و بیرکردنەوە دەمانوروژێنن! ئەو شارانەی لە پێ بەکارهێنان و بیرکردنەوە بێبەشت دەکەن؛ خراپترینن.

لە شارە شۆستەدارەکاندا؛ شۆستە بەکار دەهێنرێت لەوەی دەرفەت بدەنە خەڵکی ڕابمێنن، هەل دەدەنە خەڵکی وەرزش بکەن، هەلێکیش بۆ بەتاڵی، ئەگەر سەر لە یەکێک لە شارە ژاپۆنی و فەڕەنسی و ئیتاڵییەکان بدەیت؛ دەبینی زیاتر لە شەقامەکان بایەخ بە شۆستەکان دەدەن، چونکە شۆستە بۆ مرۆڤە و شەقام بۆ ئامێر.

زۆرینەی شارە عەرەبییەکان تەنگ دیارن، چونکە خەریکە لە شۆستە بێبەش بن، ئەوانەشی هەیانە؛ ئارامیت بۆ ڕۆیشتن نادەنێ، یان ئەوەتە میندارە بە چاڵێکی زێراب خاوێنکردنەوە و دانەپۆشراوە، یانیش ئەوەتە

هێندە تەنگ و کورتە؛ هەر دەڵێیت منداڵێکە نەشونمای تەواو نەبووە، ئەو شارانە چەندە خراپن کە ڕێزی کەسانێک ناگرن؛ دەیانەوێت لە شوێنی پێنگاوەکانی پیادەدا بە شەقامەکاندا تێپەڕن! ئەوەی بە شەقامێکی شارێکی عەرەبیدا تێدەپەڕێت؛ وەک کەسێکە بە بەلەمی ڕاوێ زەریای ئەتڵەسی تێپەڕێنێت.

شۆستەکان چرچولۆچی شارەکانن، هەر چەندی زیاتر برژێن؛ زیاتر پیرییان بەسەردا دەهێنن، هێندە بەس نییە هەموو چەند ساڵ جارێک ڕووکەشی شۆستەکانمان چاک بکەینەوە، بەڵکو جوانکاریی زۆر زیاترمان پێویستە؛ هەتا دیمەنی شارەکانمانیان پێ بگەڕێنینەوە.

ئای لە ئەمەک و وەفای شۆستەکان! مرۆڤ تفیان لەسەر ڕوو دەکات و پاشماوەیان لەسەر فڕێ دەدات؛ کەچی ئەو کاتەی دڵتەنگی تەنگ بە مرۆڤ هەڵدەچنێت و خۆی بەرگەی خۆی پێ ناگیرێت؛ هەر بەردەوامن لەوەی مرۆڤ بگرنە خۆیان، هەموو مرۆڤێک لەگەڵ شۆستەیەکدا بەسەرهاتێک و پەیوەندییەکی بوونیی هەیە؛ تەنیا کاتی تەنیا مانەوە بۆی دەردەکەوێت، یان دەمی گەیشتنە کۆتایی تەمەن.

کاتێک پیری بەسەری دادایت و نەتتوانی چیدی یادەوەرییە جوانەکان بەبیر خۆت بهێنیتەوە، کاتێک لەبیرت کرد تێنووسی یادەوەرییەکانت لە کوێدا داناوە؛ لە یەکێک بخوازە بتباتە سەر شۆستەیەک، شۆستەکان نە لەبیر دەکەن و نە درۆ دەکەن، یەکێک لێمی پرسی: "شۆستە ڕاستییە؟"، گوتم: "بگرە دەکرێت ڕاستی شۆستە بێت".

# ئاوڕێژگە

لە تاریکترین کاتژمێرەکانی شەو هەڵدەستێتەوە؛ ئەوانەی تەنیا کەمێک پێش سپێدە دەکەون، چونکە حەز دەکات هەموو بەیانییەک پەڕجووی سەرکەوتنی ڕۆشنایی بەسەر تاریکاییدا ببینێت، خۆر لەگەڵ نزاکانی ئەودا خەبەری دەبێتەوە و باوەڕ چەشنی گوڵ و گوڵزار ئاسمان گوڵاوپرژێن دەکات، دەنگی وتەکانی قورئانی لێوە دێت و ڕۆژ لەنێوان پەنجەکانیدا خێرا تێدەپەڕێت.

لەسەر هەستاندنەوەی خۆر ڕاهاتووە؛ تاوەکو لە تیشکەکانی داوانێک بچنێت؛ بە ئومێدی ڕاوێکی بەفەڕ پێکەوە بەسترابنەوە، پێی گرنگ نییە ڕاوەکە زۆر بێت یان کەم، بەڵکو بەسی بێت، شتە جوانەکان چەندی زیاد بکەن؛ کەم دەکەن، بە کڕی و شادمانییەوە بەرەو قەراغ ئاوڕێژگەکە دەچێت، ڕۆژانە کە دەچێتەوە سەر ئەو کارەی؛ دەریا دەبووژێنێتەوە، هەر وەکو بە منداڵەکانی خۆی دەگوت؛ ئەوە ئەدەبێکی هەڵسوکەوتە لەگەڵ دەریا، داوەکانی لەسەر کەناراوەکە ڕادەیەخێت و پاشان پێکانی ژێراو دەخات؛ تا کەمێک تەڕ بن و لەگەڵ ئاوە نوێکەدا هەڵبکەن.

پێی وایە پەیوەندییەکەی لەگەڵ دەریادا لە پەیوەندییەکەی دەچێت لەگەڵ چارەنووس، دەبێت زیاتر باوەڕی پێ بکات وەک لەوەی متمانەی پێ بکات، تاوەکو لێشی بگات؛ دەبێت هەموو ڕۆژێک قسەی لەگەڵ بکات، دوای ئەوەی سڵاوی لێ کرد و ئەو دەمەی لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی ئاو قاچەکانی قیچقیچ نوقمی ئاو دەبوون؛ ڕاوچییەکە خواستەکانی خۆی بە دەریاکە دەگوت، هەرگیز لەبیری نەدەکرد پێی بڵێت ڕازییە بەوەی لە ڕۆژی

بۆی نووسراوە، ڕاوچییەکان هەر چەندی دەیانبینی خەریکی ئەو کارەیە؛ بە شێت ناویان دەبرد، پێیانی دەگوت: لە ژیاندا هەر شتە و زمانێکی هەیە، تەنانەت بێگیانەکانیش، هەتاکو لە زمانی یەکتریش بگەین؛ دەبێت ئەوی دیکە پەسند بکەین؛ ئەگەرچی خۆشیشمان نەوێت.

ڕاوچییەکە مۆڵەتی لە دەریا خواست تۆڕەکەی فڕێ بدات، نزا و وێردی بەیانییان و هەندێک قورئانی خوێندەوە، پاشان لە جووڵەیەکی نیمچە بازنەییدا داوە ڕزیوەکانی بەرز هەڵفڕێ دا؛ کە لاشەی پڕ لە قڵێشی تەمەن و وشکیی گێژەڵووکەکانی لێی ڕاهاتبوو، ئاو نیوەی جەستەی گرتەوە، شەپۆڵەکان دەستیان کردە بەسەر دادانی تۆزتۆز، بەڵام لە شوێنی خۆیدا مایەوە، چەشنی کۆڵەگەی ئەو کەشتییەی لەگەڵ هەوادا سەما دەکات؛ تا تێک نەشکێت، وەلێ زۆر نا؛ نەبادا گەمیەکە سەرەوبن بکات، دەزانێت ڕاوچیی کارزان لە شەپۆڵەکان وریا دەبێت، وەلێ لێیان ناترسێت.

لەسەر تەنیشتێکی ئاوڕێژگەکەی دوبەی وەستا؛ کە شارەکە دوولەت دەکات، تەماشای دەوروبەری خۆی کرد؛ سەرنجی دا ژمارەی کەشتییە دارینەکان زیادیان کردووە لەسەر شۆستەی ئەو بەندەرە بچووکەی شتومەکە پێویستەکانی شارەکە دابین دەکات، پێشووتر هەرگیز سەرنجی نەدابوو قەبارەی کەشتییەکانیش دەستیان بە گەورەبوون کردووە، بەری چەند ساڵێک ئاوی ئاوڕێژگەکە زۆر نزم بوو، هەتا ڕاددەیەک کاتێک ئاو دادەکشایەوە؛ خەڵکی بەپێیان پێیدا تێدەپەڕین، کەشتییەکان دەبووایە چاوەڕێی بەرزبوونەوەی بکەن؛ هەتا لێی دەربچن یان بچنە ناوییەوە.

ڕۆژێک لە ڕۆژان؛ فەرمانڕەوای پێشووی دوبەی؛ شێخ ڕاشد سەعیدی ئالی مەکتووم؛ گەیشتە ئەوەی ئەو ئاوڕێژگەیەیە کە ژیان بە شارەکەی

دەبەخشێت، ڕاوێژی بە کاربەدەستانی شارە بچووکەکەی ئەوکات کرد؛ فراونی بکەن و هەڵیبکەنن؛ تا جووڵەی کەشتییەکان ئاسان بێت، دوای چەند ساڵێکی کەم ئاوڕێژگەکە بووە ئاراستەیەکی سەرەکیی ئەو کەشتییە بازرگانییانەی ئاوی کەنداوی عەرەبییان دەبڕی و دوبەی بوو بە ناوەندی بازرگانیی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین، لەگەڵ فراوانبوونی ئاوڕێژگەکەدا؛ ئاسۆی مرۆڤیش لەو شارەدا فراون بوو، توانی لەوی دیکە بگات و ڕێزی بگرێت و تەنیا لەبەر مرۆڤبوون خۆشی بوێت.

ڕاوچییەکە هەستی کرد تۆڕەکەی دەستی دەجووڵێتەوە و ماسییەکان پێوەی بوونە خێراتر لەوەی چاوەڕێی دەکرد، هەر چەندی ئاو قووڵتر بایەوە؛ زیاتر ماسی دەردەکەوتن، تۆڕەکەی هەڵکێشایەوە؛ بینی زیاتر لە پێویستیی خۆی لە ماسی پڕ بووە، بڕیاری دا ئەوەندەی بۆ ئەو ڕۆژە بەسیەتی بیهێڵێتەوە و بەشێکیشی لە بازاڕ بفرۆشێت و ئەوەکانی تر فڕێ بداتەوە ئاوەکە، یەکێک لە ڕاوچییە وەستاوەکانی تەنیشتی لە هۆکارەکەی پرسی؛ گوتی:

- پێویستم بە زیاتر لەم ماسییانە نییە.

- بۆچی ئەوەکانی تریش بۆ خۆت ناهێڵیتەوە یان بیانفرۆشیت و چەند ڕۆژێک لە ڕاوکردن بحەسێیتەوە؟

- چونکە ڕاوچیی تر لێرە هەن، وەک من ماسییان پێویستە.

- بەڵام دەریا هێندە ماسیی تێدایە بەشی هەمووان بکات!

- دەزانم، بۆیە هێندەی پێویستمە گێڕامەوە.

تۆڕەکەی تەواو هەڵکێشایەوە، خۆی بۆ ڕۆشتنەوە پێچایەوە و پێش ئەوەی ئەوێ بەجێ بهێڵێت؛ ڕووی کردە هاوڕێکەی و پێی گوت:

- شتێکی تریش هەیە.

- چییە؟

- چاوت لەم هەموو کەشتییەیە؟ دەزانی بۆچی هەموو ڕۆژێک ژمارەیان زیاد دەکات؟

- چونکە ئاوڕێژگەکە قووڵتر بۆتەوە.

- نەء، لەبەر ئەوەیە خەڵکی بەیانییان دێنە کن شۆستەی بەندەرەکە، ئەو ڕۆژەی دەوەستین لەوەی بۆ کارکردن لە ماڵەوە دەربچین؛ تێیدا لە ژیان دەوەستین.

# هەموو بەیانییەکـــ

هەموو بەیانییان دەڵێمە خۆم: کەوتن یەکەمین هەنگاوی سەرکەوتنە، تەنیا ئەوەی بەرز دەبێتەوە دەکەوێت، تەنیا ئەوەی لە ڕێگە بەردەوامە شکست دەهێنێت، لە شوێن خۆ وەستاوان چەندە چارەڕەشن! پەی بە جوانیی دیمەنەکە نابەن لە سەرەوەڕا، ئۆکسجینی پەرش و بڵاوی ژیانی سەر دوو لاکەی ڕێگەکە هەڵنامژن، ئەوەی لە شوێنی خۆیدا دەوەستێت؛ لەگەڵ دەستهەڵگرتن دەمرێت.

کە بەیانییان هەڵدەستمەوە و ترسم بەبەردا دێت؛ دڵنیا دەبمەوە کارێکی گرنگ ئەنجام دەدەم، چونکە تەنیا سەرکەشان دەترسن، ئەوانەی لەماڵەوە لێی پاڵ دەکەون؛ شتێکیان نییە جێی ترس بێت، بگرە شایەنی ژیان بێت، لە دەمی نەبوونی ترسدا بوێرییەک لە ئارادا نییە، بەڵکو بوێری توانستی گۆڕینی ترسە بۆ جۆش و خرۆشی سەرکەوتن.

کە بەیانییان شکست دەخۆم؛ هەست دەکەم پابەندم بە هەوڵدانەوە، تەنیا هەر ئەوەندەی لەسەر ڕێگەی ڕاستدا بڕۆین: شکستهێنان دەبێتە وێستگەیەکی سەرکەوتن، شکست داوی ڕەشە و سەرکەوتن داوی سپی، تێهەڵکێشکردنیان پۆشاکێگی قەشەنگ دەردەچوێنێت، یان مەدالیایەک لەبەردەم خەڵکی شانازیی پێوە دەکەین، دەمژمێرێک بەختەوەری هاوشانی چەندین ساڵ دڵتەنگی و نیگەرانییە، لەگەڵ هەر هەڵوەشانەوەیەک؛ دەرفەتێکی تری چنینەوە دێتە ئارا، لەگەڵ هەر کۆتاییەک: خولیای سەرەتایەکی نوێ لە ناخماندا دەڕوێتەوە، ڕێک وەکو هەستی دوای گریان، بۆ باوەڕکردن بەم ڕاستییە بڕوانە مێژوو.

ئەگەر سپێدە سەرەتایەکی نوێیە؛ بۆچی لە کۆتاییەکان دەترسین؟ ئایە کۆتاییش تەنیا دەستپێکێکی دیکە نییە؟ وەڵێ تەنیا دەبەخشرێتە شایەنان، ئەوانەی لە خەو پێوە بینینی بەردەوام دەبن، ناتوانیت گەڵاڵەی دەستپێک دابڕێژیت، چونکە لەخۆوە دێت، لە ناکاوێک وەک لێزمەیەک دادەبارێتە ناو ژیانتەوە، ئەوکات دوو هەڵبژاردنت لەپێشە: یان ئەوەتە ڕادەکەیت و لەژێر چەتری ئەستەمێکدا لەپاڵ ترسنۆکەکانی تردا خۆت حەشار دەدەیت و بە سەیرکردنی ئەو ڕێبوارانەی گەرموگوڕیی خەونەکانیان سەرقاڵی کردوون؛ کۆتاییت پێ دێت، یان ئەوەتە لەگەڵیدا دەسازێیت و چێژ لە لێزمەکانی دەبینی، وەک ئەسپێک پێشبڕکێی تەواو کردبێت و پاککردنەوەی گەرەک بێت، ئەوانەی لە دەستپێکەکان دەترسن؛ چێژ لەو شادییە نابینن؛ کە ژیان دەیرێژێتە سەر ئەوانەی هێڵی کۆتایی دەبڕن.

هەموو بەیانییەک بڕیار دەدەم پیلان بۆ ئەو ڕۆژە دانەنێم، ئێستاکە لە خۆت بپرسە: لەو دەمەیڕا دەستت بە پیلان دانان کردووە بۆ ژیانت؛ چەند جار ڕێک وەکو ئەوەی پیلانت بۆ داڕشتووە شتەکان ڕۆیشتوونەتە ڕێوە؟ ئەوانەی زۆر باوەڕ بە پیلانەکان دەکەن؛ باوەڕ بەو سەپێنراوییە مێژووییە ناکەن کە "هیگڵ"ی فەیلەسووفی ئەڵمانی لەمیانەیدا دەڵێت: "مێژوو کردارێکی دوور و درێژی ئەندازە بۆ کێشراوە، هەموو لایەک شوێن و بەهانەکانی خۆی تێدا وەردەگرێت".

هیگڵ بیروبڕوای وا بووە هەموو سەردەمێک گیانێکی هەیە دەست بەسەر تاکەکانیدا دەگرێت، لەپێناو بەرژوەندیی تایبەتی خۆی بەکاریان دەهێنێت، لەپێناو بەدیهاتنی سەرکەوتنگەلێک؛ هەر دەبێت لە کاتی ئەودا دەرکەون، بەبێ گوێدانە ویستی ئەو تاکە پاڵەوانانەی مێژوو؛ کە لەو

قۆناغەدا دەژین، قسەکانی کۆتایی پێ دێنێت: "بەر لەوەی ڕۆڵ و خەباتی ئەو کەسایەتییانە تەواو بێت لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە گەردوونییەکانی گیانی ئەو سەردەمە؛ لە شانۆی مێژووودا بزر دەبن؛ بۆ ئەوەی بەختەوەریی تایبەتیان بەدی بێت"، بەختەوەریی تایبەت هیگڵی دۆست؛ ئەو شادییەیە کە بێمەرجانە دێتە لامان.

هەموو بەیانییەک بڕیار دەدەم هێندەی دەتوانم سەرپێییانە هەنگاو بنێم، هیچ شتێک لە مرۆڤ جوانتر نییە کاتێک لەسەر خۆڕسکی خۆیەتی، پاک و بێگەرد لە هەموو دەستکردێک، خاڵی لە هەموو مێژووێکی نووسراو، لە هەموو پۆشاکێکی نمایش، سەرپێیی ژیان هێڵی جیاکەرەوەی نێوان ئازادی و کۆیلایەتییە، لوتکەیەکە لێیەوە دەڕوانینە کێڵگەکانی هەستە ڕاستگۆکان، ئەوانەی بە کاری بارانی ئەوین و سادەیی ڕواون، شارستانیەت چاکەی ئاودان و پێگەیاندنی بەسەریانەوە نییە.

هەموو بەیانییەک پەیمان دەدەمە خۆم؛ تووڕە نەبم، بڕیار لەسەر خەڵکی نەدەم، خۆ لە کاروباریان وەرنەدەم، تووڕەبوون بۆگەنبوونی ڕەوشتە، ئەو دۆزەخەیە کە هەموو ئەوەی لە بارەی ئەوین و لێبوردەییەوە فێری بووین؛ لووش دەداتە ناوەوەی خۆی، بڕیاردانیش لەسەر خەڵکی؛ دەرمان دەرخواردانە خودی خۆمانە لە ڕێی نووساندنی هەڵبەستە و شکستەکانی خۆمان بە کەسانی ترەوە، بڕیاردان لەسەر خەڵکی یان ئەوەتە یانی زاناتر و تێگەیشتووتر و داناتر و باوەڕدارتر و پاکتر و بێتاوانتر و سپاردەپارێزتر و ڕاستگۆتری لەوان، یا ئەوەتە یانی تا ئاستێک لاواز و نەزانیت؛ باوەڕت وایە لەپاشەملە باسکردنیان لە تۆ نزمتریان دەکاتەوە، بەیانییان بڕیار دەدەم خۆم هەڵنەقورتێنم لە کاروباری خەڵکی، تاوەکو بە

تووشبوونیان دڵخۆش نەبم و مرۆڤایەتیی خۆم و ڕێزی خۆم نەدۆڕێنم، تا ئیرەیی بە سەرکەوتنەکانیان نەبەم و هەموو بەیانییەک لە هەستانەوەم پێیانەوە سەرقاڵ نەبم.

هەموو بەیانییەک بەڵێن دەدەمە خۆم: کاتی خۆشی دڵخۆش بم، کاتی تەنگی دڵتەنگ بم، سۆز نەهاوێمە ناو مێشکمەوە و مێشکم لە سۆز دانەماڵم، جڵەوی دەروونم ئازاد بکەم؛ ببێتە پارچەیەکی ڕەسەنی ئەم گەردوونە فراونە، لە گەردوونی باوەڕدا گوم ببێت، بێسنوور لەگەڵ نهێنییەکانی بووندا تێکەڵ ببێت، باوەڕ بکات، بخەڵەتێنرێت، بدرکێت، تا هەوڵ بدات و بدۆزێتەوە، هەموو ئەوەی لەم ژیانەدا پێی هەڵدەستین؛ هەوڵی هیوابەرزی و پڕهەستین، تا هەموو بەیانییەک لە هەموو بەیانییەک جوانتر بکەین.

# دوا پەیڤ

مرۆڤ زۆر هیوابڕاو دەبێت، بە داڕووخانەکانیدا ڕۆ دەچێت، نیگەرانی بارودۆخی خۆی دەبێت، ئینجا دەیکاتە شیوەن و ڕۆڕۆ و هێشتا لە ژیاندایە، خەریکە زریانی خەمێکی کوشندە مرۆڤایەتی هەڵبلووشێت، وێڕای هۆکارەکانی کات بەسەربردن و کەیفخۆشی و هەمەجۆریی زانستەکان و زانیارییەکان و ئاسان گەیشتن پێیان؛ دەروونەکان هێشتاکە تێکشکاون، خوێنتێزاون، ناشزانن بۆچی و هەتا کەی.

زۆر بە دوای چەمکی بەختەوەریدا گەڕاوم، گەیشتمە ئەوەی نە شتێکە پێی بگەین و نە وێستگەیەکی ڕێگەشە، بەڵکو خۆی خودی گەشتەکەیە، توانستی ئێمەیە بۆ سازدانی جیهانی تایبەت بە خۆمان، کە شەمەندەفەر دەچێتە توونێڵێکی تاریکەوە؛ بیر دەکەینەوە کەی دەردەچێتەوە، چی لە کۆتاییەکەیدا هەیە.. وەڵامەکان هەر چییەک بن؛ هەر چییەک لە دوای توونێڵێکەوە دێت؛ بێگومان جوانە.

"دەگێڕنەوە" ڕستەیەکی زۆر سەیرە، پەنجەرەکانی گەردوون دەکاتەوە، دەمانباتە جیهانێکی سەرسوڕهێن، سەرنجڕاکێش، خەیاڵی تێدا وەک ڕۆشنایی لێ دێت، گەمارۆی هەموو شوێنێک دەدات، بۆ دوا جار خوازیارم ئەم چیرۆکە بخوێنیتەوە:

دەگێڕنەوە پیاوێک چۆلەکەیەک دەگرێت و لە قەفەسێکدا بەندی دەکات، چۆلەکەکە بە کابرا دەڵێت: "گەورەم، گۆشتی من لەچاو گۆشتی چێڵ و مەڕان چ کەڵکێکی هەیە؟ هیچ سوودێکی نییە! ئازادم بکە و بۆ ژیانێکی باشتر سێ ئامۆژگاریت دەکەم، بەو مەرجەی کاتێک ئامۆژگاریی

یەکەمت پێ دەڵێم لەناو چنگت بم، لە دووەمیان لەسەر ئەو پەرژینە بم و لە سێیەمیشیان لەسەر ئەو درەختە"، کابرا پەسندی دەکات و دەیخاتە ناو دەستی خۆیەوە، چۆلەکەکە پێی دەڵێت: "ئامۆژگاریی یەکەم؛ هەرگیز بە ئەستەم بڕوا مەکە"، ئینجا ئازادی دەکات و دەفڕێتە سەر پەرژینەکە، دەڵێت: "ئامۆژگاریی دووەم؛ هەرگیز پەشیمان مەبەوە لەوەی دەڕوات"، کە دەنیشێتە سەر درەختەکە؛ دەیەوێت کابرا تاقی بکاتەوە، پێی دەڵێت: "لە سکمدا گەوهەرێکی گرانبەها هەیە، ئەگەر لەتت کردبام و دەرتهێنابایە؛ بەخت یاوەرت دەبوو، زەنگین دەبوویت!"، کابرا ئاخ دەکێشێت، خەم بەبەر خۆیدا دەهێنێت و دەست بە سەرزەنشتیی خۆی دەکات.

ئینجا دەڵێت: "کوا ئامۆژگاریی سێیەمم پێ بڵێ"، وەڵامی دەداتەوە: "پێم نەگوتی هەرگیز باوەڕ بە ئەستەم مەکە؟ چۆن بڕوات هێنا گەوهەر لەناو سکم هەیە؟ هەروەها ئامۆژگاریم کردی خەفەت لە ڕۆیشتوو نەخۆیت، کەچی لە داخان جلی خۆتت هەڵدڕی! پێم ناڵێیت ئامۆژگاریی سێیەم چ سوودێکی بۆت دەبێت؟".

# فەرهەنگۆک

| | |
|---|---|
| **بیرگەری** | عەقڵانیەت |
| **بەیداغ** | ئاڵا |
| **پرسا** | بەپرسیار |
| **پیتۆڵ** | زۆر شارەزا |
| **پێشخوان** | موقەببیلات |
| **پێنگاو** | هەنگاو، شەقاو |
| **پەڕجوو** | موعجیزە |
| **تەختەکلیل** | کیبۆرد |
| **تەما** | نیاز |
| **تەنی** | نیشتووی دووکەڵ |
| **تەوێڵ** | نێوچەوان |
| **حەوجە** | ئاتاج، موحتاج |
| **دانست** | دانایی |
| **دنیابڕ** | جیهانی |
| **ڕووگە** | قیبلە |
| **ڕووگەنوێن** | قیبلەنما |
| **زەبوون** | داماو، لاواز |
| **سەرچڵ** | سەرکەش |
| **شازگەری** | ئایدیالیزم |
| **شیر** | شمشێر |
| **کەژاوە** | ژووری سەر وشتر |
| **گەمیە** | کەشتی |
| **میری** | حکوومی |
| **ناوین** | ناوەڕاست |
| **نێزە** | ڕم |
| **نیگا** | ئیلهام |
| **وێژەوان** | ئەدیب |
| **ئازا** | هاوتەمەن |
| **ئاوڕێژگە** | داچوونی ناو دەریا |
| **ئۆیە** | نەخشی پۆشاک |
| **ئیختیار** | پیر |